

بەڕاست! قەت بیرت لەوە کردووەتەوە ئەمە چ بەرپرسیارییەکی گەورەیە، بیرت لەوە کردووەتەوە چی دەکەیت؟ قەت لە خۆت پرسیوە، لە بەردەم گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی داهاتوودا، لە بەردەم سروشتدا، لە بەردەم دەستکەوتە مەزنەکانی مرۆڤایەتیدا، چەند بەرپرسیاریت و تا چ ڕادەیەک ڕاست یا هەڵە بیر دەکەیتەوە؟

گوێ بگرە پیاوی بچووک – ولیام رایش

# ژماره ٩
# هاوینی ٢٠١٢

گۆڤارێکی ئەدەبی، هزری، رەخنەیی، رۆشنبیری گشتییە. بایەخ بەبواری ئەدەبی (وتار، لێکۆڵینەوە، رەخنە، دەق) و بواری فەلسەفی و بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان و رۆشنبیری گشتی دەدات. زمان و وەرگێران لە بابەتە گرینگ پێدراوەکانی گۆڤارن.

**خاوەن ئیمتیاز**
**سیروان عەبدولکەریم عەلی**

**سەرنووسەر**
**گۆران رەسووڵ**

**بەڕێوەبەری نووسین**
**دانا ئەحمەد محەمەد**

**نەخشەسازی بەرگ و دیزایین**
**هێمن خدر**
Hemn89@gmail.com

**گۆڤاری ٢٣ تەنیا بەرپرسیارییەتی ئەو بابەتانە لە ئەستۆ دەگرێ کە لۆگۆی گۆڤارەکەی لەگەڵە. ئەوانی تر بۆچوونی نووسەرەکانن و خۆیان بەرپرسیارییەتی هەڵدەگرن.**

**پەیوەندی :**
**مۆبایل:** ٠٧٥٠٤٥٢٤٤٤٣
**ئیمەیل:** govar23@yahoo.com

**دابەشکردن و بڵاوکردنەوەی: کۆمپانیای بڵاڤ پەیک**

BLAV PAYK

# پێرست


| | |
|---|---|
| ئەركی خوێنەر........................................ سەرنووسەر | ٥ |
| **وتار و لێكۆڵینەوە:** | |
| كۆنفیوشەس..................................... د. سەلاح بابان | ٩ |
| گەشتێكی شیعری لە ڕۆمانی (كەشتی فریشتەكان)ی بەختیارعەلی.............. | |
| ......................................................... ڕزگار عەلی | ١٥ |
| دەستپێكێكی ڕووخێنەر لە شیعردا...........................سۆران ئازاد | ٢٩ |
| **تەوەری تایبەت بە وەرگێران:** | |
| بەكر شوانی................................................................ | ٤٧ |
| كەریم تاقانە............................................................... | ٥٣ |
| **دەق و خوێندەوە:** | |
| منیش هەم.......................................... بەڕێز تاسان | ٥٩ |
| لە باخ، فێری كەم وتن بووم.............. زیاد نادر عالّلایی | ٦٣ |
| عەشق لەدیو شووشەی پەنجەرەكەوە.......... كۆچەر ئەبوبەكر | ٦٥ |
| خۆر ئابلۆقەدراوە.................................. هێرش یاسین | ٦٧ |
| داماڵینی پێستە دەستكردەكان.................. ئارام شێخ وەسانی | ٧١ |
| لە نێوان دوو سێبەردا............................ فەرهاد چۆمانی | ٧٥ |
| تارمایی پیاوە كوژراوەكە....................... عومەر كەریم بەرزنجی | ٧٩ |
| هەندێك مینیماڵ...... ڕەسوڵ یۆنان .......لە فارسییەوە: جەبار سابیر | ٨٣ |
| هونەركاریی وەسف.............................. سەدیق سەعید رواندزی | ٨٩ |
| **گوتوبێژ:** | |
| گوتوبێژ لەگەڵ عـومەر جەلال............... ئا: هێمن عـوسمان عەبدوڵا | ٩٧ |
| **وەرگێران:** | |
| مایاكۆفسكی لەم چەرخەماندا...... نووسینی: نێكۆلای كالیتین......... | |
| ...................................... لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف | ١٠٩ |
| ئەدەبیات و دەستێوەردەرییەكانی ئایدۆلۆجی...... عەلیشاد لەرەبچە.... | |
| ................................ لە فارسییەوە: سەلاح سەدباری | ١١٧ |
| چاوخشانێكی خێرا بە ئەدەبی فلیپینی..................... وەرگێرانی ٢٣ | ١٢٣ |
| ئەگەر ژیان یاری بێت. ئەمە چیرۆكەكانییەتی.. لە ع: د. پەخشان سابی | ١٢٩ |



# ئەركی خوێنەر

## سەرنووسەر

خوێندنەوە خەون بینینە بە چاوی كراوەوە. خەونێك كە تەواو پێچەوانەی ئەو خەونەیە كە لە كاتی نووستندا دەیبینین، ئەمەش بەوەی كە دەزانین كەی و لە كوێ ئەم خەونە دەبینین و خۆمان جۆری ئەو خەونانە هەڵدەبژێرین. هەروەها دوای دانانی خاڵی كۆتایی و تەواوبوونمان لەو خەونە هەموو كارەكتەر و بەسەرهاتەكان بە ڕوونی و بێ پەردە دێنەوە پێش چاومان. لە پڕۆسەی خوێندنەوەدا ئەوەندەی تێڕامان و بیركردنەوەی دوای خوێندنەوە گرینگە هێندە كاتی كردەی خوێندنەوەكە گرینگ نییە. من چیم لە خوێندنەوەی ئەم كتێبەدا دەستكەوت؟ لە كوێدا منی ڕاچڵەكاند؟ چی خستە نێو هزری منەوە؟ ڕەنگە ئەو پرسیارانە و چەندی تر مەرجی دوای خوێندنەوە بن كە دەبێ خوێنەر لە خۆی بكا. زۆرێك لە كتێبفرۆش و كتێبخانەكان گوزارشت و دەربڕینی جۆراوجۆر دەربارەی خوێندنەوە لەسەر تابلۆ و دیواری شوێنەكانیان دەنووسن، یەكێك لەو دەربڕینانە كە لەسەر كتێبخانەیەكی شاری لەندەن نووسراوە ئەمەیە «كتێب داتدەگریسێنی»، ئەمە بەڵگەی ئەوەیە كە خوێنەر دەبێتە شتێكی بزاوت و ئەركی ڕاچڵەكاندن و گۆڕانی دەكەوێتە ئەستۆ، داگیرسان بە جۆرێك كە هەموو شتە كۆن و قەتیسماوەكان بسووتێنێت و بە خۆڵەمێشەكەیان نەخشەی بیرۆكەی نوێ دابڕێژێ.
ئەگەر ئەركی نووسەر وورووژاندنی باسە نوێیەكان و نیشانكردنی گرفتەكان بێت، ئەوا ئەركی خوێنەر دوو بەرانبەرە. ئەمەش بەو پێیەی كە خوێنەریش پشكێكی لەو ئەركەی نووسەر هەیە و لە هەمان كاتدا هەبوونی پەیوەندی بەردەوام و چاودێری كردنی نووسەر ئەركێكی

تری خوێنەرە. هەموو بیرکردنەوە و نووسین و داهێنانێکی نووسەر بەر لە هەموو شتێک بۆ خوێنەرە، ئەوە پاساوێکی زۆر نامەعقولانەیە کاتێک نووسەرێک دەڵێ من بۆخۆم دەنووسم، چونکە نەک هەر لە پڕۆسەی نووسیندا بەڵکو لە زۆرێک لە بوارەکانی ژیاندا بەبێ بوونی پەیوەندی «بکەر و بەکاربەر، دروستکەر و وەرگر، نووسەر و خوێنەر،....» شتەکان ڕێڕەوی بەردەوامبوون لەدەست دەدەن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بوونی وەها پەیوەندییەک، نوێخوازی و گۆڕان دێنیتە ئاراوە. ڕوانینی رۆلان بارت لەوەی کە نووسەر دەبێ بمرێ بۆ ئەوەی خوێنەر لەدایکببێ، ڕوانینێکە بۆ دووبارە لەدایکبوونەوەی نووسەر و تێکست بە جۆرێکی دی. ئەو خوێنەرەی کە بارت مەبەستییەتی و نووسەر دەمرێنێ، خوێنەرێکە ئەرک و بەرپرسیارییەتی لەسەرە. بەرپرسیارییەتی وردبینانە، کە لە ئەنجامدا ڕەخنە و بیری نوێی لێدێتە بوون. خوێنەر وەک نووسەر و ڕووناکبیر بەرپرسیارێتی ژیانی کۆمەڵایەتی و جیهانبینی تاک و کۆمەڵگەی دەکەوێتە ئەستۆ. بە جۆرێک کە دەبێ لەهەمبەر ئایدیا و تێڕوانینی نووسەردا بێتە قسە و بەگژ تێڕوانینی نێو کتێبەکاندا بچێتەوە.

**ڕوانینی رۆلان بارت لەوەی کە نووسەر دەبێ بمرێ بۆ ئەوەی خوێنەر لەدایک ببێ، ڕوانینێکە بۆ دووبارە لەدایکبوونەوەی نووسەر و تێکست بە جۆرێکی دی. ئەو خوێنەرەی کە بارت مەبەستییەتی و نووسەر دەمرێنێ، خوێنەرێکە ئەرک و بەرپرسیارییەتی لەسەرە. بەرپرسیارییەتی وردبینانە، کە لە ئەنجامدا ڕەخنە و بیری نوێی لێدێتە بوون**

لە پشت هەموو تێکستێک خوێندنەوەی تر هەیە، لە کونجی کتێبەکاندا چەمکی جۆربەجۆر خۆیان حەشارداوە، خوێنەر ئەرکی دۆزینەوەیانی دەکەوێتە سەر شان. زۆرجار خوێنەر پڕۆسەی دووبارە داهێنان یان داهێنان لەسەر داهێنان ئەنجام دەدا. ئەمەش بەوەی کە هەموو پێکهاتەکانی دەق هەڵدەوەشێنێتەوە و تێیدا هەموو ئەو کەلێنانە دەبینێ کە بەسەر نووسەردا تێپەڕیوون.

دەبێ لێرەدا بپرسین کە کۆمەڵگەی کوردی لە کوێی خوێندنەوە دایە؟ خوێنەرە وردبینەکانی ئێمە کوان؟ ئایا ئێمە تەنیا بۆ چێژ دەخوێنینەوە! یان ئەوەتا دەمانەوێ بە خوێندنەوە دونیایەکی نوێ بسازێنین؟ بەرلەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە دەبێ بزانین کە نووسەرانی ئێمە لە کوێی ئاستی پەیوەندی کردن بە خوێنەران دان؟ هاروکی موراکامی کە لە ئێستادا دیاترین نووسەری یابانییە، لە دیمانەیەکیدا دەڵێ کە ڕۆژانە نزیکەی سەد ئیمەیل دەخوێنمەوە و دە تا بیست ئیمەیلی خوێنەرانیشم وەڵام دەدەمەوە. پاولۆ کۆیلۆ ئاماژە بەوە دەدات کە ناتوانێ بەردەوامی بە پرۆسەی نووسین بدا ئەگەر بێت و لە گوتوبێژی خوێنەرانی داببڕێت. نووسەرانی جیهانی بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان کە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە پەنجەرە بۆ خوێنەراکانیان بکەنەوە، بۆچوون و ڕای خوێنەراکانیان بە هەند وەردەگرن. زۆرجاریش وا ڕێککەوتوە کە سەرنجی خوێنەرێک بووەتە هۆکار بۆ دارشتن و نووسینی تێکستێکی نوێ.



له كۆمەڵگەی ئێمەدا دابڕانێكی بەرچاو له نێوان نووسەران خوێنەران هەیه. نەبوونی ئیرادەی بەرپرسیارییەتی لای خوێنەر وای كردووه كه نووسین و كتێبەكان به ئاسانی خۆیان لەناو فەزای خوێندنەوەیەكی جێگیردا بسەپێنن. خوێنەری ئێمه ئەوەنده له هەوڵی نزیكبوونەوەی ژیانی نووسەره نیو هێنده بەلای تێكستەكەیدا ناڕوات. له دوایین بەدواداچووندا دەركەوتووه كه ڕێژەی خوێنەران بەبەراورد به دەزگا ڕاگەیاندن و بڵاوكراوه و ژمارەی چاپی كتێبەكان له سەدا یەكه. كه ئەمه مایەی نیگەرانییه. ئینجا سەرەڕای ئەو ڕێژه كەمەش خوێنەرانمان خوێنەری بێدەنگن. بێدەنگ به جۆرێك كه كۆی ئایدیای كتێبەكان به ئاسانی و بەبێ دروستكردنی پرسیار بەسەر خوێنەردا تێپەڕدەبن. هەموو ئەمانەش نووسەرگەلێكی لووتبەرزی خوڵقاندووه، كه لەم سەردەمی تەكنەلۆژیایه و مۆدێرنەدا و لەناو ئەم هەموو هۆكاره گەیاندنانەدا دەرگایەك بۆ خوێنەر ناكاتەوه كه خوێنەر به خۆی و سەرنجەكانییەوه لێی بێته ژوورەوه.

ئەگەر تەماشاكەین دەبینین كه به سەدان ڕێكخراو و سەنتەری ئافرەتان و منداڵان و چی و چی هەن، بەڵام تاكو ئێستا سەنتەرێك یان دەزگایەكی تایبەت به خوێندنەوه نییه. كه تێیدا خوێنەران لەناو خۆیدا كۆكاتەوه و گوتوبێژی بەردەوام و وۆركشپی تایبەت به كردەی خوێندنەوه و هەڵسەنگاندنی كتێبەكانی تێدا سازبكرێ. دەبێ ئاماژەیەك به هەوڵی كتێبخانەی غەزەلنووس له سلێمانی و ئەو كۆمەڵه گەنجەی له گەلەریی شانەدەر له هەولێر به هاوكاری هاوكارگروپ كۆدەبنەوه بكرێ، كه خوێنەران تێیدا ڕا و سەرنجی خۆیان دەگۆڕنەوه. بەڵام ئەمه تەنیا بەس نییه و بەڵكو له ئاست پێویستی پرۆسەی خوێندنەوه و كێشه و گرفتەكانیدا نییه. دەخوازم خوێنەری ئێمه به ئیراده و ڕوحێكی بەرپرسیارانەوه لەگەڵ پرۆسەی خوێندنەوەدا هەنگاو بنێ و ببێته بەشێك له بونیادنانی ڕەخنه بۆ بەرەوپێش چوونی كایەكانی بوون.



# کۆنفیوشەس

د. سەڵاح بابان

بە پێی گەلێک لە رۆشنبیران، کەس ئەوەندەی ئەم فەیلەسووفە مەزنەی چین، کاریگەرییەکی باشی نەبووە لەسەر مێژووی مرۆڤایەتیدا.*

کۆنفیوشەس«Confucius“»، ناوە لاتینییەکەیەتی. ناوە چینییە رەسەنەکەی «کۆنگ فو تسیK’ung Fu-Tze»یە. ساڵی ٥٥١ پێش زایین، لە چین، لە ناوچەی «لو Lu» لەدایکبووە،. ئەمە دوو هەزار و پێنجسەد ساڵ زیاترە فەلسەفە و بیروباوەڕەکانی ئەم فەیەسووفە، زەوییەکی بە پیت بووە بۆ پەروەردە کردنی کولتووری گەلی چینی و گەلەکانی تری ئەو ناوچانە؛ وەکو جاپانی، کۆری، ڤیتنامی و گەلانی تریش. باوکی کۆنفیوشەس، شوو لیانگ هەی، یەکێک لە کاربەدەستە پایە بەرزەکانی ناوچەی « لو» بووە. بگرە لە تەمەنی پیریدا بووە کە ئەو کوڕەی لە بانوویارێک بووە ١.

کۆنفیوشەس، تازە پێی خستبووە سێهەمین سالێ ژیانییەوە کە باوکی دەمرێت. جا لەبەر ئەوەی کە دایکی لە باوکی مارە نەکرابوو، نە خۆی میراتی بۆ دەمێنێتەوە نە دایکی. لەبەر ئەوە، بە منداڵی، هەژارییەکی زۆر سەختی بینیوە.

کۆنفیوشەس، هەر لە منداڵییەوە زۆر حەزی لە هونەر و خوێندنەوە و فێربوون دەکرد. بە گەنجی کە ستایشت دەکرا بۆ ئەو هەموو زانیارییەی کە هەیبووە، هەمیشە دەیگوت «هۆی ئەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ژیانە هەژارییەی کاتی منداڵیم».

لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا ژن دەهێنێت. بۆ ساڵی دوایی کوڕێکی دەبێت. دوای ئەو، دوو کچی دەبێت. لە تەمەنی بیستودوو ساڵیدا خوێندنگایەک دادەمەزرێنت٢ بۆ ئەو گەنجانەی کە ئارەزووی فێربوون دەکەن. بەتایبەتی فێربوونی ئەو پەیڕەوانەی کە

مرۆڤ دەگەیەنن بە ژیانێکی شادمان و بە سوود. لە هەموو فێرخوازەکانی ئابوونەی وەردەگرت و هەموو جۆرە یارمەتییەکی لە هەموو کەسێک وەردەگرت بۆ بەڕێوەبردنی خوێندنگاکەی. بەڵام، قەت نەیدەهێشت قوتابی ڕەنجەدەر و تەمەڵ لە خوێندنگاکەیدا بمێنێتەوە، هەرچەند زۆریش ئابوونەی بدایە.

لە ساڵی ٥١٧ پ.ز، بە هۆی یەکێک لە فێرخوازەکانی خۆیەوە، کە لە بنەماڵەیەکی دەستڕۆیشتوو و پایە بەرز دەبێت، دەچێت بۆ پایەختی مەملەکەتەکەیان و بۆی دەلوێ بچێت بۆ کتێبخانەی کۆشکی شا. لەوێدا، جگە لەوەی کە گەلێک کتێبی بەنرخ دەبینێت و زۆر دەخوێنێتەوە، هونەری «ساز و ئاواز»یش دەخوێنێت. لە هەمان کاتدا، ناسیاوی لەگەڵ «لاو تزو»دا٣١ پەیدا دەکات.



لاو تزو، یەکێک بووە لە فەیلەسووفە هەرە بەناوبانگەکانی ئەوساکەی چین.

کە دەگەڕێتەوە بۆ ناوچەی «لو»، سەیر دەکات کودەتا لە دژی میری ناوچەکەیان بەرپابووە و «میر»ەکەیان ناچار کراوە رابکات بۆ «تزئی Ts'i » ناوچەکەی تەنیشتیان. ئەو کردەوەیەی زۆر پێ ناخۆش دەبێت. خۆی و هەندێک لە فێرخوازەکانی، بۆ ئەوەی ناڕەزایی خۆیان بەرامبەر

ئەو کردەوەیە دەرببڕن، بڕیار دەدەن نەگەڕێنەوە بۆ «لو» و خۆشیان بچن بۆ ناوچەی تزئی. کە بە ڕێگاوە دەبن، ژنێک دەبینن زۆر بە تاڵییەوە بەسەر گۆڕێکدا دەگریا. کە لە ژنەکە دەپرسن بەسەر گۆڕی کێدا دەگری، ژنەکە دەڵێت؛ ئەمەیان گۆڕی کوڕکەمە، پێش چەند ڕۆژێک پڵنگ کوشتی. ئەوەشیان گۆڕی مێردەکەمە، ئەویش هەر لەم ناوچەیەدا پڵنگ کوشتی. ئەو گۆڕەی تریان، گۆڕی باوکی مێردەکەمە ئەویش هەر لەم ناوچیەدا پڵنگ کوشتی. کۆنفیوشەس، کە ئەمە دەبیستێت، زۆر سەیری لێدێت. لە ژنەکە دەپرسێت؛ خوشکم، باشە ئێوە بۆچی لە ناوچەیەکدا دەژین ئەوەندە مەترسی پڵنگی هەبێت. ژنەکە، هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێت و دەڵێت؛ ئاخر میری ئەم ناوچەیە لەوانەی تر بە ڕەحمەتترە؛ غەدرمان لێ ناکات.
کۆنفیوشەس، ڕوو دەکاتە فێرخوازەکانی و دەڵێت؛ ڕۆڵەکانم، وتەکانی ئەم ژنەتان لە بیر نەچێت؛ میری غەدار لە پڵنگی دڕندە، بەدترە.

کە دەگاتە «تزئی»، میری ئەو ناوچەیە گەلێک ڕێزی دەگرێت و موچەیەکی باشی بۆ دەبڕێتەوە. بەڵام، لە دوای ماوەیەک کە سەیر دەکات «میر»ەکە، گوێ ناداتە ئامۆژگارییەکانی، بڕیاردەدات بگەڕێتەوە بۆ «لو» . لە «لو» دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەر پیشەکەی خۆی؛ خوێندنەوەی ئەدەب و فەلسەفەی دێرینی چینی و وانە وتنەوە بە فێرخوازەکانی.
لە تەمەنی پەنجاودوو ساڵیدا، دەکرێت بە حاکمی شاری «چەنگ تو». لە ماوەیەکی کەمدا زۆر شت بەرەو باشی دەگۆڕێت. لەبەر ئەوە میری وڵاتەکە، کە برا بچکۆلەی ئەو میرە دەبێت کە کاتی خۆی رایکرد بۆ تزئی و لەوێشدا مرد، پایەیەکی بەرزی دەداتێ لە حکومەتەکەیدا و لەدوای ماوەیەک دەیکات بە وەزیری چارەسەرکردنی تاوانباری لە هەرێمەکەدا. لە دوای ماوەیەکی کەم لە «لو»، بگرە تاوانباری نامێنێت.
کۆنفیوشەس، لەو باوەڕەدا بووە کە مرۆڤ، بە جۆرێکی گشتی، دەروون پاک و دڵسۆزە؛ چاکە بۆ هەموو کەسێک دەخوازێت. ئەگەر سەرۆکی وڵاتەکە خۆی، کەسێکی دڵسۆز و دادپەروەر و ئیشکەر و دەستپاک بێت، خزمەتی گەلەکەی خۆی وەکو باوکێکی دڵسۆز بکات؛ وەزیری تێگەیشتوو و ئیشکەر و دڵسۆز هەڵدەبژێرێت بۆ حکومەتەکەی. ئەوسا گەلەکە هەست بە دادوەری و ئاشایس دەکات و وڵاتەکە پێشدەکەوێت. ئەو پێشکەوتنە دەبێت بە هۆی کەمبوونەوەی تاوانباری.

## وتە بەناوبانگەکانی کۆنفیوشەس*

- ئەو کەسەی کە دڵی ناشکێت بەوەی کە گوێی نادرێتێ و نرخی کەم دەگیرێت، ئایا مرۆڤێکی پایە بەرز نییە؟
- ئەوەی کە ناتەوێت لە خۆت بکرێت، لە کەسانی تری مەکە. بەو جۆرەی حەزدەکەیت مامەڵە بکرێیت، بەو جۆرەش مامەڵەی کەسانی تر بکە.
- ئەوەی لە رابوردوو دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت چۆن کار بۆ داهاتوو بکات، گەیشتووەتە ئەو پایەی کە شایانی بەناوی «مامۆستا» بێت.
- پیاوی پایە بەرز، مێشکی کراوەتەوە؛ لایەنگریی کەس ناکات لە دانایی خۆی بەولاوە. پیاوی پایە نزم، لایەنگرە، مێشکی نەکراوەتەوە و دانایی خۆی بەکار ناهێنێت.
- پیاوی پایە بەرز، مامەڵەی دنیا بە جۆرێک دەکات کە نە دژی هیچ بێت نە دۆستی هیچ بێت؛ دانایی خۆی ئاڕاستەی رەوای پیشان دەدات.
- رێگای خاوەنەکەمان (خوایەکەمان)، دەبێت هەر یەک ریگا بێت؛ رێگای گوێڕایەڵی لە ویژدان و چاکە خواستن بۆ هەموو کەسێک.
- پیاوی پایە بەرز، دادپەروەرە. پیاوی پایە نزم، سوودپەروەرە.
- پیاو، بە ویژدانێکی پاکەوە دێتە دنیاوە. ئەگەر پیسی بکات یان ونی بکات، ژیانی لەکیس دەچێت.
- پیاوی پایە بەرز، بیر لەوە دەکاتەوە کە دنیا خۆش بکات و لەزەتی لێ ببینێت. پیاوی پایە نزم هەر بیر لە تەمەن درێژی دەکاتەوە.
- پیاوی پایە بەرز، ئەدەبی هەموو گەلێک دەخوێنێتەوە و رێزی دەگرێت.
- ئەگەر ئێمە نەتوانین خزمەتی مرۆڤ بکەین چۆن دەتوانین خزمەتی خوا بکەین.
- تەنیا هەرە زیرەک (خوا) و هەرە بێ مێشک ناگۆڕڕێن.

---

* ئەم وتانەم لە «فەرهەنگی ئۆکسفۆرد بۆ وتەی بەناوبانگان Oxford Dictionary of Quotations» وەرگرتووە.

(١) وشەی پیاو، بە زۆر زمان، «مرۆڤ»یش دەگرێتەوە. لێرەدا کە کۆنفیوشەس، دەڵێت پیاو، مەبەستی لە مرۆڤە.




## پەراوێزەکان:

* ئەم زانیارییانەم لە ئێنسایکلۆپێدیای بەریتانیکەوە وەرگرتووە (Encyclopaedia Britannica)

(١) بانوویار؛ ژنێکی دۆست، مارە نەکراوە.

(٢) بگرە ١٥٠ ساڵ پێش ئەوەی ئیفلاتوون خوێندنگای فەلسەفە لە ئەثینا دابمەزرێنێت.

(٣) لاو تزو (Lao Tzu)؛ فەیلەسووفێکی چینییە. لە سەدەی شەشەمی پێش زایندا ژیاوە. کە کۆنفیوشەس هێشتا گەنج بووە، ئەو بگرە پیاوێکی پیر بووە. لاو تزو، بە دانەری ئایین و فەلسەفەی «تاوزم Taoism» ناسراوە. تاوزم، لە وشەی «تاو»ەوە هاتووە. جاران وایان دەزانی ئاسمان، بەو هەموو رۆژ و ئەستێرانەیەوە بە دەوری زەمیندا دەخولێتەوە. ئەو هێزەی یاخود وزە (تین، تاو، توانا) یەی کە ئاسمان بە دەوری زەمیندا دەخولێنێتەوە، بە زمانی چینی کۆن، پیان گتووە «تاو». (دوور نییە وشەی «تاو» لە چینییەوە هاتبێتە زمانی کوردییەوە).

– ئینجا بە پێی ئایینی تاوزم، هەموو شتێک لە «تاو» وە پەیا بووە. ئەو، (یین «هێزی مێیەتی» yin)، و (یانگ «هێزی نێرێتی» yang) دروستکرووە. یین و «یانگ»یش، زەمین و ئاسمانیان درووست کردووە. زەمین و ئاسمانیش، هەموو شتێکی تریان درووست

کردووە. یین و یانگ، دژی یەکترین؛ یین، هێمای زەمین و تاریکی و ساردێتییە. یانگ، هێمای ئاسمان و رووناکی و گەرماییە. بە کورتی و بە جۆرێکی گشتی تاوزم:

- دژی هەموو جۆرە بەندێتییەکە. بەڵام، وەکو ئایینی مەسیحی، دژی گوژم و هێز بەکارهێنانە. وە لە پێناوی هیچ شتێکدا پەسەندیان ناکات. تەنیا هەر خەباتی ئاشتی پەسەند دەکات.
- پەسەندی ژیانی سادە و ساکاری دەکات، کە هەموو کەسێک بە سەربەستی لەسەر خاکی خۆیدا کار بکات و ئەو خاکەی کە بەخێوی دەکات، وەکو دایکی خۆی، خۆشبوێت.
- دژی ئەوەیە کە حکومەتی مەرکەزی بەهێز هەبێت و دژی بەکار هێنانی هێزی سوپاییە. پەسەندی ئەوە دەکات کە هەموو دێیەک جۆرە حوکمێکی ئەتۆنۆمی خۆی هەبێت.
- دژی « کۆنفیوشیانزم Confucianism»ە. چونکە کۆنفیوشەس، لەگەڵ ئەوەدا بووە کە حوکمێکی مەرکەزی بەهێز و پڕ بە دەسەڵات هەبێت.




## گەشتێکی شیعری لە ڕۆمانی (کەشتی فریشتەکان)ی بەختیار عەلی

................ ڕزگار عەلی

(گەریدەیەکی بیرکەرەوەی ڕاستەقینە، لە کاتێکدا بەڕاست عەودالی شتێک بێت، ناتوانێ هیچ جۆرە ئامۆژگاری و ڕێنمایەک وەربگرێت).
(هێرمان هێسە_ لە ڕۆمانە سید هارتا )
(من بۆ خۆشەویستی نیم، بۆ ئەوەم هەمیشە داگیر بکرێم، داگیر بکەم، لە گەمارۆیەکی ئەبەدیدام)
لەکەشتی فریشتەکان_ بەختیار عەلی ل٥٣٥

کامۆ دەڵێت: (ئەوپەڕی شێتییە کە دەریا بە چەکوش فەلاقە بکەیت)، ئەوپەڕی گەمژەیشە لەکاتی خوێندنەوەی (کەشتی فریشتەکان) قەڵەمێک بگریتە دەست و بتەوێت خەت لە ژێر گرنترین و جوانترین ڕستە بدەیت، چونکە شتێ نادۆزیتەوە خەتی لێ نەدەیت. کەشتی فریشتەکان گەڕانەوەیەکی نۆستالیژیا و تراژدیای ئینسانی کوردە بۆ ئاشکراکردنی هەموو ئەو زەمەن و ڕووداوانەی کە لە خەیاڵ بەدەرە و بوونەتە تەپوتۆزی مێژوو، لە کاتێکدا ئێمە لە هەموو کات زیاتر لە ناو ئەو ڕووداوانەین، لە ڕێگەی ئەو ڕووداوانەشەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی ئایدیاڵ دەگەڕاین، نەک نەبووینە کۆمەڵگەیەکی ئایدیاڵ، بەڵکو هەموو شوێنێکمان کردە جەهەنەمێ بۆ ژیان و تا ئیستاش پێیوە دەناڵێنین. کەشتی هەوڵێکی مەزنتریشە بۆ وێنە کردنی تراژدیای ئینسان لە ڕوانگەی ئەنتۆلیجییەوە. ئەمەش نەک جیهان ژیانی مرۆڤی وێران کردبێ ، بەڵکو مرۆڤ ژیانی خۆی و جیهانیشی وێران کردووە. جا دەتەوێت فەلسەفەکاربیت، یان شاعیر، یان سەرۆک، یان سۆزانی،

یان مەلا، یان فریشتە! بێئاگا و بەئاگا بەشێک لە تراژدیایەت بەردەکەوێت. ئێمە لێرەدا گەر بمانەوێت خوێندنەوە بۆ تەواوی ڕۆمانەکە بکەین، ئەوا خویندنەوەکەمان دەچێتە قاڵبێکی داخراو و گشتاندنەوە، ڕاستە ڕووداوەکانی ڕۆمانی کەشتی فریشتەکان ئاڕاستەیەکی لۆکاڵی بە خۆیەوە دەبینێت، بەڵام ئیشکردنەکە ئیشکردنێکی گەردوونییە و ئەگەر بە زاراوەی هایدگەر بدوێین ئیشکردنی (بوونی مرۆڤە لە ناو جیهان) بۆیە ڕۆمانەکە هەم تێکستێکی گەورەی فرەڕەهەند و فرەڕەنگ و فرەئاراستەیە، هەم زۆربەی بابەتەکانی سیاسی و فەلسەفی و ئەدەبی و زانستی لە ناو هارمۆنیای ڕۆمانەکە بەدی دەکەین، بۆیە غەدرێکی گەورەیە لە ڕۆمانەکە، گەر ئەم هەنگاوە بنێین.

## کەشتی فریشتەکان گەڕانەوەیەکی نۆستالیژیا و تراژدیای ئینسانی کوردە بۆ ئاشکراکردنی هەموو ئەو زەمەن و ڕووداوانەی کە لە خەیاڵ بەدەرە و بوونەتە تەپوتۆزی مێژوو، لە کاتێکدا ئێمە لە هەموو کات زیاتر لە ناو ئەو ڕووداوانەین

لێرەدا ئێمە بە ئاراستەیەکی شیعرگەرا بەرەو ڕۆمانەکە هەنگاو دەنێین لە ڕۆمانەکەدا بە کارەکتەرێکی بێ باک و یاخی و پڕ پارادۆکسی وەکو (نەغەدە ماردینی) خەریک دەبین. نەغەدە هەڵگری خەونێکی قوڵی فەنتازیا و ناڕەزایەکی ئەبەدییە، گەورەترین حەز لای ئەو حەزێکی ماسۆشیانەیە بەرامبەر گەردوون. نەغەدە سڵ ناکاتەوە ئەگەر ژیان لەناو دەمی گورگیش بێ تاقی بکاتەوە. ئەم کارەکتەر وەکو شاعیرێک لەناو ڕووداوەکان و پەیوەندی لەگەڵ کارەکتەرەکانی تری ڕۆمانەکە دەبێتە نوێنەری مەعشەری شاعیران بۆمان.

* وەکو سەرەتایەک بۆ ناساندنی (نەغەدە ماردینی)
نەغەدە ماردینی شاعیرە، ژنی دکتۆر مستەفا شۆکاکە. دکتۆریش هەم کوڕێکی گەنج و هەم دکتۆرێکی جوان و بە ویقار و هێمنە، یەکێکە لەو کەسانەی لە هیچ شتێکی کەم نییە لە ماڵی دونیا، هەموو ژنێ ئاواتە خوازە ڕۆژێ لە ڕۆژان بێتە ناو ژیانی، بەڵام نەغەدە ڕۆحێکی سەرچڵ و هەستێکی ناڕازیبوونی هەیە بەرامبەر کەون و بە نیگا جوان و ویقارە ئەرستۆکراتیەکەی

بووەتە خاوەن دڵێکی شۆڕشگێڕانە، لە دواجاریشدا لە جیاتی پاداشتی مێردەکەی بداتەوە ژیانی بە یەکجاری وێران دەکات.

ئێمەش لە گۆشە نیگای شیعرەوە لەم پەیوەندیانەی (نەغەدە ماردینی) دەدوێین:

1. یاخی بوون و شاعیرییەت
2. یاسای دارستان و شاعیرییەت
3. شیعرو شاعیرییەت

## ١. یاخی بوون و شاعیرییەت
## (جیهان ئاسودەییمان لێ تێک دەدات) میلان کۆندێرا

پەیوەندی نێوان شاعیر و یاخیبوون پەیوەندێکی نەبڕاوە و ئەبەدییە، نە شاعیر بێ یاخیبوون شاعیرە و نە یاخیبوونیش بێ شاعیر دەگاتە بەرکەماڵی خۆی، نەغەدە پڕ ئازارە، بێ باکە، یاخییە، ناڕازییە. ئایا کەسێک بەو چەشنە بێت ڕووبکاتە چ دونیایەک؟ ئایا لە دونیای شاعیران زیاتر چ شتێ یان شوێنێ هەیە کە یاخیبوونێکی ئاوا و ئازارێکی ئاوا لە خۆ بگرێ؟ بە مانایەکی تر، ئەوە بەس شیعرە هەموو یاخیبوونێک لە خۆی دەگرێت. لەوە ناخۆشتر نییە بۆنی خەڵکانێکت لێ نەیەت و مەحکوم بیت وەکو ئەوان بژیت، لای هەموو کەس بەختەوەرترین کەس بیت و خۆت بە بەختەوەر نەزانی، ڕۆحت پڕ بێت لەسەر کێشی و لە ناو چوار دیوار بەناوی خۆشبەختی دیل بیت. بۆ نەغەدەیەک یەک شت گرنگە ئەویش ئەوەیە وەکو خەڵک نەژیت، ئەمانە مردنە بۆی، ئەمانە بۆشییە، بۆشیش ئەوەیە نەتوانی لە سنووری ژیانی ڕۆژانە دەرچیت، هەموو ئەوانە لە قەفەزی غەمی ڕۆژانەدان دیلی بۆشن، ئایا بەم هەموو بەدبەختییەوە، بەختەوەریی مایەی شەرمەزاری نییە؟ شاعیرییەت بە یاخی بوونەوە هەردەم دەبێتە ماڵیکی قەشەنگ، جوان، بە هێز. ئەواتا لای نەغەدەش شاعیرییەت هیچ نەبوو لەلای جگە لە هەڵهاتن لە نەرمی لە لاوازی، لە ڕاکردن لە ژیانی ڕۆژانە بەرەو دارستان، لە گەڕانەوە بەرەو هەموو خواستە سەرەتاییەکان، بەرەو بەئاگاهێنانەوەی گیانەوەرە خەوتووەکانمان، کە گیانەوەرە خەوتووەکانیشمان بەئاگاهێنایەوە یاخی دەبین، یاخیبوونیش وریاکردنەوەمانە تا لە ناو ژیانێکی بێ ئاگا نوقم نەبین خۆمان لە بیر بچێ. ترسناکترین کاتیش ئەو کاتەیە کە یاخی بوون ڕوو دەکاتە ماڵی شیعر، ماڵی شیعر شاعیر دەگەێنێت بەئاگاترین بوونەوەری سەر زەوی و شیعریش بە یاخیبوونەوە وەکو یاریە ئاگرینەکان بە هەموو لایەک دەتە قێنێتەوە پرووشەکانی بەس شاعیر و ڕۆشنبیر و ئەوانەی تێی دەگەن نەک بریندار ناکات،

بەڵکو چێژێکی لە ڕادەبەریان پێ دەبەخشێ. ڕاستە پێش شاعیرییەت نەغەدە یاخیبوو بەڵام بێ هێز و کەم توانا، ئەوەتا دوای شاعیرییەت ڕۆژ دوای ڕۆژ بێباکتر دەردەکەوێ، بە چێژەوە بەسەر فۆبیای ترس زاڵ دەبێت، مەرجەکانی بەسەر کەسێکی دڕندەیی وەکو جەلاد (لڤیتانت) دەسەپێنێ.

## نەغەدە لەو جۆرە کەسانە نییە، بزانێ چی دەوێت، نەغەدە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە هەموو شتی دونیا ناڕازی بوو، هۆیەکی دیاری کراوی بۆ ئەو ناڕازیبوونە نەبوو، بەڵام دڵنیا بوو خودی ئەو ناڕازیبوونە جوانی دەکات و خۆشبەختی دەکات

نەغەدە بێ ماڵە بەڵام خاوەنی لەشی خۆیەتی ئەوەتا بە تووڕەییەوە بە هەڤاڵ شێرخان دەڵێت: (شۆڕش بۆ ژن مانایەکی هەیە، شۆڕش لای ئێوە ئەوەیە ببنە خاوەنی هەموو دنیا، بەڵام لای من ئەوەیە ببم بە خاوەنی لەشی خۆم). ئاخر ڕاست دەکات ئێمە هێشتا نەبووینەتە خاوەنی لەشی خۆمان کەچی دەمانەوێت دونیا داگیر کەین، نەغەدە گەڕیدەیەکە دەیەوێت ئەودیو ژیان ببینێت، بیری بەس بۆ لای ژیانی ترە دەڕوات و وێڵی فرە ژیانییە، نایەوێت بەناو خۆشبەختی لەناو خانویەکدا دیل بێت، دەیەوێت ڕۆحی لە ناو ملیۆنان جەستە بێت. ئاخر چی بە دکتۆر مستەفای عاشق بڵێت؟ بڵێت تۆم ناوێت، ئەی نابێت بزانێت بۆ؟ کەسێک لە ئەزەلەوە ناڕازی بێت بەرامبەر هەموو کەون، ئێستا لە هیچ شتێکی کەم نەبێت، بەرامبەرەکەی هەموو شتێکی دونیای بێنێتە بەردەستی، ئیتر چی دەوێت؟ بەڵام نەغەدە لەو جۆرە کەسانە نییە، بزانێ چی دەوێت، نەغەدە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە هەموو شتی دونیا ناڕازی بوو، هۆیەکی دیاری کراوی بۆ ئەو ناڕازیبوونە نەبوو، بەڵام دڵنیا بوو خودی ئەو ناڕازیبوونە جوانی دەکات و خۆشبەختی دەکات. وا بە دکتۆر مێردی بڵێت! ئەم یاخی بوونەش سەیرترین و ئاڵۆزترین زیندوترین هەستی سەرکێشی شاعیرە.

یاخیبوون شاعیر دەهەژێنێت و باز بەسەر خودی خۆیدا دەدات، ئەو شەپۆل گەلێ دەخاتە جووله کە پێشتر لەجێی خۆیان وەستابوون، لە پێناو سەلامەتی هەموو زاتیدا تێدەکۆشێ، سەرەتا هەوڵی بەرفراوانی خۆی نادات، بەڵکو جەخت لەسەر ناخی دەکاتەوە لە پێناو ژیانێکی شایستە، ژیانیش ململانێیە، مرۆڤیش ناکەوێتە ناو ژیانەوە تەنها لە ئاستی یاخی بوون نەبێت، ئەگەر ئەوەمان زانی ئەوکاتە تراژیدیای فیکری ڕاستەقینە ڕادەگەیەنرێت. چونکە شاعیر لە هەر کوێی گەردوون بێت دیسان مەحکومە بەوەی دەبێت یاخی بێت، نەغەدە هەر دەست درێژییەک کە دەکرێتە سەری وا هەست دەکات دەست درێژی کراوەتە سەر گەردوون، ئەمیش ئەوەی دەوێت. دەیەوێت وا وێنەی خۆی بکات کە دەتوانێ گەردوون تێک بدات بە بیانووی ئەوەی کە بێ بەشی کردووە، ئەمەش جۆرێک لە یاخیبوونی میتافیزیکی ڕادەگەیەنێت لە گەردوون، شاعیرەکەمان بێ بڕوا نییە، بەڵکو بڕوای بە شتێک هەیە نازانی چییە؟ بەڵام ئەوەی ئەو دەیزانێ ئێستا ئەو شتە نییە. وا دایناوە لە ڕێی دادگایکردنی هەموو شتەکان بگاتە ئەو شتە. نەغەدە ماردینی لەوە زیاتر دەڕوات دەیەوێت بارودۆخی میتافیزیکی تێپەڕ کات. بەڵام هەرجارێ یاخیبوونی میتافیزیکی تیپەڕ دەکات یاخی بوونێکی میتافیزیکی تر ڕووی تێ دەکات. ئەم تامەزرۆ بێ سنوورەی شاعیر بۆ سەر کێشی هەموو کەسێک شێت دەکات، هەموو ئەوانەی لە دنیای شاعیران ناگەن، شاعیران خۆیان خاوەنی هەموو شتێکن لە بوون، هیچیان ناوێت بیاندەیتێ، بەڵکو بێ ئەوەی ئاگات لێ بێ هەموو شتێکشت لێ دەستێنن، هەمیشە شاعیر حەرامەکانی ڕۆحی گشتی بەو مانای خۆی دەیەوێت داگیر دەکات و دەیکاتە کەرەستەی شیعر. شاعیر دەیەوێت هەموو شتێ تێک بدات بیڕوخێنێ بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بە کەرەستەی شیعر بنیاتی بنێتەوە.



یاخیبوونی نەغەدە یاخیبوونێکی گەردوونگەراییە پەیوەندییەکی قوڵی بە تراژیدیای ئینسان لە ناو گەردوون هەیە، نەک پەیوەندی بە کردارێک یان ڕووداوێکەوە، ئەمەش وا لە نەغەدە دەکات هەموو بێباکییەک تاقی بکاتەوە بۆ دۆزینەوەی ژیانیکی نوێ، دەیەوێت بە شێوەیەک بژی کەس نەژیابێت. دەیەوێت دەسکاری جیهان بکات بەو چەشنەی خۆی حەزی لێیە، بەڵام دوا جار لەگەڵ هەر نائومێدیکدا، لەگەڵ هەر ژیانێکی نوێ، نەفییەک ڕووی تێ دەکات و دابڕان ڕوودەدات، بەڵام هەرگیز نایەوێت خۆی بۆ دوا ئەگەر ئامادە بکات و خۆی بە کەسێکی پووچگەراو تراژیدی بگەیەنێ دیارە لێرەدا مەبەستم خۆکوشتنە، بەڵکو دوا جار زیاد لە ئەگەرێگ زیاد لە هەلێک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە ئەمەش دەیگەیەنێتە ئەوپەڕی حەزێکی ماسۆشیانە، ئەوەی بیەوێت هەموو ژیانێ تاقی کاتەوە مەحکومە بەوەی سڵ نەکاتەوە و ئەو ڕێگایەی کە گرتویەتیە بەر تەواو کات. کە هەرگیز تەواو نابێت! خۆشی دەشزانێ کە تەواو نابێت، بەڵام خۆی گەڕان بۆ ئەو تەواوکردنە ئەوپەڕی بەختەوەرییە کە شاعیران هەستی پێ دەکەن، نەغەدە هیچ شتێ تێری ناکات بەڵام بەدوای تێربووندا دەگەڕێت و ناسرەوێ، نەسرەوتن و یاخیبوونیشی دژی گەردوونە ئەو گەردوونەی دایم وەکو دیکتاتۆرەکان لە بۆسەدایە تا یاسا و جەلادی خۆیمان بەسەرا بسەپێنێ.

## * یاسای دارستان و شاعیرییەت

(زۆر ویستومە بۆنی مانگ بکەم. بەڵام مانگ وەکو تۆ بۆنی نییە. زۆر ویستومە بۆنی خۆر بکەم. بۆنی خۆر وەکو تۆ بۆنی نییە. هەندێ خوێن هەیە وەک خوێنی تۆ بۆنی باغی خودای لێدێت).

(کەشتی فریشتەکان ل٢٣٨)

(هیچ شتێ وەکو بۆنی پڵنگی بریندار دڵی مەستانەم ، مەست ناکات).

(کەشتی فریشتەکان ل٢٧١)

– وەکو سەرەتایەک ئاماژە بە یاسای دارستان دەکەین ئەویش دەگەڕێینەوە بۆ هەردوو فەیلەسوفی گرێبەستی کۆمەڵایەتی (هۆبز، ڕۆسۆ) کە زۆرترین جار باسی سروشت و یاسای دارستانیان کردووە. ئەم دوو فەیلەسوفە لە ڕێی نووسراوەکانیان ئاماژەیەکی لەیەک جیاوازیان بۆ یاسای دارستان و سروشت هەیە. سەرەتا هۆبز ئاماژە دەکات کە یاسای دارستان بەربەرییە و (مرۆڤ گورگێکە بۆ برای خۆی) یان یاسای دارستان (جەنێگی هەمووانە دژی هەمووان). ئەگەر پاشایەک نەبێت سەروەریان بێت، ئەوا یەکتری دەخۆن، لە دارستان مروڤ نە ئازادە نە چاکە نە بەختەوەرە. هۆبز ڕای لەگەڵ دەوڵەت دارییە و لەگەڵ ئەوەیە دەوڵەت بە هێز بکرێت و یاسا سەروەربێت بەسەر هەموویان وەکو یەک. بەڵام ڕۆسۆ بە پێچەوانەی هۆبز ئاماژە دەکات هەرچەندە مرۆڤی تێگەیشتوو ئاقڵ نییە لە یاسای دارستان بەڵام زۆر باشە و

هیچ خراپ نەبووە، لە کتێبی (ئیمیل)دا ڕۆسو دەڵێت: (مرۆڤ ئازاد و چاک و بەختەوەر بوو بەڵام دەوڵەت کۆیلە و خراپ و چارەڕەشی کردووە). لەم دوو بۆچوونەدا دەچینە سەر باسەکە:

سەرەتای پەیوەندی شیعری نەغەدە بە دارستانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناسینی (نزار سلێمان). نزار سلێمانیش کوڕێکی تا بڵێیت بێباکە و هەموو شۆڕش بۆ ئەوە دەکات تا ئارەزووەکانی خۆی تێر بکات، بەڵام هەر لە سەرەتاوە ئەوەی لە پیاوەکانی تر جیای دەکاتەوە بێ ماسکە و تەواو ڕاستگۆیە وەکو خۆشی دەڵێت: ((ژیان؟ من ئەو ژیانە دەژیم دوو شتی تیا نییە، ئەخلاق و بەزەیی. کە لە دایک بووم هەردووکیانم لەگەڵ پەڕۆ و پاتاڵە پیسەکانی منداڵیدا فڕێدا)). ئەوەی نەغەدە ماردینی بۆ لای نزار ڕادەکێشێ: ((بۆنی دڕندەیی ژیانە لای ئەو گەنجە)). لە چرکەی یەکەمدا لە نزاردا بۆ کەسێک دەگەڕا بە یاسای دارستان بژی، یاسای دارستانیش لای نەغەدە تیکەڵیەک بوو لە بۆچوونی (هۆبز و ڕۆسۆ)، ئەگەر قسەکەی هۆبز بگۆڕین (مرۆڤ پڵنگێکە) ئەمەش ترۆپکی خۆشی نەغەدەیە و حەز دەکات وەکو پڵنگ ئازاری بدەن. ئەگەر رۆسۆش وەربگرین ئەوا ئازادییەکەی دەچێتە سەری و حەز دەکات (ئازادیی لە ڕووە ترسناکەکەی تاقی کاتەوە).

## خیانەت دەرچوونە لە حەشامەت، دەرچوونە لە ناو ژیانێکی دووبارە، تێکشکانی تەجەلابوون و پیرۆزەکانە، تێکشکانی دیسپلینە، خیانەت هەنگاو نانە بۆ شوێنیکی نادیار، بەلای نەغەدەش هیچ شتێک لەبەر و شوێنێکی نادیار جوانتر نییە

نەغەدە ئەو شەوە کە شیعری (بۆنی پڵنگی برینداری) نووسی، دڵنیابوو بۆنی درەخت، بۆنی خۆڵ، بۆنی با، بۆنی تاریکی بانگ دەکات ئەوەی لێرەدا سەیرە نەغەدە ماردینی لە ڕێگای نزار سلێمانەوە دەچێتە ناو دونیای سروشت و بە یەکجاری نزار غەفە دەکات. واتە ساتی خەوتنی لەگەڵ نزاردا ساتێکی سێکسوالیتی نییە بەڵکو ساتێکی، بێباکی، ئازادییە، ئازایەتییە، ساتیکی زاتییە بۆ گەڕانەوە بۆ ناو سروشت، پرسەکە لێرەدا پرسی چێژ وەرگرتنە، لوتکەی چێژ وەرگرتنیش یەکانگیرە لەگەڵ لوتکەی ڕووخاندن و تێکداندا، ئەو ساتانەش ساتێکە تێیدا

تاناتۆس بەسەر ئیرۆس زاڵ دەبێت، حەزی ماسۆشیانە بەسەر حەزی ساتیزم زاڵ دەبێت.
هەرچەندە خیانەت قێزەوترین شتێکە کە نەغەدە بیری لێ کردۆتەوە، بەڵام خیانەت لێرەدا بۆ نەغەدە تێکدانی هەموو هارمۆنیایەکە کە مستەفای مێردی و مرۆڤەکان دروستیان کردووە، خیانەت دەرچوونە لە حەشامەت، دەرچوونە لە ناو ژیانێکی دووبارە، تێکشکانی تەجەلابوون و پیرۆزەکانە، تێکشکانی دیسپلینە، خیانەت هەنگاو نانە بۆ شوێنیکی نادیار، بەلای نەغەدەش هیچ شتێک لەبەر و شوێنێکی نادیار جوانتر نییە.
ئەگەر بە ئاڕاستەیەکی (فرۆید) بدوێین، فرۆید غەریزە لە ناو دەروونی مرۆڤ بە دوو جۆری سەرەکی دابەش دەکات. دوو غەریزەی دژ بە یەک. یەکێکیان بۆ زەتیف و دووەمیان نێگەتیف. دەروونی هەر مرۆڤێک پێگەیەکە بۆ مەرگ، ئامانجی غەریزەی ژیان یەکگرتووی و بەردەوامییە.
بەڵام ئامانجی غەریزەی مەرگ کاولکردن و رووخاندنە بە واتایەکی تر ئیرۆس هەڵگری جوانی و خۆشەویستی و پاراستنی ڕەگەزی خودە، لە کاتێکدا تاناتۆس جێگەی شەڕ و کینە و هێرش و کاولکردن و تێکدان و لە نێوبردنی ڕەگەز و دواتریش خودە , نەغەدە دەڵێت:
((هیچ شتێک وەکو پڵنگێکی بریندار دڵی مەستانەم شێت ناکات)).
پڵنگ وەکو هێمایەک لە غەریزەی دەروونی مروڤ لە یەک کاتدا هەڵگری هەردوو جۆری غەریزەیە بە خەسترین و تودنترین شێوە. واتە پڵنگ هێمایەکە لە ململانێی نێوان ئیرۆس و تاناتۆس ئەگەر سەرنج بدەین پڵنگ لە سەرەتاوە تا کۆتایی حەزی لە شەڕ و کێشە هێرشکرن و خواردن و کاول کاری وێران بوون و لەناوبردنە. پڕە لە نەعرەتە و حەز و تاسەی وەحشیانە بۆ بەرامبەرکەی و هەوڵی لەناوبردنی دەدات. بەڵام ئەگەر ئەم مانایە بۆ نەغەدە ماردینی شاعیر بگوازینەوە تەواو دەکەوینە هەڵەوە، چونکە نەغەدە لە ڕێی (وەحشێکی جوانەوە) کە ئاماژەیە بۆ دڕندە و کاولکاری خۆ دەگاتە پاراستنی ڕەگەزی خۆی و ئایدیالی خۆی، نەک لە نێو بردنی خۆ. ئەگەر بە زمانی کوشتن قسە بکەین، ئەوە جەلادە دەمرێت نەک قوربانی، واتە لەم ڕێگایەوە دەگاتە ئەوپەڕی شێتی بەڵام خۆی دەڵێت: (چۆن ببم بە شاعیر، چۆن ببم بە باشترین شاعیر گەر شێتی تاقی نەکەمەوە) ئەم هێزە ئانارشیزمە کە بەردەوام لە ململانیکی سەخت دایە هەمووی لە پێناو شاعیربوونە، بەڵام شاعیر بوونێکی ڕاستەقینە، شاعیر بونی نەغەدەش گەڕانەوەیەکی فەنتازیای خودە بۆ ناو دارستان و یاسای دارستان تا بە ئازادی و بێ پێویستی بەرامبەر هەناسە بدات.



*** شیعر و شاعیر**

(تەنها شاعیرەکان دەتوانن ژیانی ئەوانی تر تاقی بکەنەوە)
کەشتی فریشتەکان ل٣١٧
(ئێمە هەمیشە جەستە وەکو دنیایەکی بەبتکراو بە پەراوێزکراو سەیر دەکەین، چۆن دەتوانین قسە لە تازەگەرێکی هونەری یان شیعری بکەین؟) ئەدۆنیس

ئەزموونی شاعیر بۆ شیعر ئەزمونێکی تیۆرییە نەک پراکتیک، شاعیر لە رێی وشەوە، هەم بەرگری دەکات هەم هێرش دەکات، واتا کاتێک شاعیر لە رێی فیکرەوە دەچێتە ناو فەزاوە، ئەو فەزایەی کە خۆی دەیەوێت دەیکاتە کەرەستە، کەرەستەش دەکاتە شیعر، شیعریش باشترین درەمانی خودە، لێرەدا گەر شیعرێکی کلاسیک وەربگرین مەحوی دەڵێت: (کە بێ لێوی لەسەر لێوم بنێ ڕۆحم لەسەر لێوە کە لێوی لابەرێ هەڵبەت ڕۆحم دەرئەچێ پێوە).
شاعیر لە رێی ئەزموونی پراکتیکی خۆیەوە نەهاتووە لێو ماچ کات و رۆحی بچێتە سەر لێو , کە لێوی لابرد ڕۆح دەرچێ , ئینجا دوای ئەم ئەزموونە کردارییە شیعرەکە بنووسێ، بەڵکو مامەڵە لەگەڵ فەنتازیای ناخی خۆیدا دەکات، کە مامەڵەیەکی (ئەگەر) لێرەدا (کە) لە جیاتی (ئەگەر) بەکار هاتووە. واتە ئەو شیعرە تەعبیر لە شاعیرەکە دەکات، نەک شاعیر تەعبیر لە شیعر بکات، ئێمە ئەگەر هاتوو شاعیرەکە بناسین هەرگیز ناگەینە شیعرەکانی

ناتوانین بیناسین، و ئەگەر شیعرەکەش بناسین و بخوێنینەوە ناگەینە ژیانی واقیعی شاعیر، پێناسەی شاعیر لەوانەیە بڵێن کەسێکی نەرم و نیانە، بێدەنگە! بەڵام شیعرەکانی نەرم نین و بە هاتوهاوارن، ئەمەش مانای وایە ژیانی واقیعی شاعیر لەگەڵ شیعرەکانیدا دوو شتی لەیەک دوورن، ئەم ڕێچکەیە هەر لە کلاسیکەوە تا ئیستاش هەروا بووە، و تا دەگاتە ئێستاش و تازەترین فیکرەی ئەدەبیش، ڕۆلان بارت کە (بەمەرگی نووسەر ناوی دەبات).
واتە شیعرەکە پەیوەندییەکی وەها کاریگەری بە شاعیرەکەوە نامێنێت. با بێن تەماشایەکی کارەکتەری (نەغەدە ماردینی) بکەین لە (کەشتی فریشتەکان) کە بەختیار عەلی بۆی بنیات ناوین. (هیچ شتێ وەکو بۆنی پڵنگی بریندار ... دڵی مەستانەی من مەست ناکات) ل٢٧١

ڕاستە پێش ئەوەی لەگەڵ نزار بخەوێت ئەم شیعری نووسیوە، ئەمیش لەو قاڵبە شیعرییەی شاعیران دەرنەچووە، ئەم شیعرەش هەڵگری زادەی خەیاڵاتی خۆیەتی، بەڵام دوای ئەم شیعرە خیانەتی نەغەدە لە دونیا ژیانی خۆی دەست پێ دەکات، بۆ ئەوەی بە شاعیری بمێنێتەوە نابێ بەس لەناو چوار چێوەی ماڵ و قەڵەم و وەرەقە و نووسین و بڵاوکردنەوە و خوێندنەوە بمێنێتەوە، بەڵکو ژیانیشی وەکو جەستە و ڕۆح وەکو خەیاڵی دەکاتە خزمەت شیعرەکانی و جۆریک شێتی تاقی دەکاتەوە وەکو خۆی دەڵێت: (چۆن ببم بە شاعیر گەر شێتی تاقی نەکەمەوە). شێتی ئەزموونێکی نە وشەییە و نە خەیاڵ بەڵکو ئەزموونێکە کردەییە و هەموو کەسێک هەستی پێ دەکات، نووسینیش لێرەدا بۆ نەغەدە هەم کردارە و هەم وشەیە، یەکەم کاریشی بە کردار دەگەڕێتەوە بو خیانەتکرنی لە دکتۆر مستەفا شوکاک، ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی ڕقی لە دکتۆر بێت، بەڵکو ڕقی لە ژیانی خۆیەتی! بۆیە من ڕام وایە پێش ئەوەی خیانەت لە دکتۆر مستەفا بکات خیانەت لە ژیان و دونیای خۆی دەکات، ئەمەش ئەوەیە کە شاعیران بەردەوام پێویستیان پێیەتی، لەم هەنگاوەدا نەغەدە ژیانی ڕەت ناکاتەوە، بەڵکو هەنگاونانە بۆ ناو جەرگەی ژیان و دۆزینەوەی هەموو مانا نادیارەکانە، نەغەدە ماردینی نایەوێت لەبەر (کۆمەڵگە، یاسا، خوا، دکتۆر مستەفا...) خیانەت لەبەشی نەستی بکات، چونکە ئەوە هەستە دەچێتەوە ناو نەست و مرۆڤ دەکاتە دوو لەتەوە، ئەویش نایەوێت دوولەت بێت هەتا هەموو کەسێ لێی ڕازی بێت، بەڵکو لەبەر بوونی خۆی و پاراستنی کەسایەتی خۆی، کۆمەڵگا و یاسا و خوا و ئەخلاق و دکتۆر مستەفا... غەفە دەکات، ئەمەش نزیکمان دەکاتەوە لە لەدایک بوونی (سۆپەرمان) یان مرۆڤی بەرزی نیچە.

# کاتێک شاعیر دەڵێت: (لە وشە زیاتر هیچی تر بوونی نییە) ئەمە ئەوەیە کە دەبێت هەموو بەهاکان لە وشەوە دەربکرێت، وشە دروستکەری هەموو شتەکانە، ئەگەر هاتوو ئێوە وشە نەبوون، ئەوە بوونتان نییە، دیارە مەبەستم بوونتان لە ڕووی بایلۆژییەوە نییە بەڵکو وەکو بوونی ڕەسەن

(کە لای نزار ئیدریس هاتە دەرەوە، هەستی کرد بەختەوەرترین ژنی دونیایە. یەکەم جار بوو دەیزانی مانای چی لە یەک کاتدا هەم شاعیر و هەم ئازا و هەم ئاشق بیت)ل٢٧٩

(تەنها شاعیرەکان دەتوانن ژیانی ئەوانی تر تاقی کەنەوە)ل٣١٧

(دەمەوێ ژیانی گورگیش تاقی کەمەوە)ل٣١٩

ئایا ئەمە جۆرە توڕەبوونێک نییە بەرامبەر بە وشە کە ناتوانێ لە سنووری خۆی دەرچێت، جۆرە هێرشێکیش نییە بەرامبەر شاعیران کە هەموویان درۆزنن و ئەوەی دەیلێن بۆ ناوبانگە و ناتوانن یەک هەنگاوی پراکتیکی ببەن بۆ جوانکردنی ژیان؟ ئایا شاعیر لایەنی نەستی هەبێت کەواتە هەموو شتێکی دەرەکی بەسەریدا زاڵنەبووە؟ کەواتە ئیتر فشە فشی چییانە! باسی ڕزگارکردنی مرۆڤایەتی و پاراستنی بەهای جوانی دەکەن، لەگەڵ ئەوەش ناتوانن یەک هەنگاو بنێن و بەرگەی تۆزقاڵێک ئازار ناگرن، ئایا هێرشکردن نییە تا پێیان بڵبێت ئێوە شاعیر نین بەڵکو خویەکە و فێربوون و لەناو یەک جۆرە ژیان قەدیس بوون و دووبارەی دەکەنەوە؟ نەغەدە شاعیرە بەڵام لە پاڵ شیعریشدا نەغەدەیە، شاعیرێتی نەغەدە، نەغەدە ناکوژێ و نەغەدەش شاعیرێتێکە ناکوژێ، هەر کاتێ شیعرەکانی بە تەواوی نەگەیشت نەغەدە وەکو کارەکتەرێ تەواوی دەکات وە بە پێچەوانەوەشەوە ڕاستە.

نەغەدە وەکو باقی شاعیران نییە... بەس بنووسن بەڵکو ئەوەی شاعیران دەیکەن ئەو بە پراکتیک دەیکات یان ئەوەی بە پراکتیک دەکرێت نەغەدە دەیکاتە شیعر، ساتی پراکتیک ساتێکی هەنوکەییە و ساتی نووسینی شیعریش ساتێکی هەنوکەیی و ئەبەدییە. شیعرەکانی نەغەدە تێکەڵییەکە لە خەونە چەپێنراوەکانی ڕابردوو کردارەکانی ئێستا، نەغەدە بە ئاگایە و دەزانێ ئێستا هەرچی دەنووسێ کەس تێناگات بۆیە کردارەکانی دەکاتە شیعر بۆ ئێستا و نووسینەکانیشی دەکاتە شیعر بۆ داهاتوو، کاتێکیش شیعر دەکاتە ئەزموونی خۆی ڕزگار کردنی خۆی ڕادەگەیەنێت و دەبێتەوە وشە و وشەش دەبێتە سەدایەکی ئەبەدییەت. هەرچەند لێرەدا ئیحتیمالی لەناو چوونی شیعرەکانی بەدەستی نەزانان لەگەڵ باقی شیعرەکانی شاعیران زۆرترە

چونکە نەغەدەش وەکو شیعرەکانی وشەیەو نەهاتووە وەکو جەستەی دیفاع لە شیعرەکانی بکات بۆمانەوە، خۆشی هەمان کاریگەری وشەی هەیە بۆ گۆڕینی کۆمەڵگە، بۆیە دەبێ لە شیعرەکانیشی زیاتر، خۆی بۆ پەرچەکرداری حەشامات ئامادە دەکات.

(پۆچ) لە قەسیدەیەکدا دەڵێت: (وشە خودایە، من وشەم، لە وشە زیاتر هیچی دی بوونی نییە) ئەم موتڵەقییەتەی پۆچ دەیبەخشێتە وشە، ئەو خودا سالاریی پۆچ بە وشە ڕەوا دەیبینێ، لەوەوە هەڵنەقولاوە کە وشە جەوهەرێکی دیاری کراوی هەیە، بەڵکو وشە میوانداری هەموو شتەکان دەکات، هەموو شتەکان دەگرێتە خۆ، ئەو دەرگایەکی کراوەیە بەسەر بووندا، کاتێک شاعیر دەڵێت: (لە وشە زیاتر هیچی تر بوونی نییە) ئەمە ئەوەیە کە دەبێت هەموو بەهاکان لە وشەوە دەربکرێت، وشە دروستکەری هەموو شتەکانە، ئەگەر هاتوو ئێوە وشە نەبوون، ئەوە بوونتان نییە، دیارە مەبەستم بوونتان لە ڕووی بایلۆژییەوە نییە بەڵکو وەکو بوونی ڕەسەن، لێرەدا شاعیران و نووسەران دوو بوونیان هەیە یەکیان وشەیە کە هەبوو دووەمیان خۆیان کە نەبوو، بەڵام نەغەدە ماردینی لەوە زیاتر دەڕوات و نایەوێ دوو کەسایەتی هەبێت بەڵکو خۆشی بە یەکجاری خەفە دەکات و دەبێتە وشە . دیارە لێرەدا مەبەستم نەستەکەی پێشتر نییە باسم کرد بەڵکو ئەمجارە مەبەستم خەفەکردنی جەستەیە.

**نەغەدە بۆ ژیانێکی شیعری دەگەڕێت،**
**ژیانی شیعریش بوێرییە، نەترسانە لە ترس.**
**ئەو لەسەر کوشتنی خەیاڵی ترس ئیش**
**دەکات و گەرچی ئازارێکی وای تووش دەبێت،**
**بەڵام ئەو ئەو ئازارە بە گەورەترین**
**چێژ دەزانێت بۆ خۆی**

هیچ کەس وەکو خانم نەیدەویست ئازادی لە وشەیەکی موجەڕەدەوە بکاتە بە ڕاستییەکی گەورە و دەست لێ نەدراو. بۆ ئەوەی نەڵێن خەیاڵاتی شاعیرە، شعرەکانی. نەغەدە نایەوێ واقیع بگۆرێت بەس بۆ ئایدیالی وشە یان تراژیدیای وشە , واتە واقیع بکاتە فەنتازیا و لەناو خودی خۆیدا مناقەشەی بکات و ئینجا بیکاتە شیعر، بەڵکو دونیای تراژیدی یان ئایدیاڵ دەکاتە جوانترین فەنتازیا بۆ ئەزموونی خۆی، واتە ئایدیال و تراژیدیا ئەزموونی واقیعی شاعیرە، بەڵام لای خەڵک خەیاڵە و کەس نایەوێ نزیکی بکەوێتەوە، ئەو واقیعی خۆی

دەنووسێتەوە، بەڵام لای خەڵک ئەمە واقیع نییە و باوەڕ ناکەم بە خەیاڵیش بۆی بچن، بۆیە هەموو کاتێ ئەم شاعیرە بە خراپە ناوی دەڕوات و جێی نابێتەوە لە ناو کۆمەڵگە، ئازادی ئەوەیە ئینسان بە جێگایەکدا بڕوات کە عەقل دەستی بۆ نەبردووە ئەویش ئەمە دەکات، هیچ نایکوژێ چاوەڕوانی نەبێت، بۆیە هەر زوو ئەو شتانەی بە خەیاڵ دەبێتە ترس بۆ سەری، ئەو لێی ڕاناکات بەڵکو دەچێتە ناوی. نەغەدە بۆ ژیانێکی شیعری دەگەڕێت، ژیانی شیعریش بوێرییە، نەترسانە لە ترس. ئەو لەسەر کوشتنی خەیاڵی ترس ئیش دەکات و گەرچی ئازارێکی وای تووش دەبێت، بەڵام ئەو ئەو ئازارە بە گەورەترین چێژ دەزانێت بۆ خۆی. نەغەدە بۆ ژیانی تازە دەگەڕێت، ئەمیش نایەت بە وشە دەرییبڕێ بەڵکو دەچێتە ناو ڕۆحی کەسایەتییەکان و ئەگەر هەستێکی پاڵەوانانەی تێدا شک برد خۆشحاڵ دەبێت و دەیکاتە شیعر چونکە ژیانێکی تازە شیعرێکی تازەیشی بۆ بنیات دەنێت. ئەوەی بۆ خەڵک تراژیدیایە بۆ نەغەدە حەزێکی ماسۆشیانەیە و ترۆپکی چێژە، هەر ئەوەشە دەبێتە هێزێکی کاریگەر بۆ ئەوەی (ژیانی گورگیش تاقی کاتەوە). ئاخر ژیانی گورگ جۆرە دۆزخێکە بۆ ئینسانی لاواز و ئەمیش دێت دۆزەخ بنیات دەنێنت، لە ڕێی دۆزخیشەوە تورەیی خۆی بەسەر دنیادا دەڕژێنێت، ئەویش لە ڕامبۆی شاعیر نزیک دەبێتەوە، کە لە وەرزێ لە دۆزخدا دەڵێت: (من دەبایە دۆزخی خۆم هەبایە بۆ تورەیی .... دۆزەخی خۆم هەبایە بۆ غرور ... بۆ ستایشکردنی ساختە ... بڕێکی زۆر لە دۆزخ). ئەوە ئەوپەڕی تەجەلابوونی بڕیاردانە لەسەر خۆ , ئەوپەڕی تورەییە لە دونیا. ئەمە ئەو ئاگرەی ناخی شاعیرە کە تەڕو وشک بە یەکەوە دەسوتێنێت و خۆی بە بەرزە مرۆڤ دەگەیەنێت، بەرزە مرۆڤیش فریشتەیەکی ئەدەبی و شەیتانێکە بۆ ئەو کەسانەی لە بەهای ئەدەب و شیعر ناگەن.

## * نەغەدە وەکو کۆتاییەک:

هەرچەندە ئەم باسە کاتێکی دوور و درێژی دەوێ، چونکە نەغەدە کەسایەتیەکی دینامیکییەوە دەچێتە ناو دوو ئەزموونی تری ژیانەوە ئەویش ئەزموونی (شاخ، جەلاد). واتە دەچێتە ناو دوو کەسایەتی گرنگی ڕۆمانەکە و کە یەکەمیان (شێرخانە). شێرخان هەرچەندە پێشمەرگەیە و بەڵام ئاماژەشە بۆ کۆمەڵگەی ئێمە کە تەواو کۆمەڵگایەکی پاتریارکین واتە ئەو کۆمەڵگەیەیەی کە بەدەست پیاوانەوە کۆنترۆل دەکرێت. هەروەها بۆ هەموو ئەو نێرسالارانەیش کە دەیانەوێت هێزی خۆیان بەسەر هەموو بوونەوەرێکدا بسەپێنن، دەیانەوێت لەشی ژن بە موڵکی خۆیانی بزانن و بە تەواوی داگیریکەن، لەم ڕۆمانەدا ڕاستە شێرخان لەشی نەغەدە ماردینی داگیر دەکات، بەڵام هەرگیز ناتوانێت بگاتە ساتێک نەغەدە ماردینی چێژی پێ ببەخشێت , هەموو ئەو ئیشانەیشی لە ڕووی سێکسییەوە شێرخان بەرامبەر نەغەدە دەیکات دەتوانێت بەدەستی خۆشی بیکات و لەوانەیە چێژیشی لە چێژی نەغەدە ماردینیش زیاتر بێت. بەڵام دواجار کە

لەو شوێنەی نەغەدە ماردینی دیل کرابوو، نەغەدە ماردینی تۆڵەی خۆی لێ دەکاتەوە هەڵدێت و شێرخان نائومێد دەکات، هەڵهاتنیشی تەواوی نێر سالاریی دەخاتە گومانێکی قوڵەوە دەربارەی هێزی خۆیان.
ئەزموونی دووەمیش هی جەلادێکە، بەهۆی جەلادییەوە لە هەموو شوێنی جێی دەبێتەوە چ لە ناو شۆڕش چ لە ناو دەوڵەت ئەویش (لڤیتانت) . لڤیتانت کەسێکە زۆر حەزی لە ئەشکەنجەیە و ڕێک پێچەوانەی نەغەدە ماردینییە کە حەزی لەوەیە ئازار بکێشێت و چێژی لێ دەبینێت، لڤیتانت حەزی لەوەیە هێزی خۆی بەسەر هەموو بوونەوەرێکدا تاقی کاتەوە، لە ڕێی ئازاردانی کەسەکانەوە دەزانێ ئازایەتی خۆی تا کوێ گەیشتووە، واتە کەسایەتێکی تەواو سادیزمی هەیە. لەم ئەزموونەدا نەغەدە شوو بە لیڤیتانت دەکات، ئەمەش ئەوپەڕی شێتییە بۆ شاعیر. ئەم باسە دەکرێت بچێتە ناو تیرامانەوە لە ئاستێکی تردا زیاتر گەشە بکات و هەموو پەیوەندیەکانی نەغەدە ماردینی بە شیعرەوە ڕوون بکرێتەوە، وەکو پەیوەندی نیوان شاعیر و عیشق بە شیعرەوە... شاعیر و ئازادی بە شیعرەوە .... شاعیر و حەقیقەت بە شیعرەوە ..... شاعیرو شێتی بە شیعرەوە ... شاعیر و جیهان بە شیعرەوە.

## سەرچاوەکان :

١ـ کەشتی فریشتەکان، کتێبی یەکەم، ڕۆمان، بەختیار عەلی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢
٢ـ گەڕان بۆ ماناکانی دیکەی شیعر. بەختیار عەلی، بەشی دووەم. کۆواری ڕامانی ژمارە ٧٢ی حوزەیرانی ٢٠٠٢.
٣ـ پڵنگێک لەمندا، سەعید سلێمانی ، لا٤٠ ی گۆڤاری نەوشەفەق ، ژمارە ٥٠ تشرینی دووەمی ٢٠٠٧
٤ـ مرۆڤی یاخی ، ئەلبێرکامۆ، وەرگێڕانی ئەرسەلان ئەردەڵانی، چاپی یەکەم، هەولێر٢٠١١

# دەستپێکێکی ڕووخێنەر لە شیعردا
## (ڕێبین ئەحمەد خدر)، (عومەر جەلال) و (غەمگین بۆڵی) وەک سێ نموونە

سۆران ئازاد

ئەگەر زمان زیندانی ماناکان بێت (وەکو نیتچە وتی)، ئەوا مێتافۆر ڕێگەی راستەقینەیە بۆ دەرچوون لەو زیندانە. تەنانەت لای (نیتچە) مێتافۆر پەی بە حەقیقەتی بوونمان دەبات. شیعر وەکو ژانرێکی سەرەکیی ئەدەب نە تەنیا مێتافۆرە، بەڵکو دەتوانین بە دەرکەوتە و زمانی مێتافۆریش ناوی بنێین. ئەگەر ئەو دێرەی (ریلکە) بە نموونە بهێنینەوە کە دەڵێت:

**«من دەخولێمەوە بە دەوری خودا، بە دەوری تاوێرە کۆنەکان، من هەزاران ساڵە دەخولێمەوە، تاکو ئێستاش نازانم کە من بازم یان باوباران، یان گۆرانییەکی مەزن.» لە دیوانی (کتێبی کاتژمێرەکان– Book of Hours)**

لەو وێنە شیعرییەدا، (ریلکە) لەنێو مێژوو و بیرە جیاوازەکاندا خۆی وەکو خودێکی گەڕیدە وێنا دەکات لەنێو زەمەنە و مێژووی مرۆڤدا، کە هەموویان وابەستەن بە زەمەنی بوونی ئێمە. جگە لەوەی شوناسمان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. بۆیە شیعر دەتوانێت پەلکێشی گشت زەمەنە جیاوازەکانمان بکات، مادام زەمەن هەر خۆمانین.

هەوڵدان بۆ گوزارشتکردن لە خود لە ڕێگەی شیعرەوە، دەمانخاتە بەردەم ئەرکێکی گەورەوە. دەبێت لە کۆتوبەندی مێتافیزیکای راسیۆناڵ دەربچین، کە پێی وایە شیعر تەنیا هەست

و خرۆشان لە خۆی دەگرێت، کە ئەو جۆرە بۆچوونە لە (پلاتۆ)وە تاکو (دێکارت) درێژ دەبێتەوە. بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە ماهیەتی شیعر پێویستیمان بە ڕەچاوکردنی کارەکانی (نیتچە) و تێڕوانینەکانی (هایدیگەر) هەیە.

ئەگەر لە مێتافیزیکای ئەقڵانیەتدا شیعر و هونەر دەکەونە دەرەوەی کایەی بەرهەمهێنانی هزر، ئەوا لای (نیتچە) و (هایدیگەر) هێندەی فەلسەفە بەرهەمهێنەری هزرن و پەی بە راستی بوونمان دەبەن.
تاکە شتێک وا دەکات بتوانین ڕووبەڕووی دنیای واقیع بە کۆی دەرکەوتە ئاڵۆزەکانی ببینەوە، وەکو (ریلکە) ئاماژەی پێ دەدات گەڕانەوەیە بۆ خود، چونکە ناوەوەی خود ئەو شوێنەیە، کە دەتوانین لێیەوە بڕوانینە جیهانەوە، ئەو ڕوانینەی تایبەتە بە خۆمان. تاکە هۆکار بۆ ئەوەیش هەر خۆمانین. (ریلکە) لەو کۆمەڵە نامەیەی، کە لەژێر ناونیشانی (کۆمەڵێک نامە بۆ شاعیری گەنج- Letters to young poet)ە، کە بۆ شاعیرێکی تەمەن ١٩ساڵی ناردووە و ناوی (فرانز کاپوس)ە، لە نامەی یەکەمدا ڕوو لە بەرانبەرەکەی دەکات و دەڵێت: هیچ کەسێک ناتوانێت ئامۆژگاریت بکات یان یارمەتیت بدات، هیچ کەس. تەنیا یەک شت هەیە کە پێویستە تۆ بکەیت، بگەڕێرەوە بۆ خودی خۆت. ئەو پێی وایە تاکە سەفەری راستەقینە، سەفەرە بۆ ناوەوە خود. پرسیاری سەرەکی بۆ نووسین لای (ریلکە) ئەوە نییە، کە من کێم، بەڵکو دەبێت بپرسیت ئایا دەمرم ئەگەر نەتوانم بنووسم؟ مەبەستی (ریلکە) مردنی خودی راستەقینەمانە. ئەو پێی وایە هیچ کەسێک ناتوانێت هەست بەوە بکات، کە دەژێیت بە بێ نووسین. کەواتە نووسین لە قووڵایی هەستکردن بە ژیانەوە هەڵدەقووڵێت.
ئەوەی من مەبەستمە رەچاوکردنی سێ ئەزموونی شیعری جیاوازە، کە لەم دواییەدا بەرهەمی شیعری خۆیان بڵاو کردووەتەوە. تێبینیی ئەوەمان کردووە، کە کۆمەڵێک دەزگا و لایەن بە بیانوی لاوازیی تێکستەکان، شیعری گەنجان چاپ ناکەن.
لە کاتێکدا هەر خۆیان دەیان بەرهەمی لاواز دەخەنە بازاڕەوە و بە ناوی ئەوەی لیژنەی پسپۆڕ بڕیاری لەسەر داوە. تۆ بڵێی پسپۆڕەکانی ئەو لیژنانە ساڵانە چەند بەرهەمی نەوازەی فیکری و رەخنەیی بنووسن و چەند تیۆری نوێ دابهێنن؟ ئێمە بۆ بەرهەمی ڕەخنەییی ئەوانە لە هیچ شوێنێکدا نابینین؟ دەبێت خۆیان وەڵامی ئەم پرسیارە بدەنەوە.

**مەبەستمان لە دەستەواژەی (دەستپێکێکی ڕووخێنەر) ڕووبەڕووبوونەوەی واقیع و هەوڵی روخاندنیەتی. واتە ئەو سێ شاعیرە لە دەستپێکی نووسیندا هەوڵی رووخاندنی بینینی گشتییان بۆ دنیا داوە، کە ئەمەیش بە پرۆسێسی گەڕانەوە بۆ خودی راستەقینە دەست پێ دەکات. بینینی دنیا لە دیدی خۆیانەوە، بۆتە وێناکردنی دیاردەکان لە دیدێکی جیاوازتردا**

مەبەستمان لە دەستەواژەی (دەستپێکێکی ڕووخێنەر) ڕووبەڕووبوونەوەی واقیع و هەوڵی روخاندنیەتی. واتە ئەو سێ شاعیرە لە دەستپێکی نووسیندا هەوڵی رووخاندنی بینینی گشتییان بۆ دنیا داوە، کە ئەمەیش بە پرۆسێسی گەڕانەوە بۆ خودی راستەقینە دەست پێ دەکات. بینینی دنیا لە دیدی خۆیانەوە، بۆتە وێناکردنی دیاردەکان لە دیدێکی جیاوازتردا. ئەوەی شیعرەکانی ئەو سێ شاعیرە جیا دەکاتەوە، بریتییە لە ئەدەبی خۆیی، واتە ئەدەبێکی مشەخۆر نییە لەسەر ئەزموون و دنیابینیی ئەوانی دیکە دامەزرابێت، کە ئەوە کێشەیەکی گەورەی ئەو نووسەرانەیشە بە شاعیری مەزن و تایبەت ناسراون، بەڵام مەودای نووسینان زۆر بچووکە. ئەو سێ شاعیرە هەوڵدانی بەردەوامیان پێوە دیارە بۆ ئەوەی مەودای دنیابینییان بەرفراوان بکەن و لە مەودایەکی دیاریکراودا نەوەستن. وەکو (ئەنیشتاین) دەڵێت: هەوڵدان نەوەک بۆ ئەوەی ببیتە کەسێکی سەرکەوتوو، بەڵکو بۆ ئەوەی ببیتە کەسێکی بەهادار. ئەدەبی ئەوانەش هەوڵی ئەوەیان پێوە دیارە، کە ببێتە ئەدەبێکی بەهادار، جا گرنگ نییە سەرکەوتوون یان نا، مادام ماهیەتی ناوەڕۆک هەوڵدانی بەردەوامە.

دیارە هەوڵی دیکەیش هەن و ناتواندرێت فەرمۆش بکرێن، وەکو (تەیب قادر)، (ژاوێن شاڵی)، (داستان بەرزان)، (پشتیوان عەلی)، (ئاریان ئەبوبەکر)، (بڵند باجەلان)، (گۆران ڕەسوڵ) و چەند دەنگێکی دیکە، کە پێویستە لە کاتی خۆیدا دنیابینیان بخرێتە بەر رۆشنایی شرۆڤەکردن.

## (بە ١٤ ڕێگادا)ی (ڕێبین ئەحمەد خدر)

(ڕێبین ئەحمەد خدر) یەکەم بەرهەمی خۆی لەو ماوەیەدا بڵاو کردەوە لەژێر ناونیشانی (بە ١٤ ڕێگادا). لەو ئەزموونەدا (ڕێبین) پێچەوانەی شیعری باو، ئیشی لە هەڵگەڕانەوەدا کردووە، کە ئەو هەڵگەڕانەوەیە هەم لەسەر ئاستی فۆڕم و هەم دنیابینیی بەرجەستە کراوە. بە مانایەکی دیکە دەیەوێت بینینێکی دیکە بۆ فۆرمی راستەقینەی شتەکان بئافرێنیت. زۆرجار شتە گەورەکان بچووک و بچووکەکانیش گەورە دەکات، کە ئەو دوو پرۆسێسە بۆ تێکدانی ڕوانینی سەرەتاییە بۆ شتەکان و وێنا کردنیانە بە شێوەیەکی دیکە. دەتوانم بڵێم ئەوە وای کردووە شیعرەکانی (ڕێبین) زیاتر سوریالی بن. بە ڕەچاوکردنی ئەوەی مەبەستی سوریالییەکان بۆ گەیشتن بە سەرووی واقیع لە پێناو تێگەیشتن لە واقیع خۆیەتی. بە مانایەکی دیکە هەر هەوڵێک بۆ تێپەڕاندنی واقیع، هەنگاوێکی دیکەیە بۆ تێگەیشتن لە دیوەکانی دیکەی واقیع. ئەو دوالیزمە شاراوەیە بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لە شیعرەکانیدا تێبینی دەکرێت. هەوڵێکی دیکەی (ڕێبین) تێکشکاندنی ئەدەبی رۆمانسیی باوە.




بەشێکی زۆری ئەدەبی رۆمانسیی کوردی لە دوای راپەڕینەوە هەوڵێک نییە بۆ وێناکردنی تراجیدیا، بەڵکو زیاتر لە شێوەی هەڵچوونێکی دەروونیدا دەردەکەوێت. دەتوانین ئەم وێنەیە بە نموونە بهێنینەوە:

**لە تۆدا هەموو شتێک دەبینم**
**وا بڕوات دەبێت بە تەلەڤزیۆن**

یان:

**کاتێ ڕۆشتم**
**چاوەکانت پڕبوون لە فرمێسک،**
**پیازت پاک دەکرد.**

(ڕێبین) هەوڵی داوە تراجیدیا بە شێوەیەکی دیکە وێنا بکات، بە تایبەت لە زەمەنی نغرۆبوونی تاک لەنێو تۆرە ئاڵۆزەکانی جیهانگیری و نەهێشتنی مەدوای شێوەژیانی سرووشتی. (میگوال دی ئونامونۆ) فەیلەسووفی ئیسپانی لە بۆچوونێکیدا پێمان دەڵێت: کوشتنی کات ناوەڕۆکی کۆمیدیایە، بەڵام ناوەڕکی تراژیدیا کوشتنی نەمرییە. بەڵام ئەو تراجیدیایەی لەو دیوانەدا وێنا کراوە، تراجیدیای مردنی تاکە لەنێو تۆڕە ئاڵۆزەکانی ژیانی مۆدێرنێتەدا. بە تایبەت لەو زەمەنەی خودی ئێمە هەمیشە لەژێر مەترسیی ونبووندایە. قەرەباڵغی و تێکەڵبوون بەو شێوە ژیانە بە مردنی خود وێنا کراوە، هەر وەک لە وێنە شیعرێکدا هاتووە:

**ئەوە هەموو ژیانی ئێمە بوو:**
**لەنێو گۆڕستانێکی بچکۆلەدا یەکترمان ماچ کرد ،**
**لەنێو ئاهەنگێکی گەورەشدا مردین.**

ئەگەر لە ڕواڵەتدا گۆڕستان شوێنی مردووانە، ئەوا لەو دیڕەدا شوێنێکی زیندوو و هەستیارە، پێچەوانەی ئەوە، ئاهەنگی گەورە شوێنی مردن و لە دەستدانی خودە. دەتوانم بڵێم (ڕێبین) بە ناڕاستەوخۆ دەیەوێت ڕووبەڕووی شێوە ژیانی شارستانی ببێتەوە. هۆکاری هەبوونی شوێنێک بۆ گۆڕستان پاڵنەرێکی سرووشتییە، بەڵام ئاهەنگی گەورە بەرهەمی شارستانییە. دەرکەوتەکانی ژیانی شارستانی بە تایبەت لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە لە شیعرەکانی (ڕێبین)دا بە ئاشکرا دەبیندرێن، وەکو لەم وێنەیەدا هاتووە:

**سەرم بیست و پێنجساڵە دەژی**
**هێشتا لەبری بۆنی پرچ هەر دووکەڵ خەزن دەکات**

دووکەڵ یەکێکە لە دەرکەوتە سەرەکییەکانی ژیانی ئەمرۆمان، دەتوانین بڵێین چوونە دەرەوەمان لە ماڵ هەڵمژینی دووکەڵە، چونکە لە ژیانی مۆدێرنەدا لە جیاتی گالیسکە، ئۆتۆمبێلەکان دووکەڵدارەکان هەن. ئەو ئامێرە تەکنەلۆجیایانەی، کە وەکو (هایدیگەر) دەڵێت بە مرۆڤ دەستەمۆ ناکرێن. دەتوانم بڵێم وێنە سوریالییەکانیش گەمەکردنن بە تەکنەلۆجیا، کە مرۆڤی مۆدێرن بە شێوەیەکی خۆنەویست تێکەڵیان بووە، وەکو لەو وێنەیەدا هاتووە:

**عاشقی کچێک بووم**
**دوای کەوتم – خۆی فڕێدایە ناو تەلەڤزیۆن**
**منیش ویستم وابکەم– کارەبا کوژایەوە**
**وای چ داستانێکی خەمگینە!**

ئەوە پرۆسێسی هەڵگەڕانەوە و روخاندنی شێوە باوەکەی دنیایە و بە هۆیەوە شاعیر دنیایەکی تەواو جیاواتر وێنا دەکات، دنیایەک هەموو شتەکان تێکەڵ دەبن لە پێناو ئافراندنی شتێکی جیاوازتردا. ئەوەی خاڵی جێگەی سەرنجی منە ئەوەیە، کە (رێبین) بە هەمان کەرەستەی واقیعی کار دەکات، بەڵام لە خودی ئەو کەرەستانەیش بەو شێوەیەی، کە هەن، هەڵدەگەڕێتەوە و بینینێکی دیکەیان پێ دەبەخشێت. ئەوە ناکاتە ئەوەی، کە دژی شێوەی سرووشتیی شتەکانە، بەڵکو ئەو پرۆسێسە لە رێگەی وێناکردنەوە ماهیەتی شتەکانمان بۆ دەردەخات. (رێبین) سڵی لەوە نەکردووەتەوە شتە سرووشتییەکانیش هەڵگەڕێنێتەوە، بۆ نموونە وەک لەو وێنەیەدا هاتوو:

**مێرووولەکە بەدەم خەوەوە دەگری**
**چونکە لە خەونیدا بۆتە فیل و ..**
**ناتوانێ دەنگە گەنمەکە پاڵبدا.**

کاتێ مێرووله لە خەونیدا ڕووبەڕووی ڕووداوی دۆناودۆن دەبێتەوە، جۆرێک لە هەڵگەڕانەوە لە ژیانیدا ڕوو دەدات. (رێبین) دەستکاری وێنە سرووشتییەکەی کردووە، بۆ ئەوەی ماهیەتی ئەو وێنە سرووشتییە دەربخات. مێرووله خاوەنی شێوە ژیانی سرووشتیی تایبەت بە خۆیەتی. ڕووداوی بەدگۆڕان بۆ شتێکی گەورەتر نەوەک دەبێتە هۆی گریانی مێرووله، بەڵکو لە سرووشتی بوونی خۆیشی دادەبڕێت.

## (ڕێبین) بە ناڕاستەوخۆ دەیەوێت ڕووبەڕووی شێوە ژیانی شارستانی ببێتەوە. هۆکاری هەبوونی شوێنێک بۆ گۆڕستان پاڵنەرێکی سرووشتییە، بەڵام ئاهەنگی گەورە بەرهەمی شارستانییە. دەرکەوتەکانی ژیانی شارستانی بە تایبەت لە دوای شۆڕشی پیشەسازییەوە لە شیعرەکانی (ڕێبین)دا بە ئاشکرا دەبیندرێن

ئەوەی لە کۆی دیوانەیەکی (ڕێبین)دا دەبیندرێت، گەڕانەوەیەتی بۆ خودی خۆی و لەوێوە هەوڵی وێناکردنی شتەکانی بە شێوەیەکی جیاوازتر داوە. پرۆسێسی وێناکردن هەر لە مرۆڤی سەرەتاییەوە تاکو ئێستا پانتاییەکی گەورەی لە خەیاڵمان داگیر کردووە، بەڵام هەندێک وێنە هەن زاڵ کراون و پانتایی سەرەکیی کۆمەڵگایان داگیر کردووە. گرنگ نییە بە چ بەهانەیەکی سیاسی یان ئایینی و کەلتوورین، بەڵکو خاڵی کاریگەر ئەوەیە وەکو وێنەی پیرۆز و بەهادار زەق کراونەتەوە. هەوڵێکی کاریگەر لای (ڕێبین) هەست پێ دەکرێت، ئەویش هەڵوەشاندنەوەی وێنەی باوی شتەکانە. بۆ نموونە لەم وێنەیەدا هاتووە:

**جنۆکەکان وەک مرۆڤ شکستە، ناتوانن خۆیان ون بکەن**
**نانیان دەبڕێ و ناتوانن کەسیش شێت بکەن**

لێرەدا راستەوخۆ هەوڵی ڕەتدانەوەی وێنەکان نەهاتووە، بەڵکو بە کارهێنیان بە شێوەیەکی دیکە بۆ ئەوەی لە ماهیەتی جەوهەری خۆیان داببڕدرێن و ئەو ناوەڕۆکەی پێیان بەخشراوە، هەڵبوەشێندرێتەوە.
ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت (ڕێبین) لە ڕێگەی ئەو پرۆسێسەوە هەوڵی ڕووبەڕووبوونەوەی راستەقینەی دیاردەکانی داوە. بەڵام خودی ئەو هەڵگەڕانەوەیە بە تەنیا یەک ئاراستەی وەستاوی نییە، بەڵکو لە چەندین رەهەندەوە هەوڵی بەرجەستەبوونی دراوە. (ڕێبین) لە هەوڵی بەردەوام دایە بۆ ئافراندنی دنیای تایبەتی خۆی و وێنا کردنی، بەڵام خاڵی سەرەکی لای ئەو هەوڵی جیاوازبوون و دەرچوونە لە شێوەی باوی وێناکردن. شیعرەکانی (ڕێبین) ئاڕاستەی تایبەتیی خۆیان وەرگرتووە.




**(کتێبی سفر)ی عومەر جەلال**

قسەکردنی ئێمە لە بارەی شیعرەکانی (عومەر جەلال) تەنیا کتێبە نوێیەیەکەی (کتێبی سفر) دەگرێتەوە. (عومەر) ناونیشانەکەیشی بە هۆشیارییەوە هەڵبژاردووە، کە (سفر) یەکێکە لە ئاماژەکانی (هیچ). بە بڕوای (هایدیگەر) (هیچ) ئەو شتەیە، کە ونە و سەرچاوەی هەموو شتێکیشە. هەر ئەو پێی وایە تەنانەت زانستیش لە بەردەم لێکۆڵینەوە لەبارەی (هیچ)ەوە دەستەوەستانە. هەوڵی (عومەر) مامەڵە کردنە لەگەڵ ئەو (هیچ)ەدا. ئەو دەیەوێت لە قۆناغی هیچەوە بە دیدێکی دیکە هەوڵی ئافراندن بدات. دۆخی گەڕانەوە بۆ (هیچ) لای (عومەر) سەرەتای هەڵگەرانەوەیەتی لە دنیابینییە گشتییەکەدا. ئەگەر وەکو (نیتچە) پێمان وابێت بوون هیچە، ئەوا ئەو پارادۆکسە لای (عومەر) بە شێوەیەکی دیکە مامەڵەی لەگەڵ کراوە. عومەر هەوڵی وێناکردن و بەرجەستەکردنی ئەو هیچەی داوە. بۆیە زۆرجار ئەو هەناسەیە لە شیعرەکانی عومەر هەست پێ دەکەین، ئەویش خۆ دوور گرتنی خودە لە ئەوانی دیکە، هەر وەک لە شیعری یەکەم وێنا کراوەدا هەستی پێ دەکەین:

**کولانەی سەگێک بۆخۆم چی دەکەم**
**تەنیایی نەمناسێتەوە**
**ئێوارە شەرم ڕۆ بکات**
**شەویش نەتوانێت بانگم بکات**
**شیعر بۆ سەگەکان دەخوێنمەوە**
**حەپە حەپ ئاوێتەی زمان دەبێت**

وەک سەرەتایەک وایە بۆ جیابوونەوە لە پێناو گەڕانەوە بۆ خۆ. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا لە زۆربەی شیعرەکانیدا هەوڵی وێنا کردنی خودی ونبووی خۆی داوە. وەک لەو وێنەیەدا هاتووە:

**لە قەرەباڵخیدا هەمیشە تەنیام**
**لە تەنییدا هەمیشە قەرەباڵخم،**

لێرەدا کەوتنە نێو ئەوانی دیکە پرۆسێسی نامۆبوونی لێ کەوتووەتەوە، کە لە ئەنجامی بەریەککەوتن و دژەکاری لەگەل دنیابینیی تایبەت بە خۆ سەری هەڵداوە. قەرەباڵغی لای (عومەر) ئەو تەنیایەیە، کە هیچی لێ بەرهەم نایەت، بەڵام تەنیایی قەرەباڵغییەکی پڕاوپڕە. جیاوازیی ئەو دووانە ئەوەیە، کە تەنیایی بە خۆمان و بۆ هەرە قووڵایی ناخمان دەگەڕێنێتەوە. وەکو دیکە هەموو خوێندنەوە و تێرامانێک لە ناخی ئێمە سەرچاوە دەگرن، هەر بەو هۆیەوە دەتوانین پرۆسێسی گەڕانەوە بۆ خۆ بە گرنگترین شت ناوەزەند بکەین. بەڵام ئایا لەو تەنیاییەشدا تاکە بۆشایی گەورە چییە؟ ئەمەیش لای (عومەر) وێنا کراوە، ئەویش چاوەڕوانیکردنی (گۆدۆ) کەیەتی. دیارە ئێمە مەبەستمان لە (لە چاوەڕوانیی گۆدۆ)ی (ساموێڵ بێکیت)ە، کە یەکێکە لە کارە قووڵەکانی ئەدەبی جیهانی. (عومەر) دۆخی چاوەڕوانکردنی (گۆدۆ) وێنا دەکات. وەکو لەو وێنەیەدا هاتووە:

**هێند لە چاوەڕوانییدا ژیام**
**کاتژمێرەکەم خۆی لوول کرد و**
**گوتی پێویستت پێم نییە**
**ئیدی خۆت ئەندازیاری**
**چرپە و ترپەوخولەک ژمێریت!**

بەڵام ئەو چاوەڕوانییە لای (عومەر) وەک هەمان دەرئەنجام بۆ چاوەڕوانیکردنی (گۆدۆ) وێنا کراوە، وەکو لەو وێنەیەدا هاتووە:

**بەوەدا دەزانم منت خۆش دەوێت،**
**ئارەزوو دەکەی تا هەتایە**
**من نەبینیتەوە!**

یان

**جیاوازی تۆ و بەفر ئەوەیە؛**
**بەفر ئەگەری هەیە ساڵی تریش بگەڕێتەوە**
**بەڵام تۆ هەرگیز!**

خاڵی جەوهەری بۆ چاوەڕوانیکردنی (گۆدۆ) نەهاتنیەتی، ژیان ئەو چاوەڕوانیەیە، کە (بێکیت) وێنای کردووە. خودی ئەو چاوەڕوانییەیە، کە (نیتچە) پێی وایە مرۆڤ بێ ڕەوشت دەکات. بەڵام ئەو هاوکێشەیە لە شیعرەکانی (عومەر)دا لە پرۆسێسی ئامادەییەوە بۆ ونبوون درێژ دەبێتەوە. (گۆدۆ) لای (عومەر) ئامادەیی هەبووە، بەڵام ئێستا ونە. بە مانایەکی دیکە (عومەر) پرۆسێسی لەدەستدانی (گۆدۆ) وێنا دەکات، ئەو ئازارانەی لە دۆخی ونکردنی ئەودا ڕووبەروومان دەبێتەوە. بۆیە لەو دیوانەدا وێناکردنی ونبوون و لەدەستدان، پانتاییەکی گەورەی داگیر کردووە. وەک لەو وێنەیەدا هاتووە:

**غەمگینییەکانت و**
**توڕەبوونەکانت و**
**پێڵاوەکانت و**
**شتە خراپەکانیشتم**
**خۆشدەوێت!**

بەڵام دەرئەنجامەکانی لەدەستدانی (گۆدۆ) بە کەوتنە ناو تەنیایی وێنا کراوە. جەوهەری ئەو تەنیاییە نووسینەوەی ئازارەکانی ونکردنە، کە لە نائامادەیی (گۆدۆ)وە سەرچاوەی گرتووە. تەنیایی لای (عومەر) تاکە خاڵی بوونە لە نێوان ژیان و مردندا. ئەو پەنتاییەیە، کە نە دەتوانین پێی بڵێن مردن و نە دەتوانین بە ژیانی دابنێین. ئەو ونکردنە کاریگەریی لەسەر هەستکردن بە مردنی خۆ لە ناوەوەدا هەبووە، وەک لەو وێنەیەدا هاتووە:

**تەرمێک لە ناوەوەمدا کەوتووە،**
**ناهێڵێت بۆ هیچ کوێ بڕۆم**
**لە هیچ شوێنێکیش جێگیرم ناکات،**
**ئەشێ ئەو تەرمە خۆم بم!**

دەکرێت ئەوە ناو بنێین (مردنی خۆ لە خۆدا)، ئەو مردنە لە ناو بازنەی وجودی هەستکردن بە لەدەستدان سەرچاوەی گرتووە. (گۆدۆ) لای (عومەر) ئەو هیچەیە، کە هەموو شتێکە.

(گۆدۆ) لای ئەو پێویستی نییە، بەڵکو سەرسامییە. ئەو بۆ ئەوە چاوەڕوانییەتی تاکو مانایەک بە نامۆییەکەی بدات. تەنانەت هەوڵی داوە ئەو سەرسامییە بە دیاردە وێنا بکات، وەک لەو وێنەیەدا هاتووە:

**یەکەمجار کە دەریام بینیی،**
**ئیرەییم بە جوانیی تۆ برد!**

دەریا وەک دیاردەیەک بۆ قووڵی وێنا کراوە، تەنانەت (بۆدلێر)یش لە شیعرێکدا وێنای ئەو قووڵییەی کردووە و بە خاڵی هاوبەشی خۆی لەگەڵ دەریادا دەزانێت. ئەو پێی وایە دەریا قووڵایی هەیە، ئەویش قووڵایی ناخە. لای (عومەر) ئەوی دیکە قووڵایی جوانیی هەیە، بەڵام جەوهەری ئەو جوانییە کاریگەرییەکی گەورەیە بۆ خود.

**ئەو هاوکێشەیە لە شیعرەکانی (عومەر)دا لە پرۆسێسی ئامادەییەوە بۆ ونبوون درێژ دەبێتەوە. (گۆدۆ) لای (عومەر) ئامادەیی هەبووە، بەڵام ئێستا ونە. بە مانایەکی دیکە (عومەر) پرۆسێسی لەدەستدانی (گۆدۆ) وێنا دەکات، ئەو ئازارانەی لە دۆخی ونکردنی ئەودا ڕووبەڕوومان دەبێتەوە**

لە ڕووی هونەرکارییشەوە شاعیر هەوڵی داوە تایبەت بنووسێت. ئەو وێنای تەنیایی خۆی بە شێوەیەکی هونەری دەردەبڕێت، بەو مانایەی خودی ئەو تەنیاییە و چاوەڕوانییە بۆ ئەوی دیکە بە شێوەیەکی هونەریی وێنا کراوە. چێژی شیعرەکانی ئەو لەو مامەڵە هونەرییەوە سەرچاوە دەگرن، کە شاعیر بەرانبەر بە شتەکان ئافراندوویەتی. لێرەدا هەرگیز هەست بەوە ناکرێت خودێکی دۆڕاو بدوێت، بەڵکو خودێکە خۆی بڕیاری ئەو بێهوودەییەی داوە. خودێکە لە تەنیاییدا بە خۆی گەیشتووەتەوە. چاوەڕوانی لای ئەو هاتنەوەی گۆدۆ نییە، بەڵکو جۆرێکە لە بەرەنگاربوونەوە. خودی گوزارشتکەر دەرئەنجامی ئەو چاوەڕوانییە دەزانێت، کە نەهاتنی گۆدۆیە، بەڵام گرنگیی (گۆدۆ) لای (عومەر) لە نەهاتنیدایە.

## (ڕووتبوونەوەی وشەکان)ی (غەمگین بۆڵی)

دووان لە بارەی چاپی دووەمی کتێبی (ڕووتبوونەوەی وشەکان)ی (غەمگین بۆڵی) پێویستی بە ئاڕاستەی جیاوازە، بەڵام ئەوەی لەو نووسینەدا دەخرێتە ڕوو خوێندنەوەیەکی خێرایە، هەر وەک بۆ ئەوانی دیکەیش کراوە. شاعیر هەوڵی داوە گەمە بە وشەکان بکات. لە ڕووی گوزارشتەوە هەوڵی داوە شتەکان بە ئاڕاستەیەکی جیاوازتر ببات. لای (غەمگین) خاڵێکی هاوبەش هەیە، کە خەسڵەتی شتەکان لە یەکتری نزیک دەکاتەوە. بۆ نموونە (گەرمی)ی هاوین و (گەرمی)ی جەستەی ژنێک هیچ جیاوازییەکیان نییە، مادام هەردووکیان فۆرمی گەرمین. ئەو پرۆسێسە مامەڵەکردنە لەگەڵ کێشەکانی زمان و واتادا. ئەو هەوڵی داوە پرۆسێسی وێنە و وێناکراو هەڵبوەشێنێتەوە. ئەگەر وێنەی گشتی بۆ گەرمایی هاوین شتێکی بێزارکەرە، ئەوا بۆ گەرمیی جەستی ژنێک چێژبەخشە، بەڵام لای (غەمگین) هەردووکیان دەچنە یەک فۆڕمەوە. بۆ نموونە لە شیعری (تۆ هەر تۆ)دا هاتووە:

**شەوێک هاتمە ناو ... تۆ**
**... تۆ**
**بەڵێ تۆ**
**گەرم**
**گەرم**
**گەرم بووی!**
**...**
**تاکو بەیانی موبەریدەم پێ کرد!**

ئەو پرۆسێسە گرێدانەوەی هەموو شتەکان بە خود، کە وەک بکەرێکی راستەقینە دەناسرێت. لای (غەمگین) خود دەکەوێتە پێش هەموو هاوکێشە ئاڵۆزەکانی ژیانەوە. وەک لەو وێنەیەدا هاتووە:

**یەکەمین کۆڵانی ئەم شارە**
**لەناو پێڵاوەکانمەوە...**
**دەست پێدەکات!**

پێڵاو کەرەستەیەکە بۆ پاراستنی قاچەکانمان لە ڕۆیشتندا، بەڵام لێرەدا پێڵاو وەکو کەرەستەیەکی مردوو مامەڵەی لەگەڵدا نەکراوە، بەڵکو خەسڵەتی بکەری دراوەتە پاڵ. بکەربوونی پێڵاو ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ پرۆسێسی ناساندنەوەی خود وەکو بکەری باڵای شتەکان. پێڵاو بکەرە،

بەڵام پاڵنەری جوڵاندنی ئەو بکەرە، قاچەکانن، کە بەشێکن لە جەستەی مرۆڤ و بە هۆی بڕیاری خودەوە دەجوڵێندرێن. بەڵام لە شیعرێکی دیکەدا (پێڵاو) جووڵێنەری خودە و بەرەو ڕۆیشتنێکی بەردەوامی دەبات. وەک لەو وێنەیەدا هاتووە:

**پێڵاوەکانم سەرقاڵی سەفەریان کردوومە**
**پێیەکانم لەنێویاندا بەندن!.**

ئەوە مێتافۆڕە بۆ ڕۆشیتنێکی بەردەوام و خولانەوە بە دەوری شتەکاندا. شیعری (سەفەری پێڵاوەکان تەواو نابن) یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی ئەو دیوانە، کە ئاماژە بەو خولانەوەی بەردەوامی خود دەکاتەوە لەنێو بازنەیەکی داخراودا. ئەو ڕۆیشتنەی لە سێچێوەی بازنەیەکە و بەردەوامیش دووبارە دەبێتەوە. ئەو دووبارەبوونەوەیە ئاماژەیەکی مێتافۆڕییە بۆ ئەو ساتانەی، کە لە ژیاندا جیاواز نین و مرۆڤ بۆ جیاوازی ناژییێت، بەڵکو پارادۆکسی ئەو ژیانە تەنیا کوشتنی کاتە.



(غەمگین) خودی خۆی بە بوونێکی تایبەت بە خۆ دەناسێنێت و پێی وایە پرۆسێسی هەبوون ئاڕاستەی خۆی لە خودەوە وەردەگرێت. خۆی تایبەت لای ئەو ئاماژەیەکە بۆ فرەڕەهەندبوونی مرۆڤ و دەرکەوتەکانی. تەنانەت هەوڵی داوە دەستەواژەی نوێ دابهێنێت بۆ ئەوەی گوزارشت لەو ڕەهەندە بکات. بۆ نموونە دەستەواژەی (مننامە) ئەو ڕەهەندەی لە خۆوە گرتووە، کە (من) بوونێکی فرەڕەهەندم و تایبەت بە خۆمم. بوونێک ئەوەیە، کە هەیە. لە شیعرەکەدا هاتووە:

**کەس بە کەسم نەچوێنیٚ...!**
**(من منم)**

ئەوە جەختکردنەوەیە لە خۆیبوونی خود بەرانبەر بە هەموو دەرکەوتەکانی دنیادا. گەڕانەوە بۆ خۆی پارادۆکسی شیعرەکانی شاعیرە. تەنانەت ئەو هەوڵی داوە هەمیشە شەڕی خود لەنێو ژیاندا بەرانبەر بە هەموو شتەکان بکات، لە سەرووی هەمووشیانەوە مردن. بەڵام ئەو ڕاستییە ناشارێتەوە، کە ژیان هیچ نییە جگە لە گەمەی مردن. وەک لەو شیعرەدا هاتووە:

**سەردێر**

**ژیان خەونی مردنە**
**بە دەم ڕێگەوە بنێشتی بوونەکانی دەجوێت.**

(بن دێر)
لەو بۆشاییەدا، واتە بۆشایی نیوان ژیان و مردن، خودێک هەیە، کە بە نیگەرانییەوە دەخولێتەوە. خودی ئەو نیگەرانییە لای شاعیر پێوەندیی بە ڕۆیشتن بەرەو مەرگەوە هەیە. بەڵام لای ئەو ژیانیش مانایەکی ئەوتۆی نییە، جگە لە دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوام. وەکو لەو وێنەیەدا هاتووە:

**پۆترێتێکی دووبارەی خۆم**
**نان خواردن،**
**خوێندنەوە،**
**سێکس،**
**نووسین،**
**نووستن،**

**سبەیش بە هەمان شێوە!**
**(بیست و چوار کاتژمێری تەواو!).**

کەواتە ئەو ژیانەی، کە هەمیشە لەگەڵ مەرگ لە ململانێدایە، خۆی مانایەکی زۆر گەورەی نییە، بەڵکو ویستی ژیان (وەک ئەوەی شۆپینهاوەر ئاماژەی بۆ دەکات) ئێمەی بە ژیان بەستووەتەوە.
گەمەکانی ژیان و مردن کۆمەڵێک رەهەندی جیاواز لە خۆی دەگرێت. هەر ئاڕاستەیەکیش بەندە بە تێڕوانینی خودیمان بەرانبەر بە لێکدانەوەی ئەو دوو یارییە جیاوازە. بەڵام ئێمە مەبەستمان چۆنیەتیی مامەڵەکردن و وێناکردنی ئەو دۆخەیە، کە شاعیر تێیدا هەست بەو پرسیارە وجودییە دەکات. وێناکردن و رووبەڕووبوونەوەی مردن لە تێکستدا چەندین ڕوانینی جیاوازی لە خۆی گرتووە. بۆیە بەر لە هەر شتێک هەوڵی جیاوازبوون لێرەدا رۆڵی سەرەکیی خۆی دەبینێت. چۆن دەتوانرێت جیاوازتر وێنای دۆخی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسیاری مەرگدا بکرێت؟
من پێم وایە بینینی دیاردە شاراوەکانی دیکەی مردن، وەڵامی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە. (غەمگین) لە چەند شیعرێکیدا هەوڵی داوە جیاوازتر لەو پرسیارە قووڵ ببێتەوە. وەک لەو نموونەیەدا هاتووە:

**رۆژهەڵاتی مەرگ**
**کە هێندە بە وردی دەگەڕێم لە ژیان**
**دەرزی مەرگم لێ ون نەبووە**
**ژیانم،**
**ڕەدووی تڕاویلکەکانی مەرگ کەوتووە!**
**مەرگم،**
**بۆتە ئاورینگ بەسەر گەڵا سەرمابردووەکانی**
**ژیان!**
**(خۆرئاوای ژیان)**

لەو شیعرەدا ژیان و مردن دوو شتی پێکەوە لکاوی یەکترن و لە ئاستی ناوەڕۆکیشدا جیاوازییەکی گەورەیان نییە، بەڵکو ئەوەی خاوەندارییەتیی ئەو دووانە دەکات، (من)ی بکەرە. لە ڕێگەی بەکارهێنانی جێناوی (من) خاوەندارییەتیی ئەو دووانە لە لایەن خودەوەیە، نەوەک شتێک بێت لە دەرەوەی پرسیاری وجودماندا.

## گەمەکانی ژیان و مردن کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاواز لە خۆی دەگرێت. هەر ئاڕاستەیەکیش بەندە بە تێڕوانینی خودیمان بەرانبەر بە لێکدانەوەی ئەو دوو یارییە جیاوازە. بەڵام ئێمە مەبەستمان چۆنیەتیی مامەڵەکردن و وێناکردنی ئەو دۆخەیە، کە شاعیر تێیدا هەست بەو پرسیارە وجودییە دەکات. وێناکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی مردن لە تێکستدا چەندین ڕوانینی جیاوازی لە خۆی گرتووە

بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕوانینانەی مردن دەخەنە دەرەوەی کایەکانی ژیانەوە، مەرگ شتێکە لە جەوهەری ژیاندا ڕوو دەدات و ماناکەیشی هەر لەوێدا شاراوەیە، بەڵام مردن هەمیشە لە ڕێگەی دیاردەی مەرگی کەسێکی دیکەوە بۆتە پرسیار و ئێمەیش بە شێوەی جیا جیا وێنای دەکەین. پارادۆکس ئەوەیە لای (غەمگین) دەرکەوتە و دیاردەی مەرگ هەر هەمان ئەو دۆخە دەئافرێنێت، کە خود بەرانبەر بە هەبوونی خۆی لێی دەبێتە پرسیار.
چاپی دووەمی ئەو دیوانە جیاوازتر لە چاپی یەکەمی دنیابینیی خودی تێدا وێنا کراوە. خودێک، کە هەمیشە لەگەڵ شتەکان لە مامەڵەیەکی جیاوازدایە.

سەرچاوەکان:
١- بۆ خوێندنەوەی دوانە شیعرییەکانی ئەو سێ شاعیر، بڕوانە:
- ڕێبین ئەحمەد خدر/ بە ١٤ ڕێگادا/ شیعر/ چاپی یەکەم ٢٠١٢/ لە چاپخانەی ڕۆژهەڵات چاپ کراوە.
- عومەر جەلال/ کتێبی سفر/ شیعر/ لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرێتی ڕۆشنبیری و هونەری چەمچەماڵ/ چاپی یەکەم ٢٠١٢
- غەمگین بۆڵی/ ڕووتبوونەوەی وشەکان/ شیعر/ لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری ڕۆشنبیری خەون، پرۆژەی چاپکردنی کتێب/ چاپی دووەم ٢٠١٢
٢- بۆ خوێندنەوەی سەرجەم نامەکانی (ریلکە)، بڕوانە ئەو لینکە:
http://www.carrothers.com/rilke_main.htm
٣- هایدیگەر، مارتین/ مێتافیزیک چییە؟/ وەرگێرانی دکتۆر حەمید عەزیز/ لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر/ چاپخانەی ڕۆژهەڵات ٢٠١٢

# وەرگێڕان

Översättning

Oversættelse תרגום

ترجمة

Traducción

Translation

תרגום وەرگێڕان ترجمة Übersetzung

翻訳

Traducción Μετάφραση Translation

Перевод وەرگێڕان

Μετάφραση

ترجمة

Çeviri

Oversættelse תרגום Översättning

وەرگێڕان Μετάφραση

Translation

Oversættelse

Çeviri 翻訳

Übersetzung

Перевод Übersetzung

翻訳 ترجمة

Översättning Traducción

Перевод

תרגום

ترجمة

وەرگێڕان Μετάφραση

Translation Übersetzung Çeviri Traducción

پێویستی و گرینگی کاری وەرگێران وامان لێدەکان کە بەردەوام لەهەوڵی قسەکردن و شرۆڤەکردنی ئەم پرۆسەیە بین. ئێمە لە ڕێگەی وەرگێرانەوە جیهان دەناسین و جیهان دەماننناسێ. لە ئێستادا وەرگێڕانی بابەتە ئەدەبی و فیکری و کۆمەڵایەتییەکان پشکی شێریان بەرکەوتووە و ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش ڕێژەی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی کتێبە وەرگێڕدراوەکان روو لە زیاد بوونە. پرۆسەی وەرگێران بۆ کوردی و بە پێچەوانەشەوە خۆی لە زمانێک یان دووان قەتیس نەکردووە. لە ئێستا پرۆسەی وەرگێڕان بۆ کوردی لە زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان دەبیندرێ.

ئێمە لە گۆڤاری (٢٣)وە تەوەرێکی تایبەت بە وەرگێڕانمان کردووەتەوە و دەمانەوێ کۆمەڵێک لەو وەرگێڕە دیار و بە بەرهەمانەی کە لە زمانە جیاجیاکانەوە وەردەگێڕن، لە چەند پرسێکی تایبەت بە وەرگێڕان بدوێنین و لەو ڕێگەیەوە بگەینە دەستیشانکردنی ئاستی ئەم پرۆسەیە و خاڵە بەهێز و لاوازەکانی کردەی وەرگێڕان بخەینەڕوو.



**بەکر شوانی:**

**بێ هیچ گومانێک مەرجی یەکەمی وەرگێڕان ئەوەیە کە وەرگێڕ شارەزایی تەواوی لە زمانی خۆیدا هەبێت**

**پرسیار/ بەو پێیەی کە هەموو دەستەواژەیەک پێناس و ناسینی خۆی هەیە، چۆن پێناسەی وەرگێڕان بکەین؟**

**بەکر شوانی:** ئاشکرایە دەکرێت پێناسەی جۆراوجۆر بۆ وەرگێڕان بکرێت، بەڵام من لە ڕووی ئەزموونی خۆمەوە دەڵێم وەرگێڕان بریتییە لە کرداری گواستنەوەی بیر و هزری بەرهەمهێندراو بە زمانێکی دەستنیشانکراو لەو زمانەوە بۆ زمانێکی تر. ئاشکرایە میللەتێک چەندیش بە ژمارە زۆر بێت و خەڵکانی شارەزا و پسپۆری هەموو بوارەکانیشی هەبێت، ناتوانێت بێ سوودوەرگرتن لە کولتوور و بەرهەمی هزری میللەتانی تر کولتووری خۆی دەوڵەمەند بکات و پێش بخات. پردی پەیوەندیی نێوان زمان و کولتوورەکانیش بێگومان وەرگێڕانە. بۆ وەرگێڕیش وەرگێڕان بریتییە لە توانای وی بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ پێچ و پەناکانی زمان و باش تێگەیشتن لە دەقی بیانی و بەتۆکمەیی و بەجوانی داڕشتنەوەی بە زمانی کوردی.

**پرسیار/ ئەو پرەنسیپ و تایبەتمەندیانە چین کە وەرگێڕ لە وەرگێڕانی تێکستێکدا دەبێ کاریان لەسەر بکات؟**

**بەکر شوانی:** بە پێچەوانەی ئەو وڵاتانەوە کە بایەخی زۆر بە پرۆسەی وەرگێڕان دەدەن، ئێمە دەزگا یان سەندیکایەکی تایبەت بە وەرگێڕانمان نییە تا کۆمەڵێک پرەنسیپ و تایبەتمەندی بۆ وەرگێڕەکان دەستنیشان بکات و بەردەوام بەدواداچوونیان بۆ بکات. بۆیە هەر وەرگێڕێک بەپێی بۆچوونی خۆی کۆمەڵێک پرەنیسپ و تایبەتمەندیی هەیە و پێیانەوە پەیوەستە و لەوانەیە وەرگێڕەکان لە بەشێک لەو پرەنسیپ و تایبەتمەندییانەدا هاوبەش بن. من بەش بە حاڵی خۆم هەموو ئەو کەسانەی کە بەرهەمیانم وەرگێڕاوە؛ بە تایبەتیش ئۆرهان پاموک و یەشار کەمال لە نزیکەوە دەناسم و نزیکەی هەموو بەرهەمەکانیانم خوێندووەتەوە. هەروەها بەردەوام وتار و دیمانە و چاوپێکەوتنەکانیان دەخوێنمەوە. ئەو دوو نووسەرە هەردووکیان بە تورکی دەنووسن، بەڵام هەریەکەیان زمانێکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەجۆرێک ئەگەر لاپەڕەیەک نووسینی یەکێکیان بخرێتە بەردەستم و ناوی بەسەرەوە نەبێت، بە خوێندنەوەی چەند دێرێک دەزانم هی کامیانە. مەبەستم لەو نموونەیە ئەوەیە کە پێویستە  وەرگێڕ پێشتر لێکۆڵینەوەی تەواو بکات لە بارەی ئەو نووسەرەوە کە بەرهەمی وەردەگێڕێت بۆ ئەوەی دواجار کارێکی بەپێز و شیاو بخاتە بەردەستی خوێنەر.

**ڕەنگە کەسانێک کە بەرهەمی هزر و فەلسەفە و زانستەکان وەردەگێڕن، لە بواری وشەسازیدا دەستیان زۆر والا نەبێت، چونکە ئێمە لەو بوارانەدا زیاتر بەرخۆرین نەک بەرهەمهێن. تا ئێستایش هەوڵێکی بەهەند نەدراوە بۆ ئەوەی فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ زاراوەسازیی کوردی دابنرێت و هەموو وشە و زاراوە و دەستەواژە زانستی و هزرییەکان لە خۆبگرێت تا وەرگێڕ سوودیان لێ وەربگرێت**

**پرسیار/ دەتوانرێت بنەماکانی وەرگێڕان بە شێوەیەکی گشتی بەکاربهێندرێت؟ بە جۆرێکی تر دەکرێ پرەنسیپەکانی وەرگێڕانی تێکستێکی هزری بۆ وەرگێڕانی دەقێکی شیعری بەکاربهێنین؟**

**بەکر شوانی:** وەڵامی ئەو پرسیارە زیاتر پەیوەندی بە ڕادەی گەشەکردنی زمانەوە هەیە. کورد لە بواری ئەدەبیاتدا گەنجینەیەکی دەوڵەمەندی هەیە، بۆیە وەرگێڕی ئێمە لە وەرگێڕانی تێکستی ئەدەبیدا بۆ کوردی دەستی والایە و گرفتی زۆری بۆ دروست نابێت. بەڵام ڕەنگە کەسانێک کە بەرهەمی هزر و فەلسەفە و زانستەکان وەردەگێڕن، لە بواری وشەسازیدا دەستیان زۆر والا نەبێت، چونکە ئێمە لەو بوارانەدا زیاتر بەرخۆرین نەک بەرهەمهێن. تا ئێستایش هەوڵێکی بەهەند نەدراوە بۆ ئەوەی فەرهەنگێکی گشتگیر بۆ زاراوەسازیی کوردی دابنرێت و هەموو وشە و زاراوە و دەستەواژە زانستی و هزرییەکان لە خۆبگرێت تا وەرگێڕ سوودیان لێ وەربگرێت. ئەگەر دوو وەرگێڕ بێ ئاگاداریی یەکدی هەمان کتێبی فەلسەفی بۆ کوردی وەربگێڕن، بەدووری نازانم دوو تێکستی جیاواز بێتە ئاراوە، چونکە هەر وەرگێڕێک لە ڕوانگەی خۆی و بەو شێوەیەی کە خۆی بە ڕاستی دەزانێت وشە و زاراوە و دەستەواژەکان وەردەگێڕێت.

**پرسیار/ ئایا ئامانجی وەرگێڕان گەیاندنی مانای دەقە یاخود گواستنەوەی کولتوور، یان هەردووکیان بەیەکەوە. بە واتایەکی تر، ئەرکی وەرگێڕان وەک کردەیەک چییە؟**

**بەکر شوانی:** بێگومان ئامانجی وەرگێڕان گەیاندنی واتای دەق و گواستنەوەی کولتوورە پێکەوە. هەر دەقێک هەڵگری بەشێک لە قوڵایی و ڕەهەند و دەوڵەمەندییەکانی زمانی ئەو کولتوورەیە کە پێی نووسراوە. وەک چۆن بە شەپۆلەکانی هەوادا بەرنامەکانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن و تۆری ئینتەرنێتمان پێدەگات، بە رایەڵەکانی وەرگێڕانیشدا بەرهەم و جۆری بیرکردنەوە و داهێنانی میللەتانی ترمان پێدەگات. واتا وەرگێڕان پرد و ئامرازی بە یەکگەیاندن و ئاوێتەکرکردنی زمان و کولتوورەکانە و هیچ ئامرازێکی تر ناتوانێت جێگەی بگرێتەوە.

**دەقی وەرگێڕدراو لە زمانی دووەمەوە هەمان چێژی دەقی وەرگێڕدراو لە زمانی یەکەمەوە نادات. وەرگێڕی فارس یان عەرەب لە وەرگێڕانی دەقێکی بیانی بۆ زمانی خۆی لە دید و بۆچوونی خۆیەوە تێکستەکەی دارشتووەتەوە و وەرگێڕی ئێمەیش دێت جارێکی تر سازشی لەگەڵ دەکات و دەیکات بە کوردی**

**پرسیار/ ئەو خاڵە لاوازانە چین کە لە وەرگێڕانی تێکستێکدا دەبینرێن، کاتێک ئەو تێکستە لە زمانی یەکەمەوە وەرناگێڕدرێت و بەڵکو بە فلتەری زیاتر لە زمانێکدا رۆیشتووە؟**

**بەکر شوانی:** ئێستا دیاردەی وەرگێڕانی شاکارە جیهانییەکان لە عەرەبی و فارسییەوە، واتا لە زمانی دووەمەوە بەدی دەکرێت. ئەمەیش کۆمەڵێک دەرئەنجامی نەرێنی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، چونکە دەقی وەرگێڕدراو لە زمانی دووەمەوە هەمان چێژی دەقی وەرگێڕدراو لە زمانی یەکەمەوە نادات. وەرگێڕی فارس یان عەرەب لە وەرگێڕانی دەقێکی بیانی بۆ زمانی خۆی

له دید و بۆچوونی خۆیەوە تێکستەکەی داڕشتووەتەوە و وەرگێڕی ئێمەیش دێت جارێکی تر سازشی لەگەڵ دەکات و دەیکات بە کوردی. لەو نێوانەدا دەقە ڕەسەنەکە تا ڕادەیەکی زۆر کاڵ دەبێتەوە و تام و بەرامەی خۆی لە دەست دەدات. شتێکی سەرنجڕاکێش لەم بوارەدا ئەوەیە لە بازاڕەکانی کوردستاندا هەڵدەکەوێت کتێبی نووسەرێکی جیهانی دەبینیت لە فارسییەوە یان لە عەرەبییەوە کراوە بە کوردی و لەسەری نووسراوە: وەرگێڕانی فلان کەس. واتا وەرگێڕ یان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بەلایەنی یەکەمەوە لەسەر بەرگی دەرەوە ناوی ئەو زمانە دانانێت کە کتێبەکەی لێوە وەرگێڕدراوە، چونکە لە زمانی دووەمەوە کراوە بە کوردی. ئەم دیاردەیش تەنیا لای کورد بەدی دەکرێت و ئەویش دەرئەنجامێکی نەرێنیی وەرگێڕانە لە زمانی دووەمەوە. پێم وایە پێویستە ئێمە خەڵکانێکمان هەبێت کە بتوانن ڕاستەوخۆ لە زمانی یەکەمەوە و لە زمانە زیندووەکانی جیهانەوە دەق وەربگێڕن.

**پرسیار/ قسەیەک هەیە کە دەڵێن دەبێ وەرگێڕ جگە لەو زمانەی دەیزانێ و وەریدەگێڕێ، شارەزاییەکی تەواوی لە زمانی خۆی (زمانی دایک) هەبێ و ئەوسا دەتوانێ وەرگێڕانێکی تۆکمە ئەنجام بدات. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێمە هێشتا زمانێکی یەکگرتوو و ستاندارمان نییە و نووسەران و وەرگێڕکاران بە پێی ناوچەگەرییەتییەوە دەنووسن، لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

**بەکر شوانی:** بێ هیچ گومانێک مەرجی یەکەمی وەرگێڕان ئەوەیە کە وەرگێڕ شارەزایی تەواوی لە زمانی خۆیدا هەبێت. شتێکی زۆر نالۆژیکییە ئەگەر وەرگێڕ دەسەڵاتی بەسەر زمانی زگماکی خۆیدا نەشکێت و دەست بداتە وەرگێڕان. بەداخەوە لە ناو کورددا لەو بابەتەمانیش هەیە. هەرچی مەسەلەی نەبوونی زمانی ستاندارد و یەکگرتووی کوردیشە، ئەوە زیاتر کارێکی زانستییە و زۆر پەیوەندی بە وەرگێڕەوە نییە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت زۆری دیالێکتەکان بخرێتە خزمەتی وەرگێڕانی دەقەوە بۆ کوردی، وەلێ بەمەرجێک وەرگێڕ لە پاڵ دەسەڵاتشکانی بەسەر دیالێکتی خۆیدا شارەزایی پێویستیشی لە دیالێکتەکانی تردا هەبێت.

**پرسیار/ لە کوردستاندا وەرگێڕانی بەکۆمەڵ یان دەستە بە دەگمەن هەیە و ئەگەر هەشبێ هەوڵی جدی نین و تا ئێستاش سەنتەرێک یان کۆمەڵەیەکی تایبەت بە وەرگێڕکاران نییە، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**بەکر شوانی:** بەڵێ، تا ئێستا کاری وەرگێڕان لە کوردستان زیاتر بە دەستپێشخەریی وەرگێڕ خۆی ئەنجام دەدرێت. زۆر شت هەیە کە کورد هێشتا نییەتی و یەکێک لەوانە سەندیکا یان ڕێکخراوێکی تایبەتە بە وەرگێڕان. لە وڵاتانی جیهان پەرەپێدان و ڕێکخستنی کاری وەرگێڕان بە پلەی یەکەم ئەرکی دەوڵەتە.

جا لەبەرئەوەی ئێمە حکوومەتمان هەیە و دەوڵەتمان نییە، کەواتە ئەو ئەرکە دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان. وەرگێڕەکانیش پێویستە ڕیزەکانی خۆیان یەک بخەن و وەک سەرەتا هەوڵ بدەن بۆ بەستنی کۆنفرانسێکی تایبەت بە وەرگێڕان. پێویستە دەزگایەکی تایبەت بە وەرگێڕانمان هەبێت کە بەپێی بەرنامە و ستراتیژییەکی نەخشە بۆ کێشراو بابەتی پێویست بۆ وەرگێڕان ئامادە بکات و چەند کەسانێکی پسپۆری هەبێت کە بەسەر دەقی وەرگێڕدراودا بچنەوە و لە قاڵبی ئەو ڕێسا و ستانداردە زمانەوانی و زانستییانەی بدەن کە پێشتر بۆ کاری وەرگێڕان دەستنیشان دەکرێت. لە بەرامبەر ئەوەیشدا پێویستە مافی وەرگێڕان پارێزراو بێت و کاری وەرگێڕان بە یاسا وەک پیشە تۆمار بکرێت.



**کەریم تاقانە:**

**وەرگێڕی شارەزا و سەرکەوتوو ئەو وەرگێڕەیە کە دەتوانێ فۆرم و ڕیتمی تێکست، بگوازێتەوە بۆ زمانەکەی خۆی**

**پرسیار/ بەو پێیەی کە هەموو دەستەواژەیەک پێناس و ناسینی خۆی هەیە، چۆن پێناسەی وەرگێڕان بکەین؟**
**کەریم تاقانە:** وەرگێڕان ئاوێنەیەکی باڵانوێنە.. لە ڕێگای وەرگێڕانەوە فەرهەنگ و شارستانیەتیی دیکە دەبینین و لەگەڵیان ئاشنا دەبین.. هەر لە ڕێگای وەرگێڕانەوە دەتوانین باشتر فەرهەنگ و شارستانیەتیی خۆیشمان ببینین و بزانین چیمان کردووە و دەبێ لە ئێستا و لە داهاتوودا چی بکەین. هەر لە ڕێگای وەرگێڕانیشەوە دەبینە خاوەنی زمانێکی پاراو و دەوڵەمەند و زیندوو.

**پرسیار/ ئەو پرەنسیب و تایبەتمەندیانە چین کە وەرگێڕ لە وەرگێڕانی تێکستێکدا دەبێ کاریان لەسەر بکا؟**
**کەریم تاقانە:** لە وەرگێڕانی چ جۆرە تێکستێکدا؟
وەرگێڕ دەبێ عاشقی ئەو تێکستە بێ کە دەیەوێ وەریبگێڕێ، دەبێ خۆی تێدا ببینێتەوە، ئەگەر نا، زەحمەتە بتوانێ لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بێ. ئەمڕۆ کە باسی نووسین و وەرگێڕان دەکرێ، من، بەر لە هەر شتێک، بیرم بۆ لایەنی زمان دەچێ.. زمانە کوردییەکە.
تۆ کوردیت و دەتەوێ تێکستێک بکەیتە کوردی، بەر لە هەر شتێک تۆ دەبێ زمانەکەی خۆت باش بزانی. بەو مانایە کە لەگەڵ مێژووی زمان و فەرهەنگی خۆت، لەگەڵ هەوراز و نشێوەکانی زمانی خۆت، تاڕادەیەکی باش، ئاشنا بی. واتە تۆ دەبێ پاشخانێکی ڕۆشنبیریت هەبێ دەنا زەحمەتە بتوانی لە گرینگیی ئەو تێکستە بگەی کە وەریدەگێڕی. دوای ئەوە، دەبێ شارەزای زمانی نووسەری ئەو تێکستە بی و دەستەڵاتت بەسەریدا بشکێ.
من پێم وایە وەرگێڕی شارەزا و سەرکەوتوو، ئەو کەسەیە کە ڕێزی وشە دەگرێ، بەڵام بەتەنیا وشە و ڕستە وەرناگێڕێ، ئەو کەسەیە کە گرینگییەکی یەکجار زۆر بە زمانی خۆی دەدا و هەموو هەوڵێکیشی لەپێناوی ئەوەدایە کە زمانی نووسەر، لە هیی خۆیدا بدۆزێتەوە، وەرگێڕی شارەزا و سەرکەوتوو ئەو وەرگێڕەیە کە دەتوانێ فۆرم و ڕیتمی تێکست، بگوازێتەوە بۆ زمانەکەی خۆی، بە بێ ئەوەی وەرگێڕانەکەی ببێتە شتێکی ڕەق و تەق و بێڕۆح.

**وەرگێڕی وا دەبینی، هەمیشە وەردەگێڕێ..
کە دێی کتێبەکەی بخوێنیتەوە، دەبینی هەر
لە یەکەم لاپەڕەوە تووشی چەندین
هەڵەی زمانەوانی و ڕێنووس بووە. لە
دێڕێکدا دەنووسێ: «دەڕۆم»،
لە دێڕێ دواتردا نووسیویەتی:
«ئەڕۆم».
لە شوێنێکدا بە هەڵە دەنووسێ:
«خۆشمدەوێ».
لە جێیەکی دیکەدا نووسیویەتی:
«خۆشم ئەوێ».**

**پرسیار/ دەتوانین بنەماکانی وەرگێڕان بە شێوەیەکی گشتی بەکاربهێندرێت؟ بە جۆرێکی تر دەکرێ پرەنسیبەکانی وەرگێڕانی تێکستێکی هزری بۆ وەرگێڕانی دەقێکی شیعری بەکاربهێنین؟**

**کەریم تاقانە:** من وەختێک چیرۆکێک یا ڕۆمانێک وەردەگێڕم، دەبێ بزانم کە کارەکەم زۆر حەساسە. دەبێ ڕستە و پەرەگراف و ڕیتم و قاڵب بکەمە کوردی. دەبێ خەمی ئەوە بخۆم کە ستایلی نووسەر بگوازمەوە. بۆ نموونە، ئەگەر تۆ چیرۆکێکی «ئاوگوست سترینندبێری» و یەکێکی «پێر لاگەرکڤیست»م بۆ وەردەگێری و منی خوێنەریش یەک زمان و یەک ستایل دەبینم، واتە زمانی تایبەتیی تۆی وەرگێڕ بەسەر هەردوو وەرگێڕانەکەتدا تەواو زاڵە، ئەوجار گومانم لە سەرکەوتوویی تۆ، وەک وەرگێڕ، لە لا دروست دەبێ. ئەوجار بیر لەوە دەکەمەوە کە داخۆ وەرگێڕانەکەی تۆ، خێروبێری بۆ زمانەکە و دنیای چیرۆک و ڕۆماننووسی هەیە..؟ بەڵام وەرگێڕانی هێندێک دەقی شیعری یا زانستی و فەلسەفی جیاوازە و بەو شێوەیە وەرگێڕ ناخاتە چوارچێوەوە و دەست و پێی نابەستێتەوە.

**پرسیار/ ئایا ئامانجی وەرگێڕان گەیاندنی مانای دەقە یاخود گواستنەوەی کولتوور، یان هەردووکیان بەیەکەوە. بە واتایەکی تر ئەرکی وەرگێڕان وەک کردەیەک چییە؟**

**کەریم تاقانە:** لە سەرەتاوە وەڵامی ئەم پرسیارەم، بە جۆرێک، دایەوە. ئێمە بۆ ئەوەی زمان و فەرهەنگی خۆمان دەوڵەمەند بکەین، دەبێ وەربگێڕین. پێویستمان بە بزووتنەوەیەکی بەربڵاوی وەرگێڕان هەیە. بەڵام ئەم بزووتنەوە بە بێ بەرنامە و پلانی ژیرانە و دووربینانە، بڕی هیچکوێ ناکا.

**پرسیار/ ئەو خاڵە لاوازانە چین کە لە وەرگێڕانی تێکستێکدا دەبینرێن، کاتێک ئەو تێکستە لە زمانی یەکەمەوە وەرناگێڕدرێت و بەڵکو بە فلتەری زیاتر لە زمانێکدا ڕۆیشتووە؟**

**کەریم تاقانە:** بە ڕای من، خاڵی لاوازی وەرگێڕان، لە باشووری کوردستان، بە پلەی یەکەم چۆنیەتیی بە کاربردنی زمانی کوردییە. وەرگێڕی وا دەبینی، هەمیشە وەردەگێڕێ.. کە دێی کتێبەکەی بخوێنیتەوە، دەبینی هەر لە یەکەم لاپەڕەوە تووشی چەندین هەڵەی زمانەوانی و ڕێنووس بووە. لە دێڕێکدا دەنووسێ: «دەڕۆم»، لە دێڕێ دواتردا نووسیویەتی: «ئەڕۆم». لە شوێنێکدا بە هەڵە دەنووسێ: «خۆشمدەوێ»، لە جێیەکی دیکەدا نووسیویەتی: «خۆشم ئەوێ».. ئەمانە هەر بۆ نموونە دەڵێم. دەی من چۆن بتوانم باوەڕ بە ڕاستی و دروستیی وەرگێڕانێک بکەم کە وەرگێڕەکەی هیچ گرینگی بە زمانی خۆی نادا؟ کە باسی زمانیشی لەگەڵ دەکەی، خۆی لێ دەبێ بە مەسعوود محەممەد و فەرهاد شاکەلی و شوکور مستەفا!

ئەوەیش کە تێکستێک، بە قەولی خۆتان، بە فلتەری زیاتر لە زمانێکدا ڕۆیشتووە، ئەوە ئیدی دەبێتە: تەرجەمەی تەرجەمە. پێم وایە لە زمانی فارسییەوە بە لێشاو کتێب دەکرێنە کوردی. مەسەلەی زمان و گرفتی وەرگێڕانەکە بە جێی خۆی، زۆربەی هەرە زۆری ئەو کتێبانەی لە ئێرانی ئەمڕۆدا چاپ دەبن، لەگەڵ سانسۆر بەرەو ڕوون. واتە سانسۆر ڕووی ڕاستەقینەی نووسەر و تێکستی شێواندووە. من ماوەیەک پێش ئێستا، «ئەویندار»ەکەی مارگرێت دۆراس-م بە سوێدی دەخوێندەوە. جا «قاسم روبین» ئەم ڕۆمانەی کردووەتە فارسی و دەستگای «نیلوفەر» چاپ و بڵاوی کردووەتەوە. لەو شوێنانەدا کە نووسەر باسی حاڵەتێکی ڕۆمانسی یان سێکسی دەکا، دەبینی قەیچیی سانسۆر بە پەرەگراف! وەرگێڕانەکەی «قاسم روبین»ی قرتاندووە.. ئێ، من چۆن دەتوانم بچم ئەم کتێبە بەو شێوەیە و لەو چاپەوە وەربگێڕم و تەحویلی خوێنەر و کتێبخانەی کوردیی بدەم و پێم وا بێ مارگرێت دۆراس- م وەرگێڕاوە؟

**زۆربەی هەرە زۆری ئەو کتێبانەی لە ئێرانی**
**ئەمڕۆدا چاپ دەبن،**
**لەگەڵ سانسۆر بەرەو ڕوون. واتە سانسۆر**
**ڕووی ڕاستەقینەی نووسەر و تێکستی شێواندووە.**
**من ماوەیەک پێش ئێستا، «ئەویندار»ەکەی**
**مارگریت دۆراس–م بە سوێدی دەخوێندەوە.**
**جا «قاسم روبین» ئەم ڕۆمانەی کردووەتە فارسی و**
**دەستگای «نیلوفەر» چاپ و بڵاوی کردووەتەوە.**
**لەو شوێنانەدا کە نووسەر باسی**
**حاڵەتێکی ڕۆمانسی یان سێکسی دەکا،**
**دەبینی قەیچیی سانسۆر بە پەرەگراف!**
**وەرگێڕانەکەی «قاسم روبین»ی قرتاندووە**

**پرسیار/ قسەیەک هەیە کە دەڵێن دەبێ وەرگێڕ جگە لەو زمانەی دەیزانێ و وەریدەگێڕێ، شارەزاییەکی تەواوی لە زمانی خۆی (زمانی دایک) هەبێ و ئەوسا دەتوانێ وەرگێڕانێکی تۆکمە ئەنجام بدات. ئەمە لە کاتێکدایە کە ئێمە هێشتا زمانێکی یەکگرتوو و ستاندارمان نییە و نووسەران و وەرگێرکاران بە پێی ناوچەگەرییەتییەوە دەنووسن، لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟**

**کەریم تاقانە:** وا بزانم لە پرسیارەکانی پێشووتاندا وەڵامی ئەم پرسیارەم داوەتەوە. بۆ مەسەلەی زمانی یەکگرتوو و ستاندارد، دیارە زۆر کەس لەو بارەوە قسە دەکەن و ڕای خۆیان دەردەبڕن. من پێم وایە ئێمە زمانی یەکگرتوومان هەیە. زمانێک کە دەتوانین شاکارەکانی دنیای پێ وەربگێڕین.

**پرسیار/ لە کوردستاندا وەرگێڕانی بە کۆمەڵ یان دەستە بە دەگمەن هەیە و ئەگەر هەشبێ هەوڵی جدی نین و تا ئێستاش سەنتەرێک یان کۆمەڵەیەکی تایبەت بە وەرگێڕکاران نییە ، ئەمە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**کەریم تاقانە:** ئەگەر حکومەتی هەرێم مشووری ئەم مەسەلەیە و زۆر مەسەلەی دیکەی پێوەندیدار بخوا و پلان و بەرنامە دابنێ، لە داهاتوودا دەبینە خاوەنی دەیان سەنتەر و کۆمەڵەی تایبەت بە وەرگێڕکاران.

**پرسیار/ ئایا وەرگێڕانی تاکە کەسی لەگەڵ وەرگێڕانی بە گروپ و یان دەستە چ جیاوازییەکی هەیە؟**

**کەریم تاقانە:** پێم وایە ئەم جۆرە لە وەرگێڕان لە لای ئێمە نەبووە یا تازەیە. بەڵام دەقێک کە گرووپێک کاری لەسەر دەکا و وەریدەگێڕێ، دەکرێ وەرگێڕانێکی سەرکەوتووی لێ دەر بچێ، هەروەها دەیشکرێ، بە پێچەوانەوە، وەرگێڕانێکی ناسەرکەوتووی لێ دەر بچێ.. ئەمە زیاتر پێوەندیی بەوەوە هەیە کە لەسەر چ تێکستێک کار دەکەن.

من پێم باشە وەرگێڕ، دوای ئەوەی کە لە وەرگێڕانی تێکستێک دەبێتەوە،کارەکەی بۆ خۆی، بۆ هاوڕێی خۆی بخوێنێتەوە، پرس بە نووسەرێکی شارەزاتر بکا و ڕای وەربگرێ. ئەمە نەک هەر هیچ عەیبی تێدا نییە بەڵکوو خزمەتێکیشە بە وەرگێڕانەکە و زیاتر دەوڵەمەندکردنی. وەرگێڕی باش پەلەی بڵاوکردنەوەی نییە.



# منیش هەم

## بەڕێز تاسان

١

هێندە بێدەنگکراوم

پێویستم بە یەک سەدە زۆر بڵێی هەیە.

٢

ئیلاهی تۆ کە گیرفانت پێ نەبەخشیم

ڕۆحیشم بۆ خۆت بەرەوە!

با چیتر خەو بە گیرفانی پڕەوە نەبینم.

٣

ئاسمان چاوەشینەکەی سوورکردۆتەوە

زۆر تورەیە !

٤
درەختەکانی شار،
پێشبڕکێ دەکەن
کامەیان جوانتر بنووسن،
(منیش هەم).

٥
مێرووله زۆر دڵخۆشه
گەنمی له ماڵی جوتیاره نابیناکه دزیوه.

٦
له پەنجەرەیەکم پرسی:
ناوی دوو شەماڵم پێ بڵێ؟
ناوی سەدان ڕەشەبای بۆ ڕیز کردم.

٧
زۆر دەخەوم
بەڵکو فریشتەی رۆحکێشان
له خەودا ببینم
لێی بپرسم:
ئەو نامانەی من بۆچی ناخوێنێتەوە؟

٨
مەیخانەکانی شار خۆشترین شوێنن
گیرفانت دەبڕن و
دووباڵت پێدەدەن
دەفڕیت، بەبێ تەزکیەی حزبی.

٩
یەعقوب ئاسا
کوخێک لەسەر ڕێگاکەت دروست دەکەم
ژنانی گەڕەکی تێدا کۆدەکەمەوە
پارەیەیان پێدەدەم
تا بۆ دووریت شیوەن بکەن.

١٠
کتێبە تۆز لەسەر نیشتیوەکان،
هیچ شتێک لە ئێوە فێر نەبووم
تەنیا ئەو ڕستەیە نەبێت:
(دنیا بەهەشتی گەمژەکانە)

١١
(بەڕێز تاسان)
غەریبت دەکەم، تۆ لەکوێی؟
ئەم سەفەرت زۆری پێچوو، زۆررررررررر...

١٢
ڕۆژێک دادێ گەنج دەبمەوە
هەموو ئەو شتانە لە سێدارە دەدەم
کە پیریان کردووم.

١٣
باوکم دەیگوت:
خۆزیا کفن گیرفانی هەبوایە
داخەکەم پارەکەم بۆ تۆیە.

١٤
داسەکان لە سەردەستی تەموزدا
تۆبەیان کردووە
گوڵەگەنمەکان ناچارن خۆیان لە سێدارە بدەن.

١٥
(لە دەستم دێ)
کاتژمێری ژوورەکەم بفرۆشم،
بتلێک وێسکی پێبکڕم.

١٦
خۆم ناکوژم
دینارەک لە ماڵەوە نییە، بەچی پرسە دابنێین؟

١٧
ئەگەر...
مرۆڤ هێندەی بەتریق عاشق بوایە
زەوی گشتی دەبوو بە بەستەڵەک!!!

١٨
خۆزیا نیشتمانم زەڵکاو دەبوو
وەک بۆقەکان ئازادانە،
گۆرانییم بۆ مەعشوقەکەم دەگوت.



# لە باخ، فێری کەم وتن بووم

زیاد نادر عاڵڵایی

-١-

چاوت لێیە و،
چاک دەزانی
بەقەد چاوت، خۆشمدەوێی
پەروانەترین پیاو و
قەقنەسترین ئادەمی و
خومارترین عاشقی چاوەکانتم.
کاتکوژێکی عەیاری،
ڕۆژێک، هەڵاڵەکانی مەرکانی ڕۆحم تێراو و
هەزارجاریش تاوەسووتم دەکەی!
نیگەرانم مەکە لەوە زیاتر
ساڵەهایە لە بێدەنگیت وەڕسم و
ڕۆحم،
لمێکی لووسە لە دەستەکانت
دڵم،
سرکترین و بزێوترین ماسییە لە عەشقت!

-٢-

له نهێنی  زۆر خەت گەیشتم
خەتی ناو لەپ،
خەتی کاکێشان،
خەتی کەمەری،
ڕازی هەموو خەتەکانم ئاشکرا کرد
بەڵام،
له یەک خەت  نەگەیشتم و ناکەم!
خەتی نیوان مەمکەکانی ژن!

-٣-

باڵدارم دیوە،
لەتاو دووری ئازیزەکەی،
گوڵجاڕی پڕ کردووە له چریکه و سەدا و ئاواز
ساڵەهایه لێم دووری،
کەچی،
جارێ.. ڕۆژێ،
ناوم به دڵبەرد نەبردووی
بێ قەزابی،
شاعیرێکم..
عاشقێکم..
بەدڵ له چاوم هەڵگرتووی.

-٤-

هەموومان گوڵی رۆحی دەقرتێنین،
کەچی،
سرتەیەکی لێوە نایە..
له باخ، فێری کەم وتن بووم..
له باخ، فێری نەکەوتن بووم..
چەند پڕ کیبریایه باخ!



# عەشق لەدیو شووشەی پەنجەرەکەوە

کۆچەر ئەبوبەکر

لەودیو شووشەی پەنجەرەکەوە
لێوت بە لێومەوە بنێ
با هەڵمی سەر شوشەکە نەمخنکێنێت
دەمم پڕ بکە لە تامی گێلاس
ژوورەکەم سەررێژبکە لە ڕەنگی لێونووس
فەرشەکەم بە گەڵای سەوز بنەخشێنە
باخچەکەم بە نازی گوڵی نازناز پەرژین بکە.

لەودیوەوە لێوت بە لێومەوە بنێ
با لێونوێژی ئەم ئەوینەم بە لێوەکانتەوە نەشکێت
ئیدی ناتوانم هەموو شتێک لێک بدەمەوە
یان بە ستایشی باوکم بوو دونیا بگۆڕم.

دەشێت ژیان درەختێکی پیربێت لەدیو پەنجەرەکەوە
لە خەیاڵی کوڕەکەشمدا
ڕەنگە دوو کوکوختی بێت لەسەر درەختێک
لەودیو شووشەی پەنجەرەکەوە، لێوت بە لێومەوە بنێ
دڵنیابە هەموو شەرابەکانی دونیا
هەموو هەنارەکانی گەردوون
لە ماچی دوو لێو زیاتر نین.

مەترسە.....
هیچ لە پەنجەرە ڕوونادات
دووگیان نابێت بە پەژمۆردەیی و
بەسەر دونیادا نارشێتەوە.

لەدیو شووشەی پەنجەرەکەوە ببە بە یارم
با ئیدی بەهارەو بەهار چاوەڕوانی چاوبازە نەکەم
تا چاوبازیم لەگەڵدا بکات
یان سەراپای وەرزەکان، دڵداری لەگەڵ ئاوێنەکانمدا بکەم
ئەمشەو لە ژوور سەرمەوە مانگ جەستەی خۆی پێکردووە
ڕۆشنایی دەبەخشێتە دڵێکی بریندار
عەشق دەگەڕێتەوە ماڵێکی شەیتانی
تۆ شەوانە خەون بە پرچی تەڕی خۆرەوە دەبینیت و
ناو لەپی شەو پڕ دەکەیت لە فلتەری جگەرە و
منیش لە پەنجەرەکەوە چاو لە مانگ دادەگرم.

تۆ لە هەموو پیاوێک زیاتر حەزت لە گۆی مەمکی خۆرە
منیش لە هەموو ژنێک زیاتر دەخوازم ڕەدووی مانگ بکەوم

لەو دیو شووشەی پەنجەرەکەوە ببە بە یارم
ئەمشەو باوکم ئەو گوڵە حاجیلانەی پێبەخشیم
کە لە مێژووی دایکمدا وەریون
دایکیشم لە ژێر گڵۆپە زەردەکانی ئەم ماڵەوە
خەریکە دەست و قاچی یاخیبوونم قومارتە دەکات

لەودیو پەنجەرەکەوە
لەودیو ڕوونی دونیاوە
لەودیو قەرەباڵغی کۆڵانەوە
لەودیو نهێنی وشەکانەوە
جووتبوونی میلی کاتژمێرەوە
ماچێکم بۆ هەڵبدە
تەنیا ماچێک
دڵنیابە شەوێک لێو بە چاوەڕوانییەوە دەنێم
بە شوشەی هەڵمگرتووی پەنجەرەکانی دڵی تۆوە
زۆر دوور نا
کەمێک لە نزیک مانگەوە دەمرم.



# خۆر ئابلۆقەدراوە

هێرش یاسین

١

سەفەرە سەختەکانم
کورتن.
پێش مردنم
دێمە سەر گۆڕەکەت
گەرم،
گەرم،
قورسایی دەخەمە ژێر سەرت.

٢

پەرە سپییەکان دەفڕن
مەرگ بێرەدا تێدەپەڕێت
مەدالیای شەهوەتی پێدەدرێت
...
...!!!
من هێشتا دەژیم !

٣
ئەو کاتەی من مردم
مەرگ لە ژێر گەڵا
لەبن دارێک
لە قەراغ دەریایەک
خەوتبوو.

٤
ڕووتبوونەوەی جەنگەکان
لە تونێلەکان،
گومانی خستە سەر ئاشتی.

٥
لە کاتی مەستبوونی ژیاندا
مەرگ حەرام کرا .

٦
ڕاهیبێک لە مزگەوت
بەدوای فتوایەک دەگەڕا
بۆ کوشتنی حەزەکانی.

٧
لە هێڵی ئستیوا
ئابلۆقەی
خۆر درا !

٨
ئەوە من ئێستا دەیڵێم
دەبوو بەر لە دایکبوون
بەمنیان گوتبایە.

٩
لە ڕێگای مەرگەوە
سەرخۆشەکان چاوەڕێ ژیان دەکەن
منیش کە سەر خۆش نیم
ژیان لە چاوەڕوانی مەرگ دەکەم.

١٠

که مردن خەوی لێکەوت

مرۆڤ دەبێتە قوربانی حەزەکانی ژیان.

١١

هەموو بەیانییەک مەراقی بوون بە مرۆڤ

بە بێ دەنگی

وەک منداڵێکی هاروهاج

دەستی خۆی دەبڕێت.

١٢

بێجگە لەدڵم

عەقڵیشت تاڵان کردم.

# داماڵینی پێستە دەستکردەکان

## ئارام شێخ وەسانی

دنیا تەمتوومانە، قسەو باسی ئەوەیش هەیە، کە بارانێکی بەلێزمە بەڕێوەیە. خۆت لە ژوورەکەدا شاردۆتەوە، دڵت بەو کەشوهەوا سەختە خۆشە، چونکە هەست دەکەیت، ئەگەر کێشە و ناحەزیشت نەبوایە، ئەوا هەر لە ژوورەوە دامایتەوە. ئەو ڕۆژانەی کە بیر لە ڕۆژەخۆشەکان دەکەیتەوە، تەواو دڵتەنگ دەبیت. بڕوات بەوە هەیە، خۆ شاردنەوە زۆر باشترە لە زیندان، ئەوە زەمەنێکە لەو ژوورە نەچوویتە دەرەوە، جگە لەو تیشکە خۆرەی، کە لە پەنجەرەکەوە بۆ ژوورەوە دێت، هیچ ترووسکاییەکی دیکەت نەبینووە. دیواری لای پەنجەرەیش بەتەواوی بەرزە، بۆیە ئەو تیشکە ڕۆژەیش زوو کۆتایی دێت. بۆ بابەتی نانخواردنیش کێشەت نییە، چونکە بەپارەی خۆت کەسێکت گرتووە و خواردنت بۆ دێنێت. لە ڕۆژی یەکەمەوە، دەرگەت کلیل داوە و کلیلەکەت خستە ناو بیری ئاودەست، سەرئاوێک لە بەشی پشتەوەی ژوورەکەت هەیە، کە بەدیوارێک لە ژوورەکە جیاکراوەتەوە. تەواو دڵخۆشی، کێشەیەکی ئەوتۆت نییە، هەواڵەکانی دەرەویش نازانی، جگە لە دەنگوباسی کەشوهەوا، بڕیارت داوە گوێ لە هیچ هەواڵ و دەنگوباسێکی ژیانی دنیا نەگریت. ژوورەکەت تەواو نامۆیە، چونکە جگە لە کەلوپەلی خەوتن هیچ شتێکی دیکەی لێ نییە. تەواو چۆڵە، هەر لە سەرەتاوە بڕیاری ئەوەت دا، کە خۆت لە ژیان جیابکەیتەوە.

چۆن ژوورەکە چۆڵە، دەتەوێت ناخ و بیرکردنەوەیشت چۆڵ بکەیت. گەرەکتە ئاوێک بە چڵکی ژیاندا بکەیت و لەگەڵ خۆت ئاشتبیتەوە. چ جۆرە ئاشتبوونەوەیەک؟ وەک ئەوەی خۆت دەتەوێت، دەبێ خۆت فێری ئەوە بکەت بەس بیر لە هەناسەدان بکەیتەوە. گوێگرتن بۆ دەنگی

هەناسەکانت، بۆ ئەو مەبەستە ڕاهێنانێکی بەردەوامت دەکرد. تەنانەت بەو خزمەتکارەشت گوتبوو، کە تەنها بەیانی و نیوەڕۆ خواردنت بۆ بێنێت. جگە لەو دوو کاتە هیچ جووڵە و دەنگێکت نەدەبیست. ئاخر ئەو شوێنە تەواو چۆڵە، ئەو بیست دۆنم زەویە، کە میراتی باپیرەتە، سوودی ئەوەی هەبوو، کە ئەو دۆخە بێدەنگییەی بۆ مەیسەر کردی. شوێنێکە تەواو دوورە لە شار و گوند و چیا و دۆڵ و ڕووبار، ڕەنگە ئەو جۆرە شوێنانە تەواو کەم بن لە جیهاندا. «ئەوە بیرۆکەیەکی باش بوو»، بەردەوام ئەو قسەیەت لە دڵی خۆتدا دووبارە دەکردەوە.

ڕۆژ دوای ڕۆژ هەستەکانت گۆڕانیان بەسەردا دێت، گرفتی هیچ بابەتێکت نییە، جگە لە مەرگی خزمەتکار، ترسی ئەوەت هەیە ڕۆژێک ئەو بمرێت و ئیتر تۆیش لە چاوەڕوانیدا هەمان چارەنووسی ئەوت هەبێت. هەوڵت دەدا بیر لەهیچ شتێک نەکەیتەوە، کەچی سەرەڕای هەموو ئەو هەوڵانەت، ئەو جۆرە بیرکردنەوانە هەر هەبوون. متمانەت بەخۆت هەبوو، کە دەکاریت چینەکانی پێستی ئەستووری دنیا لە خۆت بکەیتەوە. ئەو دنیاییەی سەدان چینی پێستی بۆ جەستەت زیادکرد بوو. ئەگەرچی ئازاری زۆرە، بەڵام ئێستا لە کار دایت و یەک بەیەک ئەو پێستانە دادەماڵیت. بڕیارە هەموو ئەو پێستانە دوای داماڵین بخەیتە ئاودەستەکەوە.

ئەمرۆ ڕۆژێکی جیاوازە، کەشوهەوا ناڕوونە، بەهۆی بارانەوە هەست بە گۆڕانی وەرزەکان دەکەیت، خزمەتکاریش هەواڵێکی تازەی هێناوە لەبارەی دۆخی بارانبارین:

« ئەگەر هەیە ئەمساڵ، زستانەکەی زۆر سارد بێت.»



بە زانیارییەکی لەو جۆرە دڵتەنگ دەبوویت، چونکە لەبەر سەرما دەبوو لەژێر جێگە نەیەتە دەرەوە، وەک ڕاشهاتووی، ڕاهێنانەکانی گوێگرتن لە ئاوازی هەناسەدان بەڕۆیشتن و بەدانیشتنەوە ئەنجامدەدرێن، ئیتر ئەوە کێشەیەک بوو. هەرچەندە زۆرجار لەو کاتانە بیرت لە ژماردنی تنۆکە بارانەکان دەکردەوە.

زۆرینەی جار جەختت دەکردەوە، کە نابێت بیربکەیتەوە، نابێ گوێ بەهیچ شتێک بدەیت، بەڵام لە بچووکترین دەنگوباسەوە، بیرکردنەوەت بەئیش دەکەوێتەوە. هەرچەندە خۆت باش وریاکردبووەوە، بۆ ئەوەی هەر بیرکردنەوەت کەوتە ئیش، لەکاری بخەیت.

کۆی ئەو ڕووداوانە لە ڕووداوی بیرکردنەوەی نادروستەوە ڕوویان دا، ئەوەی ئێستا ئەنجامی دەدەیت لەبری خۆکوشتن بوو. ڕووداوەکە ناخۆش بوو، بەڵام ئیتر قەدەر بوو، تۆیش تەواو پەست دەبوویت بەم باسانە، تەواوی وشەی ژیانت تیاچوو، بەهۆی بیرکردنەوەوە بوو. ئەو ڕۆژەی لە سەیران دەگەڕانەوە، ئەو داڕووخانە مەزنە ڕووی دا، لەو کاتەوە تا ئێستایش ناتوانی مۆتەکەی وشەی ژیانکردنی کۆمەڵایەتی پەراوێز بخەیت. ئەو هەموو هەوڵەت دا، کەچی بەبێ خزمەتکار نەتوانی پلانەکەت جێبەجێ بکەیت. ئەوەتا ئەو خزمەتکارەت خۆشدەوێت... ئەمەیش جارێکی دیکە ڕیشەیەکی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانە، بەهەمەحاڵ، تۆ لە تۆقەڵانی کارەساتێکی زۆر مەزن خۆت دۆزییەوە. تاکە هیوایەک بۆ ئەوەی بژیت بە جۆرێکی دیکە، ئەو هەڵبژاردنەت بوو. هێشتا دیار نییە، تاچەند سەرکەوتووی، بەڵام هەوڵەکانت بەردەوامن. ڕووداوی وەرگەڕانی بیرکردنەوە لە خۆکوشتن، تۆی بەم چیرۆکە گەیاند. ئێستا تۆ هەموو کەسە نزیکەکانت ناردە دنیای نادیارەوە، خۆشت دەتەوێت لەم دنیایە تامی دنیایەکی نادیار بکەیت. هەر لەدوای ڕووداوەکە، تۆ تەرمەکانت جێ هێشت، ئێستا کەس نازانی تۆ زیندووی یا مردووی، بەهیچ جۆرێک نەشت ویست بزانی، خەڵک چۆن باست دەکەن، گرینگ ئەوەیە تۆیش لەگەڵ مردنی هەمووانی، تۆیش مردیت.

چەندین بیرۆکەی جیاواز لەخەیاڵت دا لە پێشبرکێ دابوون، بەڵام ئەم بیرۆکەیەیان تەواو تازەبوو، سەرنجکێشی کردی، بۆیە هەموو ئامادەکارییەکانت بەجێ گەیاند، ئیستا زۆر دڵخۆشیت. پێشتر ئەوەت لە خەیاڵ بوو، کە تاوانێک ئەنجام بدەی، کە سزاکەی هەتاهەتایی بێت، دواتر ئەو بیرۆکەیەت هەڵنەبژارد، چونکە زیندان جارێکی دیکە دەتخاتەوە ناو ژیان، ژیانی پووچ، ژیانی بێ مانا...لە ئێستادا بەهیچ پێوەرێک ناتەوێ بیر لەمەرگ بکەیتەوە، ناتەوێ بیر لەژیان بکەیتەوە، ناتەوێ بیر لەوە بکەیتەوە، کە دەکەوێتە نێوان ژیان و مردن.

تەمتوومانەکە تێپەڕی و باران دەستی پێ کرد. کاتەکانت دیار نییە. خۆیشت ئەوەت دەویست. دەچیتە ژێر جێگەکەتەوە...بەتانییەکە دەخەیتە سەر چاوت. حەزت بەو تاریکییە هەیە، ڕاهێنانەکان ئەنجام دەدەیت. ژمارە دەژمێریت، لەگەڵ هەر ژمارەیەک گوێ ڕادەدێریت بۆ ئەوەی دەنگی هەناسەت ببیستی، ڕاهێنانێکی پووچە، خۆیشت ئەوەت دەزانی، ئەو ماوە درێژەی بەڕێت کردووە، هیچ شتێک نەگۆڕاوە. تەنها ئەوەیە، کە بەردەوام فشارێکی زۆر

دەخەیتە سەر خۆت بۆ ئەوەی بیرنەکەیتەوە. فشارێک بۆ ئەوەی وا هەست بکەی گوێبیستی دەنگی هەناسەت دەبێت لە کاتی بێدەنگی و ئاخفتن. ئێستا دەبی لەژێر بەتانییەکەوە خۆت تاقی بکەیتەوە. ئایا دەتوانیت چی بکەیت؟ ئەوە پرسیارەکەیە، ڕەنگە هەندێ خەیاڵت بۆ بێت، کە باس لە سەرکەوتنی پرۆژەکەت دەکەن، بەڵام ئەو خەیاڵانەیش زوو کۆتایی دێن، چونکە مەبەستت نییە هیچ خەیاڵێک بە ئاسمانی ناختدا بفڕێت. ئیتر هەر ئەوەیە، دەتەوێت وەک مردووییەک هەڵسوکەوت لەگەڵ جەستەت بکەیت. نە تاریکی و نە ڕووناکی خەیاڵت ناگۆڕن، ژیانت وەستاوە. تەمەن ڕۆژانە بە تیژی تێ دەپەڕێت. ئەو کەمە چالاکییانەی ئەنجامیشیان دەدەیت، مەبەستە هەڵبێیت لە خۆکوشتنی کرداری. گەرەکتە هەناسە بدەیت و بشمریت.
تۆ گەرەکتە لەلای دنیا بمریت، بەڵام لەلای خۆت زیندوو بیت. هەر ئەو بیرۆکانەیش بوو، کە تۆیی خستە سەر ئەم ڕێگەیە...
لەژێر جێگەکەدا، هەناسەکانت دادەخەیت. دەتەوێت بزانیت هیچ دەنگێک هەیە، هەورە بروسکەیەک هەموو هەنگاوەکانت دێنیتەوە خاڵی سەرەتا، ترسی ئەوەت هەبوو، بێیتە دەرەوە سەرمات بێت، بۆیە لە ژێر جێگەکە مایتەوە. ئەمجارە ڕاهێنانەکەت دووبارە کردەوە، هەمدیسان خزمەتکار لەپەنجەرەکەوە خواردنی بۆت دانا، بەو هۆیەشەوە ئەمجارەیش بچڕایت. بڕیارت دا ئەمجارە ڕاهێنانەکە تەواو بکەیت. ئیتر نازانرێ تەواو بوویت یان نا، بەڵام دەنگی لێزمەی بارانەکە ئەوەندە بوو، کە نەتوانیت گوێت لە دەنگی هەناسەت بێت. پاش چەندین ساڵ، ئاسەوارێک دۆزرایەوە و بەشێک لە شوێنەوارناسان، گومانیان هەبوو لەو کەلاوەیە، هەروەها لەو ئێسکوپرووسکانە، بەڵام پاش پشکنین دەرکەوت تەنها ڕووفاتی یەک کەسە. ئەوەی جێگەی سەرسامی بوو، هیچ شتێکی ئەوتۆ لەو ژوورە نەدۆزرایەوە، کە ئەو کەسەی پێ بناسرێتەوە. لەکاتی گەڕانەوەی تیمی شوێنەوارناسان، بەدووری یەک کیلۆمەتر، ئێسکوپروسکی کەسێکی دیکەیان دۆزییەوە. لەگەڵ ئەو دۆزینەوەیەدا ئەم چیرۆکەیش بڵاوبووەوە.



# له نێوان دوو سێبەردا

**فەرهاد چۆمانی**

ئەو؛ دوو دەست بوو لە تاریکی نووتەکی شەواندا، پشوویەکی سواربوو لە نێو ترسی ئاشکرابوون و راکردن تا ئەم کونجە تاریکەی کە شەوانە پەنامان دەدات.. و هیچیتر. نەدەتوانم سیمای بهێنمە بەرچاوم نە چۆنیەتییەکەی.. هێندە هەیە دوودەست و هەناسەیەکی سوار بوو کە تەزووی بە رۆحی پەشێو و جەستەی لانەوازی من دەدا..

رۆژگارێک بەر لەوەی دەستەکانی لە میانی تێرێژی رووناکی ناو تاریکی رەهای نیوەشەواندا ببینم لە سێبەرێک زیاتر نەبوو.. سێبەری پیاوێک کە لە کۆڵان و لەژێر رۆشنایی چرای لاشیپانی دەرگای ماڵی ئێمەوە درێژ دەبوەوە و لەرووی دیواری ماڵی بەرامبەرمان دەشکایەوە. وەک ئەوەی سەری نابێتە ئەو پەنجەرە بچووکەی لە دیوارەکەدا هەبوو، سەری لەنێو دەلاقی پەنجەرەکەوە بە جەستە سێبەرییەکەوە دیار نییە.. ئەمەش منی دەهری دەکرد، بە خۆمم دەگوت کە خۆم لە چاوەڕوانیکردنە درێژەکەی بەردەرگاکەمان نەبان بکەم و لەو خێسانەی بۆ ژوان پێمدابوون ژێوان ببمەوە، ئاخر ئەوەتا هەر کات کە دەبینم سێبەرەکەی سەری ناوەتە

پەنجەرەی ماڵی بەرامبەرمان ئیرەیی وەک خۆرە بەر دەبێتە گیانم و ناخم دەخوا. جارێ کاتێک دوای قەیرێ سەر لەپەنجەرە بردنە ژوورەوەی: کچەی ئەوماڵە دەبینم بە تەشتێک جلی شەڵاڵ لە ئاو، بە پۆشەنییەکی تەڕ و پرچێکی شەونملێچۆڕاوە و سیمای ژنێکی کەتنکەری خەندانەوە لەسەر بان دەردەکەوێت و جلەکان بەسەر تەنافەوە هەڵدەخات. عەیارانە ستیانەکەی روو واڵا و بەبێ شاردنەوەی لە ژێر جلە تەڕەکانی دیکە هەڵدەخات و دەمێک بە دیار تکەی ئاوی لێچۆڕاوەیەوە دەوەستێ و پێدەکەنێت. پێدەکەنێت و بۆن بە هەواوە دەکات، منیش لەپێ دەکەوم و دڵنیا دەبم سێبەرەکەی ئەو بەبێ هۆ سەری رۆنەبردۆتە ئەم پەنجەرەیەوە... ئەو هێندە هێزەی تێمدا دەمێنێت بۆ ئەوەمە بڕیار بدەم هەموو شتێک تەواو بکەم و نائومێدی بەر دەم دەرگای کۆڵانێکی چۆڵی شەوێکی مانگی خەرمانانی بکەم..

بە ئاراستەی چوونەوە ژوورەوە پێ هەڵدێنم، تێدەگەم بێهودەیە.. چیتر لەدەست خۆم نیم، ناتوانم نیگاکانم لە سێبەرەکە بترازێنم و بڕوانمە بەر ئەو هەنگاوانەی کە چیتر رێناکەن و نامبەنە ژوورەوە، پشووم تەنگ دەبێت و دڵم خێراتر لێدەدا، وەک ئەوەی گڕوو لەمانەوەم بگرێت ناهێڵێ بچمە ژوورەوە، ناچار دەستخەرۆی خۆم دەبمەوەو لەم گومانباربوونە دێمە دەرەوە..

لەنێو تاریکی شەودا پێخوستە ئارامەکانی دەبیستم و جوڵە هێواشەکانی هاوێر دەکەم.. دەیبینم، یان وادەزانم کە دەیبینم خەریکە نزیک دەبێتەوە، نزیکتر تا بیستنی هەناسەکانی. ئەدی من؟ پەیکەرێک لەترس، کۆتەڵێکم لە سام و کاسبوون، سەرتاپام لە خرۆشانێکی نامۆ و ناشنا دایە.. لە رووکاریشدا بێجوڵە و تەزیو. هەموو ئەم هەستانە دەمارەکانی سەرمیان خاو کردۆتەوە، هەست بەمەستی و خوماربوونێکی سەیر دەکەم، یان رەنگبێت سەرتاپام گوێ هەڵخستەی روودانی پێشهاتێکی مەرگبار بن.. نا رەنگە هیچ کام لەمانەش نەبێت.. پێدەچێت لەهۆشخۆم چووبم و هەموو ئەمانەی دەیانبینم لە گەشکەدا هەستیان پێبکەم..

دوو دەست دەمهێننەوە هۆش خۆم.. وەک ئەوەی بە تەزووی بەرکەوتنیان بە لەشی من بانگم بکەن بێدار دەبمەوە. دوو دەست کە لەنێوا تاریکی شەودا هێشتا دەتوانم بیانبینم.. کەمێک سەرم نزم دەکەمەوە و لێیان دەڕوانم دەستەکانم دەخەمە سەر پشتی دەستە توکنەکانی نەوازشیان دەکەم.. وەک چۆن ئەمانیش نەوازشی من دەکەن..

هەناسەکانی قژم دەلەرێنێتەوە و ختوکەی ملم دەدات. بیر لە پیاوە هاوماڵەکەم دەکەمەوە، لە نیگەرانییە هەمیشەییەکانی، لەو چاوانەی کە ساڵگارێکە نەیانڕوانیوەتە چاوەکانم و خەریکە رەنگی چاوەکانیم لە خەیاڵدا کاڵ دەبێتەوە، ئەمیش سێبەرێکە، وەک سێبەرێک دێتەوە ماڵ و لە نێو دوکەڵی جگەرەکانیدا هێندەی تر تەڵخ و بێڕەنگتر، سەرکز و تێکشکاوتر دێتە بەرچاوم..

دەستەکان هۆشم دەهێننەوە لای خۆیان، هەناسەکانی توندتر.. دەیەوێ شتێک بدرکێنێ بەڵام

هەناسە بڕکێی پێکەوتووە، هەندێک وشەی پەرت و بڵاو لەلا لێوەکانیەوە دەبیستم، هێندەی دەتوانم لە مێشکمدا هەڵیان دەگرم و دەیانبەمەوە سەر یەک بەڵکو بتوانم وشەیەکیان لێ درووست کەم، دواجار شیمانە دەکەم بڵێ «بۆن!» بەڵام هەر ئەمە نییە» دیسان لەنێو هەناسەکانیدا دەگەڕێم، وەک ئەوەی لەبادا کۆلارەکان بگرمەوە وشەکانی راو دەکەم «بۆنت دەکەم.. تەنها بۆنت دەکەم!» وا دەڵێت. وادەڵێت یان من وشەکانم وا ریز کردنەوە؟ نازانم بەڵام هەناسە هەڵکێشانەکانی و پڕبوونی سیەکانی ئەو لە پاڵ پشتم پێم دەڵێن کە توانیومە وشەکانی وەک خۆی ساز بکەمەوە کە مەبەستیەتی.



شەوەهای شەو وەها تێدەپەن و من دەچمەوە ژوورەوە و سێبەری پیاوەکەی خۆم دەبینم وەک ئەوەی سێبەری من بێت و ئەو دەمەی بە نەوازشی دەستەکانی سێبەرە کەسنەناسەکە رووناک بوومەتەوە، لەجێگادا راکشاوە، بە ئارامی رۆدەچمە ژێر پەتویەکەمەوە و کەمێک لە بێدەنگی ژوورەکە هەستم رادەدێرم.. بێدەنگی چێژێکی زۆرم پێدەبەخشێت، ورتەورتی پیاوەکەم بە دەم خەوەوە بێدەنگیەکەم هەراسان دەکات و وەک ئەوەی لەمیانی کرانەوەی پەنجەرەوە بڕواتە دەرەوە کەمێک پەردەی ژوورەکە دەشنێتەوە.

دەیان پرسیار وەک پورەی هەنگ تێمدەوروکێن، ئایا کامەمان پەرتبووین، من بەسەر دوو سێبەردا پەرتبووم؟ یان پیاوەکەم بەسەر دوو سێبەردا دابەشبووە؟ من ناتوانم لە یەکێکیان هەردووکیان بدۆزمەوە یان ئەم ناتوانێ چیتر هەردووکیان بێت و رۆحی ئیرۆسی خۆی وێلکردوە؟ خەیاڵەکانی ئەون شەوانە لە سێبەرێکدا سەر دەنێنە پەنجەرەی دیواری ماڵی بەرامبەرمان؟

لە جەدەلی ئەم پرسیارانەدام و هاوکات دەمەوێ سەرحاڵ و هاییدارانە گوێم لە ورتەی پیاوەکەم بێت و وشەکانی ببمەوە سەر یەک. هێندەی باشتر حاڵی دەبم سەراسیماتر دەبم، نا حاڵی و دەمواڵا جارێک ئاوڕ لە پاڵ خۆم، ئەو شوێنەی پیاوەکەم لێ راکشاوە، جارێک لە دەرەوە و لەو شوێنەی ساتێک پێشتر لە باوەشی سێبەرەکەیتر بووم دەدەمەوە.

# تارمایی پیاوە کوژراوەکە

عومەر کەریم بەرزنجی



تارماییەک لەودیو پەنجەرەی ژوورەکەوە دەهات و دەچوو , وات هەست کرد دەرگاکە دەجوولێت، راچڵەکیت. هەڵوێستەیەکت کرد، نە جوڵەیەکت بینی و نە چرپەیەکت بیست، بەگومانەوە نیگای پەنجەرەو دەرگاکەت کرد، وەک گومانت لە هەستی بینین و بیستنت کردبێت. هەستایت و دەستت بەدەرگاو پەنجەرەکەدا هێنا. نەجوڵابوون لەبەردەم پەنجەرەکەدا راوەستای. هەناسەیەکی قووڵت هەڵکێشا، چاوت بەحەوشەکەدا گێڕا نیگات لەسەر ئەو چاڵە داپۆشراوە گیرسایەوە، کە لەتەنیشت دارتووەکەدا بوو هەستت بەگرژی دەمارەکانی لەشت دەکرد، بیرکردنەوەت ئاڵۆزا، نەفرەتت لەو رۆژەش کرد کەتیایدا لەدایک بوویت، لەو رۆژەیش ئەو تاوانەت تیایدا ئەنجامدا موچرکێک لە تەوقی سەرتەوە تا بەری پێتی داگرت، لەبەر خۆتەوە دەتگوت (چۆن ژیانم لە خۆم کرد بە دۆزەخ.. نا وانییە بۆ کردوومە بە دۆزەخ.. ئەی ئەوەنیە ئارامم لەبەربڕاوە , ئای ئەمە هەمووی وەهمە یان حەقیقەت).

تارمایی ئەو پشیلە ڕەشەت هاتەوە پێش چاو، لەو شەوە ئەنگوستە چاوەدا، شەوێک دوای ئەنجامدانی تاوانەکە، لە قووڵایی خەوێکی شیریندا رایچڵەکاندیت، جێ دەمی لەسەر لاملت دیار بوو شین بووبۆوە، وای بۆ دەچوویت بەنیازی خنکاندنت بووبێت، دەمانچەکەت لەژێر سەرینەکەدا دەرهێنا، بەناو ماڵەکەدا دەستت بەگەڕان کرد. هیچت بەرچاو نەکەوت لەحەوشەکەدا هەستت بە جووڵەیەک دەکرد، تەمێکی باریکی شینباو بە شێوەیەکی ئاسۆیی لەسەر گۆڕەکەدا بەرەو ناخی گۆڕەکە دەچوو.

ئەو شەوە لە ترساندا خەوت زڕا، زۆر ماندوو بوویت، سەرت قورس بوو، شانت دایە سەر سەرینەکە، بێئاگا چاوت چووە خەو، مامە ڕەزات بینی لەپشت سەرتەوە، بە گۆچانەکەی دەستییەوە راوەستابوو بەچرپە بۆت دەدوا ((کوڕم بۆ وات کرد، سەر لەنوێ مێژووی خوێن، مێژووی قابیلت دووبارە کردەوە، کوڕم کەوتوویتە بەر نەفرەتی خواوەند، تا دەمری تارمایی حەمەت لە کۆڵ نابێتەوە بۆ کوێ بچیت هەر بەدواتەوەیە، لە بیرت چوو رۆحیانەتی پیری شەوکێڵ چی بەسەر هێنام )).

راچڵەکیت هەستایتە سەر پێ چاوت بەژوورەکەدا گێڕا فیلمی ئەو رۆژەت هاتە پێش چاو، کەمێک لە دووری پیری شەوکێڵ لەگەڵ حەمەدا دارتان دەبڕییەوە، مامە ڕەزایش خەریکی دارەکەی پیری شەوکێڵ بوو بیبڕێتەوە لەناکاو گوێتان بە نەڕەی شێرێک زرنگایەوە. کە ئاوێزانی هاواری مامە ڕەزا بووبوو بەدەم هاوارەکەیەوە چوون، جگە لە مامە رەزا کە کەوتبووە سەر عەردەکە و بە گیانی خوێناوییەوە دەتلایەوە هیچی دیکەتان بەرچاو نەکەوت، مامە رەزا ڕانێکی هەمووی جێ کەڵبە بوو لە دەمارەکانییەوە خوێن فیچقەی دەکرد، لەگەڵ حەمەدا چوونە بن باڵی هەرچۆنێک بوو سواری گوێ درێژێکتان کردوو بەرەو ئاوایی گەڕانەوە، مامە ڕەزا بەدەم ژانێکی قوڵەوە دەیگوت (هەر لەبنی دارەکەوە هاتە دەرەوەو ئامبازم بوو ئەوە رۆحیانەتی پیری شەوکێڵ بوو... دەست بەردارمان بێت باشە.. خوایە شەکورم) کاتێک گەیشتنەوە ئاوایی , خەڵک کۆبوونەوە، هەمووان بەسەر سووڕمانەوە گوێیان بۆ ڕاگرتبوون هەندێک لە پیرانی ئاوایی لە زویربوونی ڕۆحیانەتی پیری شەوکێڵ نیگەران بوون بەتوڕەییەوە دەیان گووت (چۆن کاری وا سەرشێتانە دەکەن).

ڕدێن سپییانی ئاوایی بەسەرهاتی ئەو سەربازە عێراقییەیان دەگێڕایەوە، کە لەساڵانی زوودا دەمەو عەسرێک، بە کلاشینکۆفەکەی دەستی. کۆترێک دەکوژێت کە بەسەر دارەکەی نزرگەی پیری شەوکێڵەوە نیشتبۆوە , هەردوای تەقە کردنەکە دەستە ڕاستی لەئیش دەکەوێت، لەو رۆژەوە خەڵکی ئاوایی سڵیان لەوە دەکردەوە هەرچ شتێک بەرانبەر ئەو نزرگەیە بکەن.. لەو رۆژەوە مامە ڕەزا بوو بە ڕەزا شەل تا مرد بەو ئازارەوە دەتلایەوە.. هەمیشە سڵی لە رۆحیانەتی پیری شەوکێڵ دەکردەوە قسەکانی ئەو رۆژەی حەمەت هاتەوە یاد.

–کاکە تۆ باوەڕ بەو شتانە دێنیت، خۆ ئێمە هیچمان بەرچاو نەکەوت!

*حەمە گیان بەڵام گوێمان لە نەڕەی شێرەکە بوو وانیە؟

–با وایە , بەڵام نەمان بینی.

*راستە نەمان بینی، بەڵام گوێمان لە دەنگەکەی بوو مامە ڕەزایش خۆی بینی بوویو ئاوایشی بەسەردا هێنا کە خۆمان بینیمان.

–تا ئێستاش وەک خەونێک دێتە پێش چاوم.

تریفەی جوانی مانگەشەو کە لە پەنجەرەکەوە دەهاتە ژورەوە سەرنجی راکێشایت فیلمی یادەکانت پچڕا دەستت خستە ژێر چەناگەو، سڵت لە تریفەی مانگەشەویش دەکردەوە، بەگومانەوە لە هەموو شتێکت دەڕوانی، ماندوو شەکەت بوویت، سەیرێکی دەرگاو پەنجەرەکەت کرد داخرابوون، شتێکت شک نەدەبرد ماندوویت بڕەوێنێتەوە کرمی گومان لەناخەوە دەیخواردیت، لەسەر جێگاکەت راکشایت، هەر زوو چاوەکانت چووە خەو، هەڵۆیەکی زەبەلاح لە پەنجەرەکەوە خۆی کرد بەژووردا چاوەکانی لە کەڵەپشکۆیەکی سوور دەچوو , هەرکە باڵەکانی لێک دەدا، وەک گەواڵە هەورێکی تورە چەخماخەی دەدا، گڕێکی سپی لەژێر باڵەکانییەوە دەهاتە دەرەوە، ناو ژوورەکە بوو بە کوورەیەکی ئاگرین؛ لەخەو ڕاپەڕیت هیچت پێش چاو نەکەوت دەرگاو پەنجەرەکە هەر بەداخراوی مابوونەوە.. لەسەر جێگاکەت لاچوویت، دەرگای ژوورەکەت کردەوە، پاچ و خاکەنازەکەت گرت بەدەستەوە، بەو شەوە کە دنیا لە گۆڕستانێکی بێدەنگ دەچوو، جگە لە سروەی بایەک کە چڵی درەختەکانی دەلەراندەوەو تریفەی مانگ و پرشنگی ئەستێرەکان هیچی ترت بەرچاو نەکەوت لەو شەوە بێدەنگەدا، بە تەنیا و بەبێ دەنگ، بە کۆڵانەکانی ئاواییدا ڕێگەی گۆڕستانەکەی پشت ئاوایت گرتەبەر، بەبێ وچان ڕێگەت دەبڕی، لە سەرەتای گۆڕستانەکەدا لە تەنیشت گۆڕەکەی مامە ڕەزاوە، دەستت کرد بە هەڵکەندنی گۆڕێک، بێئەوەی سڵ لە هیچ شتێک بکەیتەوە، جاران هەر کە بەتەنیشت گۆڕستانەکەدا دەڕۆیشتیت تا تەواوی گۆڕستانەکەت بەجێ دەهێشت ترس و سامێکی زۆر ناختی داگیردەکرد، لەگەڵ تەواوکردنی گۆڕەکەدا، بەپەلە گەڕایتەوە ئاوایی... بە پەیژەکەدا شۆڕبوویتەوەماڵەوە لەبەردەم تەنکی ئاوەکەدا، کە چەند هەنگاوێک لە خوار گۆڕەکەی حەمەوە بوو راوەستایت دەمت تەڕکرد، کەمێک وچانت دا، دەستت کرد بە هەڵدانەوەی چاڵەکەی بەردەم دارتووەکە، تەرمێکی پارچە پارچە کراوت دەرهێنا. کەللەسەرێک، دووقاچ، دوو دەست بەقرتاوی لە وێنەی حەلاجێکی شێواو دەچوو، کردتە ناو گوێنیەکەی تەنیشتت، لاشە هەلا هەلا کراوەکەت دا بەکۆڵدا و ڕێگەی گۆڕستانەکەت گرتە بەر، وێنەی قابیلت هاتە بەرچاو کاتێک تەرمی هابیلی دابوو بەکۆڵیدا و نەیدەزانی چی لێبکات تا خوا قەلەڕەشی بۆ ناردوو فێری ناشتنی کرد. لەخۆت دەپرسی (دەبێت لە پەشیمانیدا شڵەژابێت و نەیزانیبێت چی لێبکات. یان عەقڵی پێی نەدەشکا) هەنگاوەکانت بەرەو گۆڕە هەڵکەندراوەکە دەیان بردیت. لەبەر تریفەی مانگە شەوەکەدا هەموو شتەکان بەجوانی دەبینیت، نیگاکانت بە نووسینی سەر کێلێکەوە دەگیرسێنەوە:

مێژوو لاڵە، مێژوو کەڕە، مێژوو کوێرە

هابیل برای قابیل نەبووە،

مێژوو، سەربردەکانی خۆی بەهەڵە دەگێڕێتەوە*

هەڵوێستەیەک دەکەیت، چاو بە دەوروبەردا دەگێڕێت، لە بەردەم گۆڕە هەڵکەندراوەکەدا، تەرمەکەی کۆڵت دادەگریت. دەیخەیتە ناو گۆڕەکەوە. دەتەوێت گڵەکە بکەیت بەسەریاو دایپۆشیت. هەست بەجووڵەیەکی سەیردەکەیت. ڕەنگت زەرد هەڵدەگەڕێت. گیانت دەکەوێتە لەرزین. گۆڕەکان دەقڵیشێنەوە. مردووەکان لە گۆڕەکانیان هەڵدەستنەوە. دەکەویتە ڕاکردن. مردووەکان شوێنت دەکەون تا دەگەیتە ناو ئاوایی ئاوڕ نادەیتەوە، لە ئاواییدا هیچ جووڵەیەک نابینیت بەبێ چرپە و لەسەر خۆ بەپەیژەکەدا شۆڕ دەبیتەوە بۆ ناوماڵەوە. دەنگێک لە ناختدا دەزرنگێتەوە (کوڕم کەوتویتە بەر نەفرەتی خواوەند، تا دەمری تارمایی حەمەت لە کۆڵ نابێتەوە) قاچت دەترازێ دەکەویتە حەوشەکەوە و لەهۆش خۆت دەچی.

*کۆپلە شیعرێکی (قوبادی جەلی زادە)یە.

# ٥

# هەندێک مینیماڵ

**رەسوڵ یۆنان**
**لە فارسییەوە: جەبار سابیر**

## کچی خلیسکێنەچی

کاتێک لە گردە داپۆشراو بە بەفرەکەوە فڕی، قورساییەکەی لە دەستداو تێکەڵی باڵندەکان بوو. چوو بۆ باشوور. بڕیاریدا لەوێ بژی. لە باشوور، هەتاو لەودیو پەنجەرەی بەهەشتەوە دەهاتە ژووری.

## میوانی

ئەو پیاوەی لە میواندارییەکی دەمامکدا، دەمامکی سەگی بەستبوو. گۆرانی وت لە وەسفی مرۆڤایەتیدا. میوانەکان وەختبوو لە پێکەنیندا بمرن. کابرا تووڕە بوو و کەوتە جنێو دان. کاتێک سەگەکانی دەرەوەی کۆشک وەڵامی دەنگەکەی ئەویان دایەوە، ئینجا تێگەیشت وەڕیوە.

## تەمبێکردن

ژنە داوەتی نانی ئێوارە کرابوو و خەریکبوو ئامادەی ڕۆیشتن دەبوو.
کابرا وتی:

- کاتێک لێر نیت دڵم دەگیرێت. هەوڵبدە زوو بگەڕێوە!

ژنە پرسی:

- گاڤێک بێتاقەت دەبیت دنیات لێدەبێتە چ رەنگ؟

کابرا وەڵامی دایەوە:

- رەش و تاریک. وەکبڵێی کارەبا بڕابێت!

ژنە کە لە رژدییەکانی مێردەکەی رەنجابوو کاتێک چووە دەرێ، پەنجەی نا بە جۆزەی کارەباکەدا.

## فرۆشتنی ئاشکرا

دکتۆر وتی:

- بە داخم، تەنها کاتژمێرێکت ماوە لە ژیاندا!

کابرا لەمەی کە نەیدەتوانی بگاتە فرۆشتنە ئاشکراکە، بێتاقەت بوو و لەژێر لێوەوە وتی:

- لەعنەت لەم شانسە! دووجارە ژنەکەی پێشووم دەیباتەوە!

## یەکەمین ژوان

کابرا وتی:

- بێ تۆ وەک کانییەکی بێ ئاوم. وەک باڵندەیەک وام کە ناتوانێ بخوێنێ. هەروابێتەوە وەک ئاسکێکم کەوتبێتە سێرەی راوچییەوە.

ژنە هیچی لە ئەدەبیات نەدەزانی. دڵی بە حاڵی کابرا سووتا. تۆزێک بیری کردوەو وتی:

- هەموو شتێک باش دەبێت! من دکتۆرێکی دەروونی زۆرباش دەناسم!

## ژیانی خەیاڵی

ئەوان لە فەیس بووکدا یەکترییان ناسیوە.

لە فەیس بووکدا هاوسەرگیرییان کرد.

لە فەیس بووکدا مردن.

ژیانی ئەوان لە حاڵەتی بوونە راستیدا دەیتوانی زۆر خەماوی بێت. کابرا، ژن بوو، ژنەیش پیاو.

## شەوێکی زستانی

پۆلیسی زیندانەکە لە کاتێکدا کە ئامادەی تەقە کردن بوو بە فەرمانەوە بە زیندانییە یاخی بووەکەی وت:

- نەجووڵێی! لە جێی خۆت بوەستە! تۆ دەستگیرکراوی.

هەموو زیندانییەکان کەوتە پێکەنین. پێکەنینی ئەوان بینەرانیشی خستە پێکەنین. بۆمبی پێکەنین لە سینەماکەدا تەقییەوەو هەموو شار لە خەو راپەڕی!

## سوپرمان

پیاوێک کە درەنگ دەچووەوە ماڵێ، لە ترسی ژنەکەی بە دیواری حەوشەکەدا هەڵزناو خۆی گەیاندە سەربان. لەوێوە و لە دکتی فێنککەرەوەکەوە خۆی گەیاندە کۆگای ماڵەوە.

کۆگاکەی رێکوپێک کرد و پاشان بە بەڵگەی رازیکەر لە پلیکانەکان سەرکەوت، بەڵام ژنەکەی لە ماڵێ نەبوو.

## ئەفسانە

کاتێک کابرای گەنج لە پێخەفی ئاویلکەداندا، دوایین هەناسەکانی خۆی دەدا، بە زەحمەت دەستی هاوسەرەکەی گرت و گوشی. وتی:

- خۆشمدەوێی!

پاشان بزەیەک گرتی و مرد.

ژنەی گەنج چرایەکی لەوە دروست کرد. لە کونجێکی ژوورەکەی داناو تا کۆتایی ژیانی، شەوان لەبەر رووناکییەکەیدا نانی ئێوارەی خوارد.

لە روانگەی خەڵکی ئاواییەوە ئەو شێتێک بوو و لە تاریکیدا دەژیا.

## مرۆڤی کۆمیدی

کابرا لە کاتی دیاریکراودا نەهاتە ژوان.

ژنەیش هەروا.

هەر یەکە لەوان دەیویست بۆ ئەویتری بسەلمێنێ دەتوانێ نەیەتە ژوان، بەڵام ئەمە رووکاری بابەتەکە بوو. ئەوان لە پشت دارەکانی پارکەکەوە چاودێری یەکترییان دەکرد.

## گوڵەکان دەژاکێن

کەنارەکە کشتومات بوو. کابرای گوڵ فرۆش تا ئەو ساتەی خۆرئاوا ئەسڵەن گوڵی نەفرۆشتبوو. بە بینینی ژن و مێردێک کە هەمیشە گوڵیان لێدەکڕی، خۆشحاڵبوو. بەرەو روویان چوو، بەڵام ئەوان پێکەوە مشتومڕیان بوو. چما دوایین دیداریان بوو.
قوڕگی پڕبوو لە گریان.
– گوو بەم شانسە!
پاشان گریا.

شۆڕش لە کافێی «Forget»

تۆم لە بیرە!

## خەفەت

لە سەوزەڵانییەکەدا رایدەکرد. کتوپڕ گۆڕا بۆ دارێکی جوان. خۆشحاڵبوو، بەڵام نەیتوانی پێبکەنێ. پێکەنینی نەدەزانی. دیسان نەیتوانی قامکەکانی رۆبەرێتە خەرمانی قژییەوە. دەستەکانی پەنجەیان نەبوو. چاوپۆشی لە سەیرکردنی سەوزەڵانییەکە کرد. لە پشت پەنجەرەی گەوڕیکەوە لاچوو. بەردەوامی دا بە ئەسپ بوونی.

## رووداوێکی سادە

کەروێشکە دەستەمۆکە گەورەبوو و ئیتر لە کڵاوەکەدا جێینەبۆوە.
تەڕدەستەکە بێکار بوو.

## دوعای نیوە شەو

– خودایە! بزەی خۆتمان لێمەگرەوە! ماڵمان تاریکە.
کابرا کاتێک دەستەکانی داگرت. تیشکێک لەودیو پەنجەرەکانەوە تێپەڕی. بەڵام کەس ئەم رووداوەی نەبینی جگە لە کچە چکۆلەکەی کابرا کە نیگەرانی نەخۆشییەکەی باوکی بوو و خەوی لێنەکەوتبوو.

## پەیوەندی شتانی زۆر بچووک بە چیرۆکە گەورەکانەوە

پێکەوە لێکتێگەیشتنیان نەبوو و لێک جیابوونەوە. کابرا جانتاکەی هەڵگرت و لە ماڵ رۆیشت. ژنە کەوتە گریان. کتوپڕ زەنگی دەرگا لێدرا. کابرا بوو. ژنە خۆشحاڵبوو، بەڵام ئەو ژێوان نەبووبۆوە. تەنها سویچی ئۆتۆمبیلەکەی بیر چووبوو. ئەو سویچەکەی دۆزییەوەو دووبارە رۆیشت و دووبارە فرمێسک رژایە سەر روومەتەکانی ژنە:

- خۆزێ هەرگیز سویچەکە نەدۆزرایەتەوە!

ژنە پێیوابوو هەموو شتێک تەواو بووە، بەڵام نەیدەزانی کە کابرایش لە کاتێکدا لە پشت فەرمانەکەوە دەگریا، دەیوت:

- خۆزێ هەرگیز سویچەکە نەدۆزرایەتەوە!

## کتوپڕ ئاشتی

گوڵێکی سوور لە بەرەی جەنگدا روا
سەربازەکان عاشق بوون
دەستیان لە پەلەپیتکە هەڵگرت
شەڕ تەواو بوو.

## جارجار شوێنە مەبەستەکان دەگۆڕێن

«بەرەو جوانی زیاتر»
نەشتەرگەرانی جوانکاری بە پارەیەک کە لە خستنەڕووی ئەم دروشمە دەستیان کەوت تا دورگەی هاوای رۆیشتن.

## باران

کابرا بارانییەکەی لەبەرکرد. چەترەکەی هەڵگرت و چووە سەر شەقامەکان، بەڵام لە بەختی بەدی ئەو یەک دڵۆپە ئاویش لە ئاسمان نەتکایەوە. بە جلەوە خۆی هەڵدایە حەوزی ناوەڕاستی پارکەکەوە. تا تەڕتەڕ بگەڕێتەوە ماڵێ و دووبارە هاوسەرەکەی گاڵتەی پێنەکات، کاتێک لە حەوزەکە هاتە دەرێ، باران دایکرد.

## پاییزە باخچە

دارەکە وشک بووبوو. کابرا گڵۆپە کزەکانی بە لقەکانی دارەکەوە هەڵواسی و دایگیرساند، بەڵام جگە لە خۆی هیچ کەسێک لە ئەندامانی ماڵەکە خۆشحاڵ نەبوون.
جێگەی خاڵی (ئافەرینەکان) زۆر چۆڵ تەواو بوو.

## سەرچاوە:

بخشکی شانس!
مینی مال های رسول یونان
نشر مشکی، تهران
چاپ نخست، ١٣٩١



# هونەرکاریی وەسف
# لە کورتە چیرۆکی (بەرمیلێک ئاو)ی
# عەباس عەبدوڵا یوسف

سەدیق سەعید رواندزی

وەسف، یەکێکە لە رەگەزە هونەرییەکانی بونیادی دەقی رۆمان و چیرۆک، رۆلێکی گرنگ لە بینای هونەری دەقەکاندا دەبینێت. لە رێگەی وەسفکردنەوە، خوێنەر ئاشنای رەگەزەکانی دیکەی نێو دەقی رۆمان و چیرۆک دەبێت، وەک کات و شوێن و خەسڵەتەکانی کارەکتەر. بۆیە ئەگەر کرداری وەسفکردن نەبێت، رەنگە خوێنەر نەتوانێت ئاشنای رووداوەکانی نێو دەق بێت. بۆنموونە: لە رێگەی وەسفکردنەوە ئێمە دەزانین، شوێنەکانی نێو دەق چۆنن، کات چۆن دەگوزەرێت، سیما و تایبەتمەندییەکانی کارەکتەرەکان چۆنن. هەموو ئەو لایەنانە لە رێگەی وەسفکردنەوە دەناسین. کەواتە وەسفکردن ,کردارێکە بە هۆیەوە خەسڵەتوتایبەتمەندیەکانی هەر شتێک مەبەستمان بێت، دەیناسینەوە. بۆیە وەسف هاوشێوەی رەگەزەکانی دیکە، رۆلێکی گرنگ دەبینێت، لە دەقی ئەدەبیدا، بە هەموو ژانرەکانییەوە. وەسفکردن، شێوازێکە بۆ خستنەڕووی ئەو مەبەستانەی ئێمە، دەمانەوێت بیزانین، لە دیاردەیەکدا. بەرلەوەی پێیەوە ئاشنا بین. بۆ نموونە: لە رێگەی وەسفەوە لە رۆمان وچیرۆکدا، خوێنەر ئاشنای کارەکتەر و شوێن و رووداوەکان دەبێت. کەواتە وەسف رەگەزێکی سەرەکییە، لە پێکهاتی دەقی چیرۆک و رۆماندا. بێگومان هەموو ئەو رەگەزانەی لە ژانری رۆمان و چیرۆکدان، لە بنەڕەتدا لە

هونەری کورتە چیرۆکیش دەبینرێن. وەلێ جیاوازیەکەیان لەوەدایە، کە لە کورتە چیرۆکدا ئەو رەگەزانە کەمتر مەودای راڤەکردنیان هەیە، بە بەراورد لە گەڵ رۆماندا. بەدەربرینێکی تر، ئەگەر لە رۆماندا، دەلیڤەی ئەوە هەبێت، رۆماننووس هەموو خەسڵەتەکانی کارەکتەرێکمان پێ بناسێنێت، ئەوا لە کورتە چیرۆکدا، بە پێچەوانەوە تەنها دەتوانرێت، بوونی کارەکتەر بناسێنرێت. یاخود ئەگەر لە رۆمان و چیرۆکدا، نووسەر بتوانێت بە درێژی خوێنەر ئاشنای شوێنێک بکات بە هەموو جێگەکانییەوە، ئەوا لە کورتە چیرۆکدا، شوێن تەنیا لە سەر ئاستی گشتی بوونی دەبێت. واتە ئەودەرفەتە نییە نووسەر بتوانێت، بە درێژی لە بارەی وردەکاریەکانی ئەو شوێنەوە بدوێت، وەک ئەوەی لە رۆمان دەیبینین. چونکە پانتایی ڕووداوەکان لە کورتە چیرۆکدا مەودایەکی دەربڕینی بچووکیان دەبێت، بەبەراورد لەگەڵ رۆمانو چیرۆکی درێژ. بەڵام هەمان ئەو رەگەزانە لە هونەری کورتە چیرۆکیشدا دەبینرێن.

**کورتە چیرۆکی(بەرمیلێکی ئاوی پاک)باس**
**لە پەیوەندی کلاسیکیانەی نێوان ژن و مێردێکی کورد دەکات،**
**کە ناچارن بە دیار هاتنی ئاوەوە، شەوانە**
**ئێشکگر بن تاکو بتوانن ئاو بۆماڵەکەیان دابین بکەن.**
**چیرۆکنووس، تیشک دەخاتە سەر یەکێک لەو دیاردە**
**کۆمەڵایەتیانەی کە دەتوانین بڵێین تاکو**
**ئێستاش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونی هەیە.**
**کە ئەویش نەبوونی پێداویستییە سادە و**
**سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤەکانە، کە ئاو یەکێکە**
**لەو پێداویستییە سەرەکیانە**

کورتە چیرۆکی (بەرمیلێکی ئاوی پاک)* یەکێکە لەو کورتە چیرۆکانەی لە بواری رەگەزی وەسفدا، هونەرکارییەکی ئیستاتیکی تیادا بەرجەستە کراوە. بەڕادەیەک کە خوێنەر سەرسام دەبێت لەوەی، کە چۆن چیرۆکنووس توانیویەتی وەسفی ئەو هەموو لایەنانە بکات، لە چیرۆکێکی وەها کورتدا. من تا ئێستا وەک خوێنەرێک چەندین رۆمان و کورتە چیرۆکم خوێندۆتەوە، وەلێ هیچ کورتە چیرۆکێکم نەکەوتۆتە بەرچاو کە هێندەی ئەو کورتە چیرۆکەی مامۆستا (عەباس عەبدوڵا یوسف) وەسفی تیادا، بەو هونەرکارییەوە بەرجەستە کرابێت. بە ئەندازەیەک کە لەم کورتە چیرۆکەدا، وەسفی کات و شوێن و کارەکتەری کردوە. نەک تەنها لە ئاستێکی گشتی بەڵکو لە ئاستێکی زۆر تایبەتیشدا. بۆنموونە: وەسفی شوێن دەکات لە ئاستی گشتیدا، کەچی لە نێو ئەو شوێنەدا وەسفی شوێنە بچووکەکانیش دەکات، کە ئەمە هونەرکارییەکە تەنها لە ژانری رۆماندا دەبینرێت. کورتە چیرۆکی (بەرمیلێکی ئاوی پاک)باس لە پەیوەندی کلاسیکیانەی نێوان ژن و مێردێکی کورد دەکات، کە ناچارن بە دیار هاتنی ئاوەوە، شەوانە ئێشکگر بن تاکو بتوانن ئاو بۆماڵەکەیان دابین بکەن. چیرۆکنووس، تیشک دەخاتە سەر یەکێک لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەی کە دەتوانین بڵێین تاکو ئێستاش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بوونی هەیە. کە ئەویش نەبوونی پێداویستییە سادە و سەرەتاکانی ژیانی مرۆڤەکانە، کە ئاو یەکێکە لەو پێداویستییە سەرەکیانە. چیرۆکنووس مەبەستیەتی ئەو پەیامە بگەیەنێت کە کواڵیتی ژیانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە ئاستێکە، تەنانەت ئاوی خواردنەوەشیان دەستناکەوێت.



ئەم کورتە چیرۆکە، گەرچی بە پێی زەمەن و مێژووی نووسینەوە بێت، کە چیرۆکنووس ئاماژەی پێداوە، لە سەرەتای نەوەدەکانەوە نووسراوە. وەلێ ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە ئەو دیاردەیەی چیرۆکنووس، ئاماژەی پێکردوە لە چیرۆکەکەیدا، ئێستاش بوونی هەیە. چونکە تاکو ئێستاش بە دەیان خێزانی کورد شەوانە بە دیار بەلوعەی ئاوەوە ئێشک دەگرن، تاکو بتوانن. لەسەردەمی بچووکبوونەوەی جیهاندا کەمێک ئاو بۆ ماڵەکانیان دابین بکەن. کەواتە ئەو کورتە چیرۆکە بە تەنیا پەیوەست نییە بە کات و زەمەنێکی دیاریکراوەوە. بە پێچەوانەوە بەڵکو گوزارشت لە واقیعی ئێستای خێزانی کوردی و ئەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتیانەش دەکات کە لە دووتوێی خێزانی کوردیدا هەن. پەیوەندیەک کە تیایدا پێداویستییە ماددیەکان تەنگیان بە لایەنی روحی مرۆڤەکان هەڵچنیوە و مرۆڤ ناچارە لەپێناو دەستبەرکردنی ژیانێکی سادە، دەستبەرداری سۆز و خۆشەویستی و لایەنی روحی خۆی بێت. وەک ئەوەی چیرۆکنووس لە چیرۆکەکەیدا باسی دەکات، کە کاتێ پیاوەکە ناسنامەی ژنەکەی بە لوولدراوی هەڵدەگرێت گومان دەکات لەوەی کە ژنەکەی بەو هەڵوێستەی ئەو، دڵگران و تووڕەببێت. وەلێ کاتێ ژنەکە دەبینێت , پیاوەکەی بەرمیلەکەی پڕ ئاو کردوە، ئیدی ناسنامەکەی بەلاوە گرنگ نابێت. بێگومان ناسنامە کە دەلالەتە لە شوناسی مرۆڤەکان، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە ژیانی مرۆڤەکاندا. وەلێ چونکە ئەو شێوازە کلاسیکیانەی ژیانی مرۆڤەکان لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیانە، دەبینین پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیان شوێنی هەست و سۆز و لایەنی رۆحی مرۆڤەکان دەگرێتەوە. بۆیە کاتێ ژنەکە دەبینێت بەرمیلەکە لەلایەن مێردەکەیەوە پڕ ئاو کراوە، ئیدی گوێ بەوە نادات کە ئاخۆ ناسنامەکەی چی لێهاتووە.



لێرەوەش ئەو پەیوەندییە رۆتینیە و ناروحییەی نێوان مرۆڤەکانمان لە چوارچێوەی خێزاندا بۆ دەردەکەوێت. پەیوەندیەک کە تیایدا لە سادەترین و سەرەتاییترین پێداویستی ژیان بێبەشن. وەک نەبوونی ئاوی خواردنەوە، کە یەکێکە لە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیانی مرۆڤ. بێگومان کۆمەڵگایەکیش، ئەو پێداویستیانەی تیا نەبێت، کەواتە دەبێت ئاست و شێوازی ژیانی مرۆڤەکانی تیادا چۆن بێت. لێرەدا ئێمە مەبەستمان نییە لە رووی بابەتەوە شرۆڤەی ناوەرۆکی ئەو چیرۆکە بکەین کە خوێنەوەی ورد هەڵدەگرێت. بەڵکو تەنیا مەبە ستمانە، ئاماژە بە رەگەزی وەسف بدەین لەو کورتە چیرۆکەدا، کە وەک باسمان کرد لایەنێکی ئیستاتیکی و هونەرکاری کورتە چیرۆکەکە پێک دەهێنێت. چونکە چیرۆکنووس بە تەنیا وەسفی رەگەزێکمان بۆ ناکات، بەڵکو وەسفی کات و شوێن و کارەکتەریش دەکات و لە چوارچێوەیەکی گشتی دەریان دەهێنێت. کە دەکرێ بەم شێوەیەی خوارەوە ئاماژەی پێبدەین:

## *وەسفی شوێن:_

شوێن لەو کورتە چیرۆکەدا، بریتیە لە ماڵێک کە هەموو رووادوەکانی لێدەگوزەرێت. واتە شوێنی بنەڕەتی و سەرەکی ماڵێکە لە گەڕەکێکی کۆن، کە ژن و مێردەکەی تیادا دەژین. لە چوارچێوەی شوێنی سەرەکی چیرۆکەکە چیرۆکنووس وردەکارییەکانی ناو ئەو شوێنەشمان پێدەناسێنێت، بە ڕادەیەک کە ئاماژە بە هەندێک شت دەدات کە رەنگە لە خەیاڵی کەسماندا نەبێت. چیرۆکنووس وەسفی شوێن دەکات و دەڵێ:

(لەو کۆنە گەرەکەدا / بەرمیلەکەی حەوشە / لەژوورەوە لەبن وایەری کارەبای راکرد / سابونێکی تەنیشت شێرەی بەرمیل / بەرۆژ / لێرەو لەوێ) هەموو ئەمانە لە بونیادی ئەو کورتە چیرۆکەدا وەسفکردنی شوێنن. تەنانەت هەندێکیان، شوێنی زۆرسەرنجڕاکێش و نامۆن. وەک سابونەکەی تەنیشت بەرمیل و بن وایەری کارەبا . ئەم دوو دیمەنە، گوزارشتێکن ئێستاش لە نێو ئێمەدا هەرماون. چونکە تاکو ئێستاش لە زۆرماڵدا کاغەز یاخود هەرشتێکی تر بێت، دەیخەنە ژێر وایەری کارەباوە. یانیش دەبینین لە زۆربەی ماڵەکان تاکو ئێستاش سابون لە تەنیشت بەرمیلی ئاو دادەنرێت. ئەو دیمەنانە رەنگە لە خەیاڵی کەسمان نەمابن، وەلێ چیرۆکنووس زۆر ئیستاتیکیانە وەسفی کردوون و جارێکی تر دەیانهێنێتەوە نێو بیرەوەری ئێمە. ئەم جۆرە وەسفکردنەی شوێن دەکرێ بڵێین وەسفی شوێنە لەنێو شوێن. بەو مانایەی چیرۆکنووس لە پاڵ دیمەنی دەرەوەی شوێنە سەرەکییەکە، کە خانووێکە هاوکات شوێنە پەنهاکانی نێو ئەو خانووەشمان پێ دەناسێنێت. بێگومان تەنیا لە میانەی ئەو وەسفەی شوێنەوە، خوێنەر دەزانێت کە ئاخۆ ئەو ماڵە چۆن بووە وچی لە نێودا هەیە.

**ئەم جۆرە وەسفکردنەی شوێن دەکرێ بڵێین وەسفی شوێنە لەنێو شوێن. بەو مانایەی چیرۆکنووس لە پاڵ دیمەنی دەرەوەی شوێنە سەرەکییەکە، کە خانوویێکە هاوکات شوێنە پەنهاکانی نێو ئەو خانووەشمان پێ دەناسێنێت. بێگومان تەنیا لە میانەی ئەو وەسفەی شوێنەوە، خوێنەر دەزانێت کە ئاخۆ ئەوماڵە چۆن بووە وچی لە نێودا هەیە**

### *وەسفی کات:

بێگومان کات رەگەزێکی سەرەکییە لە رۆمان و چیرۆکدا. چونکە دەبێتە ئەو چوارچێوەیەی رووداوەکانی تێدا روودەدەن و تۆمار دەکرێن. لەو کورتە چیرۆکەدا بە گەلێک شێواز وەسفی کات کراوە. بۆ نموونە:

(کاتژمێر دووی شەو، تا کاتژمێر چواری پێنچ دەقیقە کەم/ بە هاوینان ئاو بەرۆژ نەدەهات/ درەنگانی شەو قیچ قیچ دەهات/ تا نیوەرۆ/ پێش بخەوێ/ بەرلەخەوتن/ بۆ زستان هەڵیاندەگرێ/ بەیانی ژنەکەم هەڵدەستێتەوە)

هەموو ئەمانە وەسفی کاتن لەو کورتە چیرۆکەدا. کات بە شێوەی رابردوو، ئێستا وداهاتووش لەو کورتە چیرۆکەدا نیشاندراوە. وەک:

(بە هاوینان ئاو نەدەهات/ ئەمە ئاماژە کردنێکە بۆ کاتی رابردوو) (بۆ زستان هەڵیاندەگرێ/ ئاماژەیەکە بۆ ئەو زەمەنەی هێشتا دانەهاتووە) (پێش بخەوێ/ دەلالەتێکە بۆ زەمەنی ئێستا/ یا ئەو کاتەی رووادەکەی تیا روودەدات). بێگومان لەوەسفی کاتدا، چیرۆکنووس هونەریانە کاتی بەرجەستە کردوە. بۆنموونە دەڵێت: (دووی شەو، تاکاتژمێر چواری پێنج دەقیقە کەم). چیرۆکنووس نالێ دوو تاکو چوار، بەلکو دەڵێ چوار، پێنج دەقیقە کەم. بە بۆچوونی من، ئەگەر بیگوتبایە، چواری تەواو، ئەوا ئەو جوانکاریەی نەدەبوو.

### *وەسفی کارەکتەر:

لەم کورتە چیرۆکەدا دووکارەکتەر رۆلی رووداوەکان دەگێرن، کە ئەوانیش وەک باسمان کرد ژن و مێردێکن. بەدەر لەو دووکارەکتەرە، کەسایەتی تر لە چیرۆکەکەدا نییە. چیرۆکنووس وەسفی ئەو دووکارەکتەرەمان بۆ دەکات و لە رێگەی ئەو سفکردنەوە خەسڵەتە هاوبەشەکان و جیاوازەکانی نێوان ئەو ژن و مێردە دەناسینەوە. وەک ئاستی خوێندەواریان، پیشە و ئارەزووی ژیانیان، لەگەڵ پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان. لە وەسفی هەردووکارەکتەرەکەدا، چیرۆکنووس دەڵێت:

(کابرا گەنجە و مەراقی خوێندنەوەیە/ ژنەکەش خوێندەوارە بەس کتێب ناخوێنێتەوە/ بەستەزمانە ئەویش ماندووە (واتە ژنەکە)بە رۆژ لێرەولەوێ، لەنێو رێکخراوەکاندا ئازووقەدەرە/ پیاوەکە ناسنامەکە هەڵدەگرێتەوە، ژنەکە فرێی دەدات/ بەنۆرە ئاوپردەکەن). لەپەراوێزی ئەو وەسفکردنەی کارەکتەرەکانەوە، خوێنەر کەسایەتییەکان باشتر دەناسێت. بۆ نموونە: پیاوەکە هوشیار و رۆشنبیرە، چونکە کتێب دەخوێنێتەوە. بەڵام ژنەکە کتێب ناخوێنێتەوە. کەواتە دەبێ ئاستی هوشیاری پیاوەکە، بەرزتربێت لە هی ژنەکەی. هەروەها بەپێی ئەو ناساندنەی چیرۆکنووس بێت، کە وەسفی ژنەکەی کردوە، دەبێت ژنەکە لە دەزگایەکی خێرخوازی و مرۆڤدۆستی کاربکات، واتە لە دەرەوە، بەپێچەوانەی پیاوەکە کە لە ماڵە. پیاوەکە ناسنامەکە هەڵدەگرێتەوە، وەلێ ژنەکە گوێی پێنادات/ دواجار هەردووکیان بە نۆرە ئاوپڕدەکەن) لێرەدا لە نێو هەردوو کارەکتەرەکەدا کە ژن و مێردەکەن، چەند خەسڵەتێکی هاوبەش و جیاواز هەیە. بۆ نموونە خەسڵەتە هاوبەشەکان (وەک یەک خوێندەوارن/ بە نۆرە ئاو پڕدەکەن، واتە کەسیان مافی کەسیان ناخوات/ هەردووکیشیان وەک یەکتر ماندوون).

**لەم کورتە چیرۆکەدا دووکارەکتەر رۆلی رووداوەکان دەگێرن، کە ئەوانیش وەک باسمان کرد ژن و مێردێکن. بەدەر لەو دووکارەکتەرە، کەسایەتی تر لە چیرۆکەکەدا نییە. چیرۆکنووس وەسفی ئەو دووکارەکتەرەمان بۆ دەکات و لە رێگەی ئەو سفکردنەوە خەسڵەتە هاوبەشەکان و جیاوازەکانی نێوان ئەو ژن و مێردە دەناسینەوە. وەک ئاستی خوێندەواریان، پیشە و ئارەزووی ژیانیان، لەگەڵ پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوانیان.**

خەسڵەتە جیاوازەکان (پیاوەکە کتێب دەخوێنێتەوە/ ژنەکە ناخوێنێتەوە. پیاوەکە ناسنامەکە هەڵدەگرێتەوە/ ژنەکە گوێی پێ نادات، چونکە خەمی ئەوەیەتی تانکیەکە پڕ ئاوبێت. ژنەکە لە رێکخراوێک کاردەکات/ پیاوەکە پیشەیەکی تری هەیە، کە چیرۆکنووس ئاماژەی پێنەداوە) بێگومان گەر سەرنج بدەین دەبینین، تارادەیەکی زۆر هەردوو کارەکتەرەکە هاوبەش و تەواوکەری یەکترین. واتە خێزانێکی بێ کێشە و گرفتن. هەروەها پیاوەکە چونکە کتێب دەخوێنێتەوە، مانای وایە کەسێکی هوشیارە و بڕوای بە مافی ژن هەیە. بۆیە هاوکاری دەکات و یارمەتی دەدات. گرفتەکەیان تەنها لەوەدایە، کە دەبێ هەمیشە بە نۆرە ئێشکگربن، تاکو بتوانن بەرمیلێکی ئاوی پاک، بۆ ماڵەکەیان دابین بکەن. کە ئەمەش هێمایەکە، بۆ شێوە و ئاست و گوزەرانی ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵی ئێمەدا، کە لە ئاستێکی چەند بێ بەها و نرخدایە.

## سەرنج:

بەرمیلێکی ئاوی پاک کورتە چیرۆکێکی مامۆستا (عەباس عەبدوڵا یوسف) لەژمارە (٨)ی گۆڤاری (٢٣) ئەدەبی، هاوینی ٢٠١٢ بڵاوکراوەتەوە.



# عومەر جەلال:
# ئەوەی ئازار دەیبەخشێ بۆ دۆزینەوی خود و شتە پەنهانەکانی دەوروپشتمان، خۆشبەختی ناتوانێت پێمانببەخشێت

**گوتوبێژی: هێمن عوسمان عەبدوڵا**

عومەر جەلال دوو بەرهەمی شیعری چاپکراوی هەیە «سفری ئەزموون ٢٠٠٩» و «کتێبی سفر ٢٠١٢» تێکستەکان وەک پەیام و وەک تەکنیک و ئەو شێوە کارکردنەی پێی نووسیووە لێک دوورن، لێرەدا گفتووگۆ دەکەین دەربارەی بەرهەمەکانی و چەند باسێکی پەیوەست بە شیعر و ئەو دەقئاوێزانەی کە زۆر جار نووسەری کوردی بە دز و، دزیکردنی ئەدەبی پێ لەقەڵەم دەدەن.

**پرسیار/ دەبینین لە زۆرێک لە چاوپێکەوتنەکانی شاعیراندا، گەر لێیان بپرسرێت شیعر چییە؟ ڕاستەوخۆ پێناسەیەکی شیعر دەکەن و هەوڵدەدەن بەکەمترین پێداهەڵدان، شیاوترین وشە دەرببڕن، بە جۆرێک ئەو وشانەی بۆ پێناسە دەریدەبڕێ پێشتر نەگوترابێ و ڕاستەوخۆ شیعر لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو دەگرن، ئایا دەکرێت شیعر پێناسە بکرێ؟ یاخود ناساندنی گشتی بکرێ و دوور بکەوینەوە لە چەند ڕستەیەکی کۆنکرێتی و پێناسەی شیعر و قسە هێنانەوەی ئەم نووسەر و ئەو نووسەر لە کاتی پێناساندنیدا؟**

**عومەر جەلال:** ئەگەر بڵێین شیعر پێناسە ناکرێت، ئەمە خۆی پێناسەیە بۆ شیعر، بە بڕوای من شیعر وەک عەشق دەبینم تا مرۆڤەکان ئەزموونی نەکەن ناتوانن مافی پێناسەکردنی بدەنێ، یان بە مانایەکی دی هەرکەس لە روانگەی خۆیەوە وەک شاعیر پێناسەی خۆی هەیە بۆ شیعر و جوانترین پێناسەکان ئەوانەن تا ئێستا نەکراون، شیعر دەکرێت پێناسە بکرێت بەڵام نەکردنی جوانترە، ئەو سیحرەی لە شیعردا هەیە نزیکە لە سرووتی عەشقەوە، من هەمیشە لەو بڕوایەدام مرۆڤ جۆرێکە لە شاعیر و ئیدی هەندێ کەس ئەو تێڕوانینانەی ژیانی دەنووسێتەوە و کەسانێکیش هەن لەناووەوەی خۆیاندا دەیخۆنەوە.

نووسەرگەلێک هەن ئەوەندە ناشرین دەنووسن، نەنووسن بەلای خوێنەرەوە ئاساییە و بەپێچەوانەشەوە کەسانێکی تر هەن زۆر جار کە قسەیان لەگەڵ دەکەین یا تێکەڵیان دەبین، ئومێد دەکەیت بنووسێت و کەچی هەموو شیعرەکانی بە هەڵوێست و جوانی و قسەکردن و ژیانێک شاعیرانە دەردەبرێت، بۆیە من وای دەبینم، هەوو ئەو پێناسانەی کە ئەم و ئەو بۆ شیعر کردویانە لەروانگەی پەیوەندەی خۆیانەوە بووە بە شیعروە، ئەگینا پێناسەیەکی وا نابینیت لەئاستی مافی شیعردا بێت. هەندێ چەمکی تایبەت هەن کە پەیوەستن بە مرۆڤەوە و دەبنە بەشێک لە ژیانیان رۆژ لەدوای رۆژ قوڵترو پڕ مانا تردەبن شیعریش یەکێکە لەو ژانرە جوانەی ئەدەب، کە مرۆڤ بەتایبەت نووسەر تووشی نادڵنیایی دێت کاتێک پێناسە دەدۆزێتەوە بۆ شیعر، هەر وەک دەبینین شیعر بەپێی سەردەمەکان بە چەندین رێبازی ئەدەبی تێپەر دەبێت و هەمیشە لە نوێبوونەوەدایە، پێناسەکردنیش بۆ «شیعر» دەتوانین وەک شیعرێک تەماشای بکەین ئەگەر ئەو جوانی و سیحرەی شیعر نیشان بدا، ئەگەر من بمەوێت پێناسە بۆ شیعر بکەم تەنیا دەڵێم «شیعر».

## شیعر دەكرێت پێناسە بكرێت بەڵام نەكردنی جوانترە، ئەو سیحرەی لە شیعردا هەیە نزیكە لە سرووتی عەشقەوە، من هەمیشە لەو بڕوایەدام مرۆڤ جۆرێكە لە شاعیر و ئیدی هەندێ كەس ئەو تێڕوانینانەی ژیانی دەنووسێتەوە و كەسانێكیش هەن لەناوەوەی خۆیاندا دەیخۆنەوە

**پرسیار/ لە كوردستان سالانە چەندین ڤیستیڤاڵی ئەدەبی سازدەكرێت، بەڵام لەم نێوەندەدا دەبینین هەندێك خاوەن تێكست تەنها بۆ ڤیستیڤاڵەكان دەنووسن، یاخود بەجۆرێك لە جۆرەكان بوونەتە كوڕی ڤیستیڤاڵ، ئایا ئەمە چۆنە بەلای جەنابتەوە؟**

**عومەر جەلال:** هیچ كات لەگەڵ ئەوەدانیم، جا هەركەسێك بێت كە بۆ ڤیستیڤاڵ دەنووسێت و زۆر نائاساییانە و ڤێزەونانە دەیبینم. هەر چەندە ئەوەندە ئاگادار نیم ئەوە كێیە بۆ ڤیستیڤاڵ دەنووسێت، نووسین كە بووە هەوڵێك بۆ بژێویی و خۆبردنە پێشەوە من رەتی دەكەمەوە. هەرچەند ئەو ڤیستیڤالانەی دەكرێت پڕن لە كەموكوڕی تێكشكانی هەندێ كەس و گەورەكردنەوەی هەندێ كەسی تر، بۆخۆم دوو جار، بەشداری دوو ڤیستیڤاڵی جیاوازم كردووە و لەدوایشدا ئەوەندە ناشیرنیم بینیوە كە نەتوانم جارێكیتر بچمە ڤیستیڤاڵ و ئەو شتە بێ مانایانە، ئیدی نووسەر ئازادە بەشداری دەكات لەو جۆرە ڤیستیڤالانە. بەڵام گرنگ ئەوەیە لە دوای ڤیستیڤاڵ بەسەركەوتن و بێبەشكردنیان لە خەڵات بەردەوام بیت لە نووسین، هیچ كات بە تایبەت لە مێژووی ڤیستیڤاڵە كوردییەكاندا نووسەری دروست نەكردووە تەنانەت كەسانێكیش هەبوون ئەنجامی ڤیستیڤاڵیان كردبووە پێوانەی نووسەربوونی خۆیان، لە كاتێكدا نووسەر مەرجە بۆ خودی خۆی و خوێنەرەكەی بنووسێت نەوەك ڤیستیڤاڵ، جا من ئەوەندەی قسەم لەسەر لاوازیی و بێ مانایی ئەو جۆرە ڤیستیڤالانە هەیە ئەوەندە كێشەم لەگەڵ كەسانێك نییە كە تەنیا سالانە بە تێكستێكەوە خۆیان دەكەن بە پاڵەوانی ڤیستیڤاڵ، ئەگینا شێوەیەكی جوان و گۆڕانكاری جیدیی لە ڤیستیڤاڵەكاندا ئەگەر بكرێت بەم شێوە نە نووسەر دەتوانێت بەو شێوە ببێتە پاڵەوانی ڤیستیڤاڵ، نە ڤیستیڤاڵ دیوێكی ناشیرنی ئەدەبی كوردییمان نیشان دەدات، ڤیستیڤاڵ بۆئەوەیە رێز لەو دەنگە جیاواز و جوانانە بگرێت كەچی زۆر جار دەیبینین لای ئێمە پێچەوانە دەكەوێتەوە و، مەگەر بە سودفە ئەگینا كەسانێك لە هەندێ ڤیستیڤاڵ كراون بەپاڵەوان خوێنەرێكی سادەش ناتوانێت چێژ و جوانی و تازەگەری لەوشەكانیدا ببینێت.

# من ناتوانم وەک کەسانێک بنووسم کە بۆ خوێنەر بنووسن. ئەوەی دەمەوێت زیاتر پەیوەندیی بەم دۆخە نامۆیەی ئێستاوە هەیە کە مرۆڤی بێزار و نائومێدی تێدا دەژێت و ڕەنگە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەنووکە نەبایە من بەم شێوە وڕێنە ئامێزانە نەمنووسیبایە

**پرسیار/ تۆ تا چەند بایەختداوە بە وێنەی شیعریی، کە هەر کات لەم شێوە کارکردنەدا زۆر قووڵبوویتەوە، ئەوا ڕاستەخۆ واتا شیعرییەکان دەپوکێنەوە و پڕاوپڕ دەستەواژە شیعرییەکان دەبنە جۆرێک لە وڕێنە، یان گەر بەجۆرێکی تر پرسیارەکە بکەین، ئایا ڕات چیە لەسەر ئەم شێوە کارکردنە؟**

**عومەر جەلال:** لە ڕاستیدا ئەم شێوە کارکردنەی من پێ دەنووسم هەڵبەت خاڵی نییە لەوێنە، بەڵام لەهەندێ شیعر و لە هەندێ شوێندا کارم لەسەر کۆد کردووە. یان بە مانایەکی تر وێنەی شیعریم لە هەندێ شوێندا کردووە بە کۆد و لە هەندێ شوێنی تریشدا کۆد و قوڵبوونەوەی فیکرم بە شێوەیەکی وێنەی سادە دەربڕیوە. لە هەندێ ڕستە شیعرەکانمدا ئەگەر بەتایبەت «کتێبی سفر» تەماشا بکەیت، بەر ئەو جۆرە وڕێنەیە دەکەویت و بە ئاسانی وڕێنەکان دەناسرێنەوە، یانی بە کورتی نووسین بەلای منەوە ئاوێتەیەکە لە وێنە و فیکر و وڕێنە و ئەو شتانەی تۆ باسی دەکەیت و لەپرسیارەکەتدا ئاماژەت پێکردووە، من ناتوانم وەک کەسانێک بنووسم کە بۆ خوێنەر بنووسن. ئەوەی دەمەوێت زیاتر پەیوەندیی بەم دۆخە نامۆیەی ئێستاوە هەیە کە مرۆڤی بێزار و نائومێدی تێدا دەژێت و ڕەنگە بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەنووکە نەبایە من بەم شێوە وڕێنە ئامێزانە نەمنووسیبایە. ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت لەم سەر زەوییە بوونی «مرۆڤی مۆدێرنە» مرۆڤێکە زووتێپەر و دونیای ئەدەب زۆر بچوککراوەتەوە، ئەگەر بەم شێوەیەیی خۆم دەمەوێت نە نووسم ناتوانم بنووسم، من هەمیشە لەو بڕوایەدابووم کە کەسێک ویستی بنووسێت یان نەنووسێت یان خاوەنی دەنگ و ڕەنگێکی تایبەتی خۆی بێت و نەبێتە کۆپی ئەوانی دی تۆ تەماشاکە لە ئێستادا گەنجانێک دەنووسن

(کەخۆشم بەشێکم لەو گەنجانە) زۆربەیان لەیەکەوە نزیکن و واهەست دەکەیت سەرقاڵی یەک دەقی درێژین و دەبێت بەهەموومانەوە کاری لەسەربکەین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەست بە جیاوازییەکی کەم دەکەیت، لە نێوان نووسینی ئەم دەیەدا هەڵبەت من تا پێمکرابێت وەک دەوروپشتم نەمنووسیوە و ناشمەوێت وا بنووسم.
تۆ ئەگەر هەردوو کتێبەکەی من بخوێنیتەوە دەبینیت خاوەنی یەک شێوە کارکردن نیم و بە تایبەت لە دوایین کتێبمدا «کتێبی سفر» وا هەستەکەی چەند کەسێک نووسیویەتی یان وام ئارەزووکردووە گۆرانکاری لە نووسینەکانی خۆمدا بکەم و بە چەند شێوەیەک بنووسم، ئیدی لە هەندێ شوێندا وڕێنەیە و لە هەندێ شوێندا سادەییە و لە هەندێ شوێندا وێنەگەلی رۆمانسی زۆر سادە و هەروەها فیکریش دەبینیت کەمن بۆ تێکشکانی رێبازەکانی شیعر کردوومە و نەمویستووە پەیوەست بم بە دونیایەکی تایبەتی نووسینەوە.

**پرسیار/ لەسەر ئەو جیاواز کارکردنەت لە فۆڕم و ناوەڕۆک و تەنانەت تەکنیکی شیعرییەکانت لە هەردوو بەرهەمەکەتدا، دەمەوێ پرسیارێکی دیکە بکەم ئەوەش، دەبینین هێندێکجار لەناو تێکستەکاندا بەکەمی بەر «سوریالیزم» هەندێکجاریش بەر «نێهیلیزم» دەکەوین، تۆ تاچەند خۆت وا بەستە دەکەیت بە رێبازێکی ئەدەبی دیاریکراوەوە ؟**

**عومەر جەلال:** من وابەستە نیم بە هیچ رێبازێکی شیعری و ناشمەوێت ببمە دووبارەکردنەوەی رێبازێکی شیعری و خۆم بئاڵێنمە ئەو جۆرە رێبازانەوە، ئەوەی کە دەینووسم بەشێکی خۆنووسینەوەیە و بە شێکی خوێنەر ناچارم دەکات بنووسم، راستە دونیایەکی تاریک لە شیعرەکانمدا هەیە بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی ئیدی من حەز بە بڵاوکردنەوەی رەشبینی و ئەو شتانە بکەم، شیعر بەلای منەوە بۆ جوانترکردنی ژیانە و بەشێک لەو ساتە تایبەتانەی خۆم دەنووسمەوە، ئیدی زۆر جار غەمگینییە و زۆرجاریش سوریالیانە و زۆر جاریش هێندە سادە دەنووسم وەک ئەوەی سەرەتای نووسینمبێت، بە کورتی هیچ رێبازێکی نووسینم نییە، خۆشم لەنێو زۆربەی رێبازە ئەدەبییەکاندا دەبینمەوە، بوونی رێبازێکی ئەدەبیی بەلای منەوە گرنگ نەبووە ئەوەندەی ویستوومە شتێکی جیاواز بنووسم، ئیدی ئەوە خوێنەرە بڕیار لەسەر ئەوە دەدات من لەکام رێبازدا دەبینێتەوە .




من بەپێی دونیابینی خۆم و ژیانی رۆژانەم نووسیومە و هەر کاتێک بەر وشەیەک کەوتبێتم بۆ نووسین خوێندنەوەی ئەو رۆژەبووە کە تێیدا ژیاوم ئیدی رۆژێکی غەمگین بووبێت ئەوا غەمگین دەرکەووتووم و ئەگەریش ژیانی سادە و خاکییانە ژیابێتم و لەنێو سروشت و رۆشتنم بۆ گوندێک و مانەوەم لەوێ تا زەمەنیک وشەکانم هەڵقوڵاوی دونیایەکی تایبەتی سوریالییانەبووە، دەتوانم بڵێم وام کردووە خوێنەر ئەگەر دەستی بەر تێکستێکی من بکەوێت هەوڵمداوە ئەو خوێنەرە لەخۆم نەتۆرێنم و ئەگەر مرۆڤێکی نەهیلیست بێت بتوانێت چێژ لە نووسینم ببینێت و ئەگەر سوریالییانەش بێت بەهەمان شێوە ئارەزووی خوێندنەوەم بکات، من ناتوانم تایبەت بەو شێوەیە بنووسم کەخوێنەر دەیەوێت. ڕاستە بەشێکی نووسینی من خۆنووسینەوەیە بەڵام لە هەمان کاتدا پەیوەندی دەبێت بەهەندێ خاڵی هاوبەشی ئەوانی دییەوە.

**پرسیار/ ساموێل بێکت دەڵێ «بۆ خوێنەرێکی نەبینراو دەنووسم» ئیدی تۆ کە نازانی خوێنەرەکانت کێن و چۆن بڕیار لەسەر دەقت دەدەن ئیدی چۆن دەتەوێ لێت نەتۆرێن؟ لە هەمان کاتیشدا دەڵێی «من ناتوانم تایبەت بەو شێوەیە بنووسم کە خوێنەر دەیەوێت».**

**عومەر جەلال:** من تەواو هاودەنگم لەگەڵ ئەو قسەی بیکێت، نازانم بۆ کێ دەنووسم بەڵام هەر نووسینێکم بڵاوکردبێتەوە لەدوای ئەوە هەندێ لەخوێنەرەکان پەیوەندیان پێوەکردووم و

کەم تا زۆر سەرنجیان هەبووە لەسەر نووسینەکانم،یان بەمانایەکی دی وا راهاتووم خوێنەری شیعرەکانم لەگەڵ ئەو شێوازە رابێنم کە پێی دەنووسم. هەرچەندە مەبەستم یاریکردن نەبووە لەگەڵ خوێنەر بەڵکو هەوڵمداوە لەگەڵ دونیابینی خۆم و ئەو شێوازە تایبەتەی پێ دەنووسم خوێنەر وەڕس نەکەم لە وشەکانم، لە هەمانکاتیشدا نەمهێشتووە بۆ هێشتنەوەی خوێنەری وشەکانم وەک ئەوە بنووسم ئەوان دەیانەوێت، بە کورتی ویستوومە خوێنەر بەدوای تەکنیکی نووسینەکانمەوە بێت نەوەک من بەدوای ئەواندا بگەڕێم و بە چ شێوازێک ئەوان پڕدەکاتەوە لە چێژی نووسین، یانی روونتر بڵێم هەمیشە لەهەوڵی گەمەکردن بوومە لەگەڵ شێوازی نووسینمدا و ئیدی لەوێ ئەوەندەی من بزانم هەر وەک چۆن زۆربەی وشەکانم پڕن لە نیگەرانی ئاوهاش بەشێکی ئەوانەی دەمخوێننەوە ئاوێتەن لە نیگەرانیی و راهاتوون.

**تۆ باسی «یوسف»ت کرد لە چیرۆکی «توانا ئەمین»دا من بەر لەوەی توانا ئەمینم خوێندبێتەوە بەهۆی ئەوەی خوێندنی من بەزمانی عەرەبیی بووە ئێستاشی لەگەڵدا بیت، رۆشنبیری و مەعریفی من لەرێگەی زمانی عەرەبییەوە بووە، کەم تا زۆر ئاگاداری ئەدەبیاتی عەرەبیی بوومە و، تەنانەت بەدەیان شاعیری عەرەب «یوسف» یان بەکار هێناوە و هەریەک بە شێوەیەک هەر لە «محمود دەروێش»ەوە تا «ئەمەل دونقەل»ی شاعیری میسری و «سەمەر دیاب» و کەسانی تریش هەریەکە و بەشێویەک خۆیان چواندووە بە «یوسف» و منیش هەڵبەت جیاواز لەوان خۆم بە «یوسف» چواندووە**

**پرسیار/ ئێوە لەناو ئەو کتێبە شیعرییەیی بەم دواییانە بڵاوتان کردەوە هێندێک شت دەبینرێت، کە هێندێکیانت بۆ دەخەمە ڕوو:**

ئێوە دەڵێن «بە ئەندازەی یەکەمین پێڵاوەکانی منداڵیم خۆشمدەویی» هاوکات داستان بەرزان دەڵێت «بە منداڵێکم وت چەندە منت خۆشدەوێ/ وتی: هێندەی پێڵاوە تازەکانم» ئێوە لە جێگەیەکی دیکە دەنووسن «ئایی باوکە منی یوسف خەونم بەهیچ ئەستێرەیەکەوە نەدی / تەنانەت مانگ و خۆریش / کەس ڕقی لێ نەبووم / کەس نەیکردمە بیرەوە / هەروەک چۆن خۆشی نەویستم / ئایی باوکە یوسفەکەی تۆ لە خەونی نەزانی / تەنیا خۆی مژۆڵ کرد بەتەنیاییەوە» هاوکات توانا ئەمین لە چیرۆکێکدا بەناوی «موعتادێک لەسەر پردی سیرات» دەنووسێ «یوسف نیم و وام لەم بیرە تاریک و قووڵەدا، کەس نەیخستوومەتە ئێرە و خۆم هاتووم، زەحمەتی دەرهێنانم مەخەنە بەر خۆتان، ئەگەر ئەرک نییە سەری ئەو بیرە داپۆشن، ئەو ڕوناکییە عەزێتمدەکات»

لە جێگەیەکی دیکە ئێوە دەنووسن «تۆ و خودا لە یەک شتدا لەیەکدەچن / هەر دووکتان بۆ ئەبەد منتان داگیر کرد»

هاوکات یاسین عومەر دەڵێت «تۆ و خودا دوو خۆشەویستی بێ ئەدرەسی منن»

گەر تەماشای پەیامی هەر یەک لەوانەی ئاماژەمان پێدا دەچنەوە سەر یەک، یان زۆر لێکەوە نزیکە، من ناپرسم بۆ ئەم دێڕانە بەو شێوەن، یاخود ئەمکارەت بۆ ئەوها کرد؟ نا... بەڵکو بە پشت بەستن بە وتەیەکی فەرهاد شاکەلی کە لێرەدا دەیهێنمەوە و دەڵێ «گەر تەماشای بەفر بکەین لە ڕواڵەتەدا هەموو لەیەک دەچن، بەڵام گەر بەفر بخەینە ژێر میکرۆسکۆبەوە دەبینین هیچ کلوی بەفرێک لە کلوی بەفرێکی دیکە ناچێ» یانی گەر تەماشای شیعری شاعیران بکەین دێڕێک یان دووان و زۆر جاریش دەقێک بەتەواوی، لە شیعری نووسەرێکی دیکە بچێ، بەڵام گەر بەباری تایبەتی هەر دووکیاندا ڕۆبچیت، دەبینی زۆر دوورە لەیەکەوە و لە بنەڕەتدا کەسیان ئاگایان لەوی دیکە نەبوو کە بەو شێوە نووسیوویەتی، منیش هەمان شت بۆ ئەم دێڕانەی تۆ بە دروست دەزانم بۆیە دەپرسم بۆ چوونی تۆ لەسەر ئەوانەی ئاماژەمان پێدا چۆنە؟ تا چەند ئەمە بە دروست دەزانیت کە ڕواڵەتەن زۆر کەس هەیە نووسینیان یاخود پەیامی نووسینیان یەک دەگرێتەوە؟ بەڵام دەبینی نووسەری پێ تاوانبار دەکەن بە دز و بە دزی ئەدەبی دایدەنێین .

**عومەر جەلال:**

من کاتێک دەنووسم هیچ شتێک ناهێنمەوە یادی خۆم کە پێشتر خوێندبێتمەوە، بەتایبەت ئەو شیعر و نووسینانەی کە بیانەوێت بێنە نێو دێڕەکانمەوە، ئیدی نەمویستووە و ناشمەوێت دێڕێکم لە کەس بچێت و هەروەک چۆن حەزناکەم کەس دێڕی لە من بچێت، من لەو کورتە شیعرەی داستان بەرزانەوە دەست پێدەکەم کە خۆشویستنی منداڵێکە بۆ پیڵاو و ئەوەی

منیش خۆشویستنی مرۆڤێکە وەک پێڵاو هەست بە نزیکبوونەوەیەک دەکرێت لەوێنەکەدا، بەڵام دەربڕینەکە جیاوازە، من کاتێک ئەمەم نووسیوە ئەوەی لەخەیاڵمدا نەبووبێت ئەو نووسینەی «داستان بەرزان» بووە لەوەش سەیرتر من کاتێک مانگی ١١ی ٢٠١١ کەئەم رستەیەی لەگەڵ هەندێ رستەی تردا لەگۆڤاری نەوشەفەق ژمارە «٨٩» بڵاوکرایەوە دواتر شاعیرێکیتریش بەدوای من بەناوی «بەرزان هەستیار» لە مانگی یەکدا لە رەخنەی چاودێر لەشیعری «زۆر مندالانە» دەنووسیت «بەقەدەر پێڵاوە تازەکانم خۆشم ئەوێیت».
تۆ تەماشای ئەوەی «بەرزان هەستیار» بکە چەندە لەمنەوە نزیکە و ئەگەریش لێی بپرسی دڵنیابە دەڵێت من ئەو رستەیەی «عومەر جەلال»م نەبینیووە. خۆزگە کەسێکی رەخنەگر دەهات و جیاوازییەکانی ئەو سێ رستەی دەکۆڵییەوە نەوەک من.

تۆ باسی «یوسف»ت کرد لە چیرۆکی «توانا ئەمین»دا من بەر لەوەی توانا ئەمینم خوێندبێتەوە بەهۆی ئەوەی خوێندنی من بەزمانی عەرەبیی بووە ئێستاشی لەگەڵدا بیت، رۆشنبیری و مەعریفی من لەرێگەی زمانی عەرەبییەوە بووە، کەم تا زۆر ئاگاداری ئەدەبیاتی عەرەبیی بوومە و، تەنانەت بەدەیان شاعیری عەرەب «یوسف» یان بەکار هێناوە و هەریەک بە شێوەیەک هەر لە «محمود دەروێش»ەوە تا «ئەمەل دونقەل»ی شاعیری میسری و «سەمەر دیاب» و کەسانی تریش هەریەکە و بەشێویەک خۆیان چواندووە بە «یوسف» و منیش هەڵبەت جیاواز لەوان خۆم بە «یوسف» چواندووە بە پێچەوانەی هەموو ئەو یوسفانەی بەکارهێنراون وەک چیرۆکە ئەسڵیەکەی بەڵام بە دەستکاریکردنەوەیەکی جیاوازەوە.
بۆ ئەو دێرەی «یاسین عومەر»یش من نەمبینیووە و دواتر زۆر جیاوازن لەیەکەوە هیچ شتێک نایانبەستێتەوە بەیەکەوە زۆر شاعیریتریش هەن لە دەیەکانی رابوردوودا بەتایبەت لە دونیای رۆحی و سۆفیگەرێتیدا «خودا» یان لە ناوەوەی خۆیان کۆکردووەتەوە و پەیوەستیان کردووە بەوی دییەوە، یانی دەمەوێت بڵێم تۆ درکێکی باشت بەو رستانەکردووە کە بەراوردت کردوون و من زۆر پێمخۆشە کە کتێبەکەی منت خوێندووتەوە و بەهیوام چاوی رەخنەگری جیدیی بتوانێت ئەو هەموو نووسینانەی بڵاودەبنەوە و هەروا زوو تێپەرنەبن و قسەیان لەسەر بکرێت بە تایبەت ئەو لێکچوونانەی کە لە نێوان نەوەکاندا هەیە و منیش هیچ کات نەمویستووە لەژێر کاریگەری و کۆپیکرنەوەی کەسێکدا دێرێک بنووسم.

دواتر من ئەوەندەی بزانم «دەقئاوێزانی» هەیە و ئەمە تێدەگەم، بەڵام دزیکردنی شیعر شتێکی قێزەونە و بەئاشکرا دەناسرێتەوە. من دژی ئەو دیاردەیەم بەتایبەت کەسانێک کە زمانەکانی دی دەزانن و بە خوێنەرە گەنج و سادەکانی دەفرۆشنەوە، نابێت ئەوەشمان بیربچێت ئەگەر کەسێک باسی خودای کرد یان مردن یان عەشق و یان یار و یان نازانم چی، ئیدی نابێت ئێمە بەکاریبهێنین بەڵکو لەوەتەی مرۆڤ و نووسین هەیە بێ ئەوەی خودی نووسەرەکان ئاگایان

لەیەکتر بێت لە زۆر شوێن و ڕێگەدا دەچنەوە سەریەک شێوە کارکردن و وێنە و تەکنیک.
من چەند ساڵێک لەمەوبەر شیعرێکم نووسی بەنێوی «مردنەکان» هەرچەند پێشتریش لەزۆر شوێنی شاعیرانی دونیادا شێوازی مردنی خۆیان دەنووسنەوە، کاتێک کە بڵاومکردوە کەسێک بەچەند ناوێکی جیاوازەوە لەماڵپەرێکدا وەڵامگەلێکی توند و دوور لەرەخنەی جیدیی بۆ شیعرەکەم نووسیبوو تەنانەت پەیوەستیکردبوو بە شاعیرێکەوە کە بەهەموو ماناکانەوە ئەو شاعیرەم پێ رەفزە و چێژی لێ نابینم.

**پرسیار/ لێرەدا دیسان دەپرسمەوە و ڕوونتری دەکەمەوە، من نەمگوت کە ئێوە تەواو ئەو دێڕانەت بینیوە کە من هێناوومەتەوە، بەڵکو گوتم بۆچوونت چۆنە کە هەندێکجار بەدزی لە قەڵەم دەدرێت تا ئێرە پەیامەکەت گەیشتە لام .. بەڵام وەک خۆت دەڵێی «من کاتێک دەنووسم هیچ شتێک ناهێنمەوە یادی خۆم کە پێشتر خوێندبێتمەوە» باشە ... بەڵام بڕوات بەوە هەیە کە بێ ئیختیار «لائیرادی» شتگەلێک هەن لە نەستی مرۆڤدا دەمێننەوە؟**

**عومەر جەلال:** رەنگە ئەمە کێشەکە بێت نەک من، بۆ زۆر نووسەریتریش دوو هۆکار هەن یان ئەوەتا لە نەستدا ئەو بیرۆکانە دەمێننەوە و هەڵبەت بەبێ مەبەست بەکارهێنانی هەندێ بیرۆکە نەک دزینی رستەیەک، یان ئەوەتا ئەو بیرۆکانەوە نەخوێندراوەتەوە و پێشتر ئیدی ئەمە زۆر جار بە دزی ئەدەبی یان بۆ لێدان لە ئەزموونی ئەو نووسەرە دەبێتە دەروازەیەک بۆ رەخنەی بازاڕی و دیارە ئەمانەش کەسانێک دەیکەن کە دژی ئەو کەسەبن یان بیانەوێت بیشکێننەوە و نووسینەکەی بدەنە پاڵ کەسێکی دی و بە دزی ئەدەبیی بخوێندرێتەوە، ئەگینا هەمیشە نووسەرگەلێک هەبوو لەرابوردوودا و بەتایبەت من لە ئەدەبیاتی عەرەبی کلاسیکدا شتگەلی وەهام بینیوە و کەچی دوای لیکۆڵینەوە تەماشایان کردووە زەمەنی ئەو دوو نووسەرە زۆر جیاوازبووە و هیچ کامیان ئاگایان لە کولتوور و زمانی یەکدی نەبووە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی بە ئاگاییەوە کرابێت بەڵکو ئەوە تەنیا لە هەندێ رستە و بیرۆکە و تەنانەت ناونیشانی شیعرەکانیشدا هەستی پێدەکرێت و بەبێ مەبەست نزیکن لەیەکەوە، رەنگە ئەمە پێچەوانەی ئەوەش بێت کە گوتراوە هیچ شتێک لە ژێر ئەم خۆرەدا نوێ نییە.

## من نەمتوانیوە و ناشتوانم ئومێد لە نووسیندا دروست بکەم، یان وابکەم بەختەوەری و کۆمیدیا ببەخشمەوە، هەروەک چۆن ناتوانم ماچ و وێنەی سێکسیانە بنووسمەوە، ڕەنگە ئەوە ئیشی دکتۆرێکی دەروونی بێت یان کەسانێکی دی، وشەکانم هەڵقولاوی ناوەوەی خۆمە کە پڕە لەئازار و تێکشکان و غەمگینیی

**پرسیار/ ئەو دەمەی شیعرەکانتم دەخوێندەوە نیگەرانییەم تێدا دەبینی کە زۆرینەی نیگەرانی بینایی کردووە، دەزانی گەمژەییە گەر من بپرسم بۆچی نیگەرانیت، یان بە هەر نووسەرێکی دیکە کە نیگەران بنووسێ پێی بڵێی بۆ نیگەرانی، نا... من ئەوە ناپرسم، بەڵکو بەشێوەیەکی دیکە دەپرسم ئایا نیگەرانبوون تاچەند لە داهێنان نزیکە؟ نیگەرانبوون تا چەند گرێدرواى خەونی گەورەیە؟**

**عومەر جەلال:** من نەمتوانیوە و ناشتوانم ئومێد لە نووسیندا دروست بکەم، یان وابکەم بەختەوەری و کۆمیدیا ببەخشمەوە، هەروەک چۆن ناتوانم ماچ و وێنەی سێکسیانە بنووسمەوە، ڕەنگە ئەوە ئیشی دکتۆرێکی دەروونی بێت یان کەسانێکی دی، وشەکانم هەڵقولاوی ناوەوەی خۆمە کە پڕە لەئازار و تێکشکان و غەمگینیی، بەدرێژایی مێژووی ئەدەب و بەتایبەت شیعر دەربڕینی هەستە ئازاراوییەکان بووە و جۆرێک لەبەتاڵکردنەوەی ئازاری پێوە دیارە. هەڵبەت منیش ئەو ئازارانەی هەمن ناتوانم گوزارشتی لێبکەم ئەگەر وشەکان پڕنەبن لە خوێن و تاریکی، هەوڵیشمداوە نەتوانم وا بنووسم و ببمە کەسێک بۆنی خۆشبەختی لە وشەکان بێت و ناتوانم، یان دەبێت نەنووسم یان دەبێت وا غەمگین دەرکەوم، ئیدی نازانم تا چەند دەبێتە داهێنان و ڕەنگە خوێنەری ئەم جۆرە وشانەی من بەکارم هێناون پڕن لە تێکشکان و وێرانەیی خوێنەرێکی کەم خوازیاربین و هەڵبەت ناشتوانین ئەوە لە یادبکەین من ئەو کەسانەی کە دەمخوێننەوە، یان حەز بە نووسینی من دەکەن یان دەبنە هاوڕێم و یان لێم کۆبوونەتەوە لە ڕێگەی نووسینەوە مرۆڤگەلێکی تێکشکاو وێرانبوون، کەسانێک کە حەز بە ئازار ناکەن و پڕ نین لە بێهیواییی ناتوانن چێژ لە نووسینەکانم ببینن.

هەڵبەت نیگەرانیبوون، بەو مانایەی پرۆژەی خەونێکی گەورەیە بەلای منەوە بۆ دۆزینەوەی دەرگەکانی خۆشبەختی و تێگەیشتن لە ئازار بەلای منەوە سەختترە لە تێگەیشتن لە خۆشبەختی و هیچ کاتێکیش ناتوانم بەو شێوە ئاساییەی مرۆڤە خۆشبەختەکان لەدونیا بڕوانم، روونتر بڵێم ئەوەی ئازار دەیبەخشێ بۆ دۆزینەوی خود و شتە پەنهانەکانی دەورپشتمان خۆشبەختی ناتوانێت پێمانببەخشێت، تۆ تەماشاکە ئەگەر کەسێک لەمنداڵییەوە لەنێو خیزانێکی خۆشبەخت و تەنانەت تا گەورەش دەبێت ئازار نەبینێت و هەمیشە چی بیەوێت لەبەر دەستیدا بێت ئەوا چەند سادە و بێکەڵک و بێ داهێنان دەمێنێتەوە و ناتوانێت هەم ژیانی تاریک و بیماڵی بناسێت و هەمیش خۆشبەختی دەبێتە دەردێکی کوشندە و موعتادی دەکات و ناتوانیت ئەو چێژەی غەمگینی و بێکەسەکان لە چۆرێکی خۆشبەختیدا دەیبین ئەوانی دی نایبینن.

# مایاکۆفسکی لەم چەرخەماندا



**نووسینی: نێکۆلای کالیتین**
**لە ئینگلیزییەوە: د. ئازاد حەمە شەریف**

(لە یەکێتی سۆڤیەتدا گەلێ نووسین بۆ ژیان و بەرهەمەکانی ڤلادیمیر مایاکۆفسکی تەرخانکراون، ئەوا لە خوارەوە بەشێک لە کتێبی (وشە و سەردەم) بڵاودەکەینەوە کە نێکۆلای کالیتین مامۆستای بەرزی ئەدەب و پسپۆڕ لە بەرهەمەکانی مایاکۆفسکی نووسیویەتی.)

شاعیری نیشتمانپەروەر و شاعیری خەباتگێڕ، مایاکۆفسکی هەمیشە هێمای ویژدانی شیعری سۆڤێتی بووە و بەرهەمەکانیشی لە ئاستێکی وادان کە جێ چاوی گشت شاعیرە هەرە چاکەکانی ئەمڕۆیە.
سفت و سۆڵی و زیندوویێتی ئەو نەریتانەی ئەو دروستی کردوون ئێستا بوونەتە ڕاستی

پەسەندکراو. لە شیعرەکانیدا خودی سۆزدار هەمیشە خودی شاعیر خۆیەتی، بەڵام ئەمە گوزارشتیش لە بیر و هەستی ملیۆنان هاوڕێی وڵاتەکەی دەکات. جا هەرکە شاعیر باسی خۆی دەکرد، ئەم یەکێتییە پتەوەی کەسایەتی و گەردوون یارمەتیی ئەوی دا بۆ سەردەمی خۆی بدوێ. کاتێ ئێمە دەڵێین لە شیعرەکانی (مایاکۆفسکی)دا دەنگی دانپێدانان، بڕیاردان و قسەی ڕاستەوخۆ، لەگەڵ سۆزی وتاربێژی و زاراوەی پەتی ئامرازی ڕەوانبێژی نین، واتە ئەوانە تاقە شێوەن لە ڕێگای ئەوەوە گەورەیی هەستەکانی خۆی پێ دەردەبڕێ. ئێمە بە ئاشکرا دەبینین هەموو شتێک لە ئەنجامی هێزی ئەو هەستانەوە خوڵقاوە لەگەڵ گرنگی ئەو شتانەی شاعیر دەیەویست بە خوێنەرانی بڵێ– ئەو ڕاستییەی کە خۆی بە ملیۆنان خەڵکەوە خەریک دەکرد و هەوڵی دەدا هەموو تاقە وشەیەک لە مێشکی ئەوان بچەقێنێ.

لێشاوی سۆز کە وشە و ڕەوتی ئاسایی لە توانایدا نییە بیگرێتەخۆ سنووری ئەو ڕەوتانە دەشکێنێ و داوای وشە و وێنەی نوێ دەکات و زێدەڕۆیی (مبالغە) و بە کەسکردن (تشخیص) و خوازەی بەهێز دەخولقێنێ– هەر ئەم وشە و ڕەوت و سەروا نوێیانە بوو کە یارمەتی شاعیری دا زمانی شیعری فراوان بکات و مامەڵەیەکی دیموکراتیانەی لەگەڵ بکات و تێڕوانینی بە دیاردە و بابەتی ژین ئاسا کە پێشتر لە شیعر یاساغ کرابوو دەوڵەمەند بکات– تاوەکو بەم چەشنەش شۆڕش بەشیعرەکانی خۆی (چەکدار بکات). هەرکە بیر لەوە دەکەینەوە چۆن بنەما شیعرەکانی مایاکۆفسکی لە بەرهەمی شاعیرە هاوچەرخەکان پارێزرا و گەشەی پێ کرا، ئەوسا دەبێ ئەوەمان هەمیشە لەبیر بێ کە لە ئەنجامی ئاکارە هەرە گرینگەکانی شیعرەکانییەوە کە سفت و سۆڵی و کاریگەرێتی بوون، بەبێ هەستێکی بەهێز، بەبێ سووتانێکی ڕاستەقینە، بەبێ کەسایەتی زیندووی شاعیری ئەودیو خودی سۆزدار، هیچ دێرێکی (بەبزاوت)، هیچ ڕەوتێک و هاونەواییەکی دەقاودەق (مایاکۆفسکیانە)، هیچ باڵابوونێکی بە پەرۆش و ڕەوانبێژانە، شاعیر لە مایاکۆفسکی نزیک ناکاتەوە. بە پێچەوانەوە ئەمانە ئەوە پیشان دەدەن کە لە ڕاستی چەند لێکتر دوورن.

پێی ناوێ بڵێین دڵسۆزی بۆ نەریتی مایاکۆفسکی دەقاودەق مانای بەکارهێنانی تەکنیکە شیعرییەکانی ئەو نییە. خۆ بەرهەمی زۆر لە شاعیرە هاوچەرخە گەورەکانمان بەڵگەی ئەو قسەمانە. بەڵام شێوە شیعرییەکانی مایاکۆفسکی ئەوەندە شۆڕشگێڕانە و هاوچەرخانەیە و نوێکردنەوەکانیشی ئەوەندە بەقووڵی بە ناوەڕۆکی نوێی شیعرەکانمان بەستراونەتەوە تاکو کەم شاعیرمان هەن، تەنانەت ئەوانەی زۆر لەو دوورن چ لە هەستیاری و چ لە شێواز و نەوای شیعری، خۆیان بەشێوەیەک یان لە هەندێ کاتدا لەژێر کارتێکردنی ئەودا نەبینیبێتەوە. بێگومان لیریک و شیعرە درێژەکانی مایاکۆفسکی، هاوارەکەی (هەوری ناو پانتۆڵا) و (مرۆڤ) لەگەڵ نزا کڵپەدارەکانی (لەسەر ئەوە) و دڵنیاییە بەکەیفەکەی (چاک!) سەرچاوەی گەلێک

لەو شتانەن کە لەبەرهەمی چاکترین شاعیرانی ئەم سەردەمەماندا نوێن. نوێیەتی زۆربەی ئەوان لەو پەیوەندییە ڕاستەوخۆیەی نێوان شاعیر و خوێنەر و قسە و بانگەواز و بەرەنگاربوونەوەی ڕووبەڕووە کە بوونەتە تاقە شێوەیەکی شیاو بۆ دەربڕینی بەسۆز. ئەوەی ڕاستیش بێت ئەمە لەوەدا دەردەکەوێت کە ڕووکردنە گشت لایەک هێشتا وەک ئامرازێکی ڕەوانبێژی پاکیزە جێی متمانە نییە کاتێک نووسەر دەیەوێ باوەڕی پێ بهێنێت. هەروەها ئەم نوێیەتییە لەوەشدا دەردەکەوێت کە شاعیر بەگشتی هەرگیز خۆی بەخوێنەر خەریک ناکات، بەڵکو ئەمە بۆ خوێنەرێکە کە مێشکێکی لەو ئاسای هەبێ و خاوەنی زیرەکی و هەستیارەیەکی نهێنگیر بێ کە لە نووسەر تێبگا و لە نیوەڕێ پێ بگات و توانای ئەوەی هەبێ هەموو شتێکی پێ بگوترێ. ئەمە ڕاڤەی ئاشنایەتی و قسەلەڕوویی و (تایبەتییەتی) پەیوەندی شاعیر و خوێنەر دەکات کە ئەمەش لە شیعری شاعیرە هەرە چاکەکانماندا زۆر دڵگیرە، تاڕادەیەکی تەواو، هەروا مایاکۆفسکی ببووە هۆی نەش و نماکردنی دەرکەوتنی خودی سۆزدار لە هەموو جۆرەکانی شیعر و هەروا هەر ئەو بوو یارمەتی گەشەکردنی تایبەتێتی ئەو خودە مادییە مرۆڤانە سادەیە و قەشەنگێتیەکەی دا.



هەرچەندەی شاعیر بەهرەدارتر و ڕەسەنتر بێ و جیهانی ناخی و ئەزموونی شاعیری دەوڵەمەندتربێ، زێتر شیعرەکانی بەڕێکوپێکی هەموو شتێکی نزیک لە بەرهەمی شاعیرانی دی هەڵدەمژێ. جا لە بارێکی وادا، ئێمە قسە لەسەر لاساییکردنەوە یا خوازتنەوە ناکەین، بەڵام دەربارەی لێک نزیکی کەسایەتی دوو شاعیر و پەیوەندی نێوان ئەو دوو کەسایەتییە لە نموونەی تایبەتیدا، لە هەندێ ڕووی لێکچووی بەرهەمێکی ئەفرێنراودا دەدوێین. ئەو کەسانەی لاسایی دەکەنەوە (موڵکی) شاعیرێکی دی لە هەمان شێوە بەکاردەهێنن کە لە بنچینەدا هەبووە. ئەمەش بەئاشکرا نەبوونی هیچ چەشنە خستنەسەرێکی ئەوان دەردەخات. بەڵام لەلای شاعیری ڕاستەقینە (موڵکی) یەکێکی تر دەبێتە بەشێکی ئەوەی بەڕاستی هی خۆیەتی و ڕەنگ و بۆیەکی نوێ (ئاکارێکی نوێ و بوونێکی شیعری نوێ) بەدەست دەهێنێ. پەیوەندی نزیکتر لەگەڵ خوێنەر کە لەوەوپێش لێی دواوین، یا چالاکی مەزنتری خودی سۆزدار خۆی بەچەند شێوەیەکی جیاواز لە بەرهەمی شاعیرانی جیاجیادا دەردەخات. دەبێ هەمان شت دەربارەی دەنگدانەوەی تەواوی وێنەی شیعری و کاریگەری ڕەوت و شتەکانی دیکەش بڵێین. زۆر لە شاعیرەکانمان ئاگاداری ڕووی دەرەوەی شیعری (مایاکۆفسکی)ن، شێوازی سەرواکەی، گۆڕانە ناوبەناوەکانی ڕەوت، ناوێزەیی وشەکانی و شتی لەم بابەتە. لەگەڵ ئەوەشدا کارەکانی مایاکۆفسکی بوونەتە بەشێکی وا جوانخوازییانە و بەردەوامی ڕۆحی ژیانی هەر شاعیرێکی ڕاستەقینە، کە کەم شاعیریان لە کاتێکدا یا کاتێکی تر خۆیان لەژێر ئەفسوونی مۆسیقاکەی نەدۆزیبێتەوە.

بەرهەمەکانی مایاکۆفسکی ئەوەندە دەوڵەمەند و بەربڵاون کە هەموو شاعیرێک شتێکی (خۆی) لە ناویدا دەبینێتەوە. شیعرەکانی مایاکۆفسکی بەرەنگاربوونەوەیەکی بەگرمەگرم و لێوردبوونەوەیەکی قووڵ، پەیامێکی گشتی بەسۆز و دانپێدانانێکی بەهێز، ستایشێکی پڕشانازی و تەوسبازییەکی هەڵتەکینەر و وێنەیەکی بەشکۆی مێژووی تێدایە، گوتاری ئەو کۆرپەیەکی ساوای تێدایە کە (هەم کتێب و هەم پێنووس) تێک دەشکێنێ. هەر شاعیرێک بە وردی گوێ لە مایاکۆفسکی ڕابگرێ دەنگێکی وا دەبیستێ کە لەگەڵ هی ڕۆحی خۆی هاونەوایە... لیۆنید مارتینوف، بۆ نموونە لە مایاکۆفسکی نزیکە نەک تەنها لە مەیلی هونەری گشتی، بەڵکو لە ڕێبازی شیعریش، ئەمە زۆر بە سادەیی لەبەرئەوەیە کە مارینۆف وەک شاعیرە گەورەکانی تر هەستێکی لێک نزیکی لەگەڵ مایاکۆفسکی هەیە. جا هەرکە مایاکۆفسکی وەک خاڵی دەستپێکردن پەسەند دەکات، هەمیشە شتێکی خۆیی دەمێنێتەوە. بگرە تەنانەت لەو کاتانەش کە جومگە و جەمسەرێکی دیاری وێنە و بابەت و نەوای شیعری هەیە.

مایاکۆفسکی کاری کردۆتە سەر بەرهەمی شاعیرانی وا کە چ لە شێواز و چ لە ڕێباز زۆر لێی دوورن، زۆرجار بەبێ ئەوەی ئەو نووسەرانە خۆشیان پێی بزانن. خۆ گەر هیچیش دەربارەی نیکۆلای ئەسییڤ و سیمۆن کیرسانۆڤ نەڵێین کە مایاکۆفسکی لای ئەمانە لوتکەی شیعرییە و هەروا گونجاوترین شێوەی دەربڕینی بەسۆز لە وێنە و ڕەوت و نەوای مایاکۆفسکی دەبینرێتەوە.

**جەنگ ئەوانی پاڵنا لە چەرمەسەری تێبگەن و هێزی دلێری خۆیان تاقی بکەنەوە و هەروا فێری خۆشەویستی و رقی کردن. ئەم هەموانەش لافاویان بۆ ناو شیعرەکانیان بەست و داوای وشە و وێنەی وا باوەڕ پێ هێنەری بەهێز و بەگوڕیان دەکرد بەقەد واقیعە دڵتەزێنە بەدیومە باوەڕ پێکراوەکەی ئەو سەردەمە**

دەبێ لێرەدا تاقە مەرجێک دابنێین چونکی لای زۆرێک لە شاعیران ئەو ڕەوت و نەوایانە هەمیشە لە مۆدێلی دەرەوەی لاساییکردنەوەیەکی بەتوانا نە کەمتر و نە زیاتر بوون. ئێمە هیچ کارێکمان بەو نووسەرانە نییە. کەچی ئەوەی جێی بایەخپێدانە بریتییە لە نزیکی ڕێباز و شێوازی ئەفراندن کە لە ئەنجامی خزمایەتی ڕۆحی دێتەکایەوە. ئەمەش لەسەر ئەو شاعیرانە دەسەپێت کە بەلێدانی دڵی خۆیان و دەنگی هەست و نەستی خۆیان بەرەو مایکۆفسکی ڕاکێشراون.

ئەمەش بەتایبەتی پەیوەندی بە شاعیرانی نەوەی جەنگەوە هەیە کە بە درێژایی ساڵانی جەنگ خۆیان بە ئەدەبەوە خەریک کرد و جەنگ چووە نێو ژیانی ئەوان و ژیانی وڵاتەکەیانەوە.

جەنگ ئەوانی پاڵنا لە چەرمەسەری تێبگەن و هێزی دلێری خۆیان تاقی بکەنەوە و هەروا فێری خۆشەویستی و رقی کردن. ئەم هەموانەش لافاویان بۆ ناو شیعرەکانیان بەست و داوای وشە و وێنەی وا باوەڕ پێ هێنەری بەهێز و بەگوڕیان دەکرد بەقەد واقیعە دڵتەزێنە بەدیومە باوەڕ پێکراوەکەی ئەو سەردەمە.

ئا لەمەدا مایکۆفسکی توانی یارمەتی ئەوان بدات، ئەوانیش زۆر قەرزباری بە هێزی و بەرفراوانی ئەو وێنانەن کە لە جەنگ و لە نێو جەنگدا هاتوونەتە دونیاوە، کە بەرجەستەی ئازار و تاڵی و تینوێتیان بۆ تۆڵە و ئەڤانی (ارادە) بۆ سەرکەوتن دەکرد.

سیمۆن گودزینگۆی تەمەن بیستساڵی دەربارەی ژیانی قورسی سەرباز نووسی (ڕێگایەکی بڵێسەدار و دوور بوو وەک ڕێی کاکێشان). ئەلێکسەندەر مێزیرۆف، هاودەمی گودزینگو لە پەیامێک بۆ دواڕۆژ نووسی (ئەی باپیرەگەورەکانمان دە بمانژێننەوە)، مێخایل لۆکۆنین لە ماڵئاواییکردنی هاوڕێیەکی کە لە جەنگ کوژرا هاواری کرد (نابێ پشتمان لە گەڕان بەدوای تاوانباردا شل بکەینەوە کەمتر لەوەی نکۆڵی لە بەشی خۆمان لەو زەوییەدا بکەین). ئابەم شێوەیە ئەلێکس نیگۆدۆنۆف شیعری (ئاڵای سەر دێی سۆڤێتی) دەست پێدەکات (خامۆشی

لەناو هاڕژنی سمی ئەسپ خنكێنراوە، سواربوونی گەورە باشچاوەش، سواربوون بەسەر هەموو ئەوروپادا.) لەگەڵ ئەو هەموو جوداییەش، تەنانەت لەگەڵ ئەوەی كە ئەو دێرانە لەسەر بابەتی جودا نووسراون و شاعیری خاوەن مەیل و سەلیقەی جودا نووسیویانن، هێشتاش لەیەک دەچن- چ لە بەهێزی دەربڕینی بەسۆز و چ لەبەرفراوانی گشتاندن و چ لە دەربڕینی ڕاستی ئەو سەردەمە. ئەوان ئەم هەموو شتانە لە مایاكۆفسكی فێربوون.
هەروا بەكارهێنانی بەركراوەی ڕەوتی (شیعری ئازاد)ی مایاكۆفسكی لەلایەن شاعیرانی جەنگ بەشێوەیەكی بنچینەیی بوو. هەر هیچ نەبێ دروستبوونی ڕەوتی مایاكۆفسكی لە ئەنجامی ئەزموونگەرێتی و گەڕان بەدوای شێوەی نوێ بۆ شێوە شیعرییەكەی بوو. ڕەوتی شیعرەكانی ئەو لەژێر گوشاری مەزنی هەستەكانیدا كە داوای شێوازی تازەی دەربڕینی دەركرد تێک دەشكێنران. جا ئەو شاعیرە لاوانەی كە جەنگ ببووە بابەتی سەرەكیان بەشێوەیەكی سەرەكی ڕوویان كردە ڕەوت و نەوای مایاكۆفسكی، چونكە ئەو تراژیدیایەی هاتە نێو ژیانیانەوە بە شێوەیەكی تایبەتی لە بالأبوونی تراژیدی (جەنگ و جیهان) و (مرۆڤ) و هەروەها لە شیعرە كورتەكانی وەک (كە جەنگ ئاشكرا كرا) و (جەڕمانییەكان دایە و ئێواریەكیان كوشت) نزیک خستنەوە، چونكە ڕەوت و وێنەكانی مایاكۆفسكی یارمەتیدان تا هەست و نەستیان بەشێوەیەكی توند و تۆڵتر دابڕێژرێتەوە. هەرچەندە پێویستیش نییە بڵێین، بەهیچ جۆرێک هەموو شاعیرەكانی سەردەمی جەنگ ئەو ڕەوت و نەوایانەیان بەشێوەیەكی بەردەوام هەڵدەبژارد، زۆریان پاشتر ڕوویان كردە كێشی كلاسیكی نزایی و ئاشكراكردنی ڕاستەوخۆ لە شیعرەكانیاندا ڕێگای بە ڕەنگدانەوە یا گێڕانەوە و سۆزی لێبوردنەوە دا. بگرە تەنانەت ئەمڕۆ، بەرهەمی چاكترین شاعیری نەوەی جەنگ ناتوانێ ئەو هەستە چڕە دەرببڕێت كە مایاكۆفسكی وا بەئاسانی خستیە بەردەستیان. هەروا ناشتوانێت ئەو هێز و توانایە بەدەستەوە بدات كە لە مایاكۆفسكی فێربوون، لە كاتێكدا ئەوان وەكو ئەو خۆیان لەو بابەتانە دەدا كە (ڕێ ی بەدرێژدادڕی نەدەدا).



حەزکردن لە شێوەی شیعری مایاکۆفسکی هەرگیز بەقەد ئەو بیست ساڵانەی دوایی زۆر نەبووە، لە کاتێکدا زۆر ناوی نوێ لە شیعری سۆڤێتی دا دەرکەوتن و کۆمەڵێکی چاک لەو شاعیرە لاوانە ڕوویان کردە ڕەوت و نەوا و ڕستەسازی و مامەڵکردنی وشە لەلای مایاکۆفسکی.
جا مایاکۆفسکی لای زۆربەی شاعیرانی ئەمڕۆ بۆتە خاڵی دەستپێکردنی بەرهەمی ئەفرێنراو.
ئەوان تا ئەمڕۆش لە نووسینەکانیاندا چالاکانە بنەماکانی لیریکی ئاشکراکەر دەسەلمێنن و بەردەوام ئەو کۆششەی کە مایاکۆفسکی دەستی پێکرد بۆ بەربڵاوکردنی سنووری زمانی شیعری و ئەوپەڕی گوزارشتەکاری و توانای وشە بۆ خوڵقاندنی وێنە بەرەو پێش دەبەن.




نەریتی مایاکۆفسکی بەچالاکی لەلایەن شاعیرانی وەک یڤگینی یڤتشینکۆ، ئەندرێ فۆنیسنکی، رۆبەرت رۆژ دیستڤینسکی، ڤیکتۆر سانسۆرا و هی تریش بەرەوپێش براوە. بەرهەمەکانی ئەوان، بەشێوەی جیاجیا بەڵام زۆر بەڕێکوپێکی لێک نزیکیەک لەگەڵ مایاکۆفسکی نیشان دەدەن و هەوڵدەدەن بۆ بەردەوام بوون لە کۆشش کردن بۆ دۆزینەوەی شێوە شیعری نوێ.
بابەتی (مایاکۆفسکی لەم چەرخەماندا) بابەتێکی فراوانە و بە تاقە کتێبێک بنی نایەت، چونکە مایاکۆفسکی هەر بە تەنها شاعیرێکی مەزن نییە کاری لە شاعیرانی تر کردبێت. کەچی ئەوەی شایانی باسە، ئەوەی یەکجار گرنگ و بایەخدارە لە شیعرەکانی ئەو و لە بەرهەمی نەوەکانی

پاشتر ئەوەیە ئەمە لە ئەنجامی چاخێکی نویٚ هاتۆتەکایەوە و بە شیعری شۆڕشی سەرکەوتوو دادەنریٚ، شیعری تێکۆشان و ئەفراندن، جەخت کردنەوەی ڕاستی نویٚ و پەیوەندی مرۆڤی نویٚ. ئەمەش شیعرێکە کە ڕووی دەمی دەکاتە جەماوەر. هەموو شتێکی ڕەسەن و نویٚ و هاوچەرخ و تازە کە کۆششی شیعری ئەمڕۆ دەردەخات پێش هەموو شتێک بەستراوەتەوە بە ئاکاری شیعرەکانمان کە خەباتگێڕانە و دیموکراتیانەیە و پشت بە دوارۆژ دەبەستیٚ.

جا نەریتی مایاکۆفسکی وەکو نەریتێکی شیعری کە چ لە ناوەڕۆک و چ لە شێوەدا شۆڕشگێڕانەیە نەک تەنها لە یەکێتی سۆڤیەت بەردەوام بوو و گەشەی کرد، بەڵکو لەسەرانسەری جیهانیشدا، چونکە ئەو دووبەرەکییەی نێوان کۆن و نویٚ، و پێشکەوتوو و پەککەوتوو، کڵپەی سەند و سروشتی بە شیعرەکانی نازم حیکمەت و پابلو نیۆدا و گەلێک شاعیری نوێکەرەوەی خەباتگێڕی تر بەخشی کە ئاسۆی نویٚ لە ژیان و هونەر دەخولقێنن.

==========================================

==========================================

سەرچاوە:

* ئەم وتارە لە گۆڤاری (Soviel Literature) ژ (٧)ی ساڵی ١٩٧٣، ل ١٣١ – ١٣٥ وەرگێڕدراوە.

# ئەدەبیات و دەستێوەردەرییەکانی ئایدۆلۆجی

عەلیشاد لەرەبچە
لە فارسییەوە: سەڵاح سەدباری

بە لێکدانەوەیەکی ئاماژەیی نازانستی، بەڵام توێژەرەوانە دەتوانین هەست بەوە بکەین کە (جۆرج لۆکاچ ١٨٨٥- ١٩٧١) مێژوونووسی مارکسیستی ئەدەبیات، لەدایکبووی مەجارستان، دەبێ ڕێژەی یەک ملیۆن پەڕی بابەتی ئەدەبی، فەلسەفی، مێژوویی و سیاسی بە درێژایی تەمەنی خۆی خوێندبێتەوە، چونکە لە بارەی زۆربەی بەرهەمی نووسەران، فەیلەسوفەکان و خەباتگێرانی کۆمەڵایەتی سێ سەدەی ڕابردووی ئەورووپا بۆچوون و ڕای خۆی دەربڕیوە. لۆکاچ نەک تەنها ڕۆمانەکانی بێلزاک، دیستۆفسکی، تۆلستۆی، تۆماس مەن، زولا، گۆتە و ئەوانی تری خستە بەر تیشکی ڕەخنەکاری، بەڵکو نموونە لە بەرهەمەکانی مارکس، ئەنگڵس، هێگڵ، لینین و ماکس وێبێر دێنێتەوە. ناوبراو لە بواری ئێستاتێکا و زانستی جوانی ناسییەوە دەتوانین لە ئاستی مارکسدا سەیر بکەین. بە پشت بەسەتن بە بەرهەمەکانی لۆکاچ دەتوانین وەک ئەخلاقگەرا سەیری بکەین، هەر بۆیە بە پێی دانپێدانانەکانی، چوونە ناوەوەی ناوبراو بۆ نێو حزبی کۆمۆنیستیش هەنگاو و بڕیارێکی ئەخلاقی بوو.

قسەیەکی پێشینان دەڵێ: مرۆڤ خۆی لە خۆیدا بەردەوام لە ڕێگای ڕاست دەردەچێ، و لۆکاچ لەم بەستێنەدا دەڵێ: هیچ ئایدۆلۆژیایەکی بێ کەم و کورتی بوونی نییە و ڕاگەیاندنی بێ لایەنی لە جیهانی ئایدۆلۆژیاکاندا نامومکینە، تەنها هەڵوێستێک بۆ مرۆڤی بە ویژدان لە ئارادایە، ئەویش دژایەتی یان هاوڕابوونیەتی لەگەڵ ئایدۆلۆژییایەک. هەندێک دژایەتی و خەباتی لۆکاچ لەگەڵ بیرمەندەکانی تردا بە لێپرسینەوەی خۆی لەگەڵ خۆی دێننە ئەژمار، چونکە لۆکاچ پێشتر ماوەیەک قوتابی هەر کام لەوانە بووە. هەر وەک «جۆلە دیفریت» دەنووسێ، یەکێک لە تراژیدیاکانی ئایدۆلۆژییە دۆگماییەکان ئەوەیە کە باشترین تیۆریسییەنەکانیان ڕۆژێک دەبنە ئەو ڕەخنە گرانەی هەرگیز ئاشت نابنەوە لەگەڵیان و ئەمەش ڕەنگە

له بارەی لۆكاچەوە راست بێت. لۆكاچ له ماوەی تەمەنی خەباتكاری خۆیدا، چەندین جار كەوتە زیندانی ولاّتانی جۆراو جۆرەوە. رەنگە ئەمرۆ تۆزێك بە هەڵوێستەكردنەوە بڵێین ناوبراو ماركسیستێكی ئازادیخواز بوو. ناوبراو كاتی بە دەسەڵات گەیشتنی نازییەكان لە بەشێكی ئەوروپا، پەنای بۆ سۆڤییەت برد لەوێ بووە سەرنووسەری گۆڤاری ئەدەبیاتی نێونەتەوەیی. لەگەڵ ئەم پەناگرتنە لە باوەشی سۆڤیەتدا، لە ماوەی ساڵەكانی نێوان دوو شەڕی جیهانی ناوی لۆكاچ لە ولاّتانی بلۆكی رۆژهەلاّتی پێشوودا، نیشانەی بەرجەستەی تۆمەتی رۆزیۆنیست بوون بوو.



بەدناوی ناوبراو كاتی مردنی، لەو ولاّتانەدا لە ئاستێكدا بوو كە رۆژنامەی پەروادا لە ساڵی ١٩٧١ تەنها لە هەواڵێكی چوار دێڕیدا مەرگی ناوبراوی راگەیاند، لە حاڵێكدا كە رۆژنامەی لۆمۆند لە فەرانسا پتر لە پەڕێكی خۆی تەرخان كرد لە بارەی ناوبراوەوە. لۆكاچ كولتووری كۆن بەسەر سێ قۆناخدا: حەماسی، تراژیدی و فەلسەفیدا دابەش دەكات و دەڵێ كە لە سەردەمی هاوچەرخدا، حەماسە گۆیی نامومكینە و لە جێگەیدا، سەبكی رۆمان هاتوەتە ئەدەبیاتەوە. فۆرمی رۆمان جۆرێك لە سەرشكستەیی و هەست كردن بە بێ نیشتمانی فیكری مرۆڤی مۆدێرنە. شێوازی رۆمان ئەمرۆكە قارەمانی (ئەكتەر) تایبەتی خۆی هەیە، واتە كەسێك كە بەردەوام لە حاڵی گەڕان بە دوای رێگە چارەو ئامانجەوەیە. قارەمانی حەماسیش بەدوای ئامانج و رێگەچارەوە بوو، بەلاّم ئەو بێگومان بوو لەوەی دەگاتە ئامانج و یا لە رێگەی ئامانجە

دیاریکراوەکەیدا، شکست دەخوا و لە ناو دەچێ و وەک پاڵەوانێک لە ئۆستورەکاندا درێژە بە ژیانی کولتووری دەدات. بەڵام لە شێوازی رۆمانی هاوچەرخدا، نە رێگا و نە ئامانجی ئەکتەر و مرۆڤ بە شێوەی راستەوخۆ دیاریکراو و روون نییە.

هۆگری لۆکاچ بۆ بابەتە کۆمەڵایەتییەکان و مێژووی مرۆڤی رەنجدەر بووە هۆی ئەوە کە گرنگییەکی تایبەتی بە رۆمانی مێژوویی بدا. ناوبراو دەڵێ، تەنها رۆمانی مێژووییە کە دەتوانێ تۆتالیتێر بوونی مێژوو پێشان بدات. بە پشت بەستن بە هاتنە ئارای رۆمانی مێژوویی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا لە لایەن والتێر ئێسکاتی بەریتانیایی، لۆکاچ نووسی کە، لە شۆڕشی فەرانسا بە دواوە بۆ یەکەمجار مرۆڤ بووە شاهیدی نواندنی جوڵانەوەیەکی جەماوەری لە ئەدەبیاتدا. بە بڕوای ئەو لەگەڵ بەرهەمەکانی بێلزاک و تۆلستۆیدا، رۆمانی مێژوویی گەیشتە قۆناخی رۆمانی واقیعگەرایی کۆمەڵایەتی، و پاش ئەوانیش دەتوانین مرۆڤتەوەری ئازادی خوازانەی ئەدەبی لە رۆمانەکانی (رۆمەن رۆڵان، ئاناتۆل فرانس، ئێستفان تێسوایگ و هاینریش مەن)دا ببینین. دژایەتی لۆکاچ لەگەڵ زۆلا بە هۆی نیگەرانی ئەوە لە ناتۆرالیسم و رەخنەی ناوبراو لە ناتۆرالیسم و فۆتۆریسم، سەرچاوە گرتووە لە رەخنەکانی مامۆستاکەی، هێگڵ، کە لە سیمبولیسم و رۆمانسیەت هەیەتی. ناوبراو بە پەیڕەوی کردن لە لێنین ئامۆژگاری نووسەرە چەپەکانی دەکرد کە کەڵک لە بەرهەمە پڕ بایەخە کلاسییکەکانی کولتووری رابردووی بۆرژوایی وەرگرن و بیانخەنە خزمەت خۆیان، نووسەرە کلاسیکییە ریالیستییەکانی وەک شکسپیر، سێرڤان تێز، گۆتە و بێلزاک کە دەتوانن مامۆستایەکی باش بن بۆ نووسەرە نوێخوازەکان. ئەنگڵس، بە پشتیوانی لە ریالیسم وتبووی کە، توانایی بێلزاک لە لێکدانەوە و خوێندنەوەیدا بۆ کۆمەڵگای فەرەنسایی و مێژووەکەی لە دەستکەوتەکانی ئەو مەکتەبەیە و لۆکاچ بە پشت بەستن بە ئەم بۆچوونەی ئەنگڵس، بە پێچەوانەی دکتۆرینی زاڵی ئەو سەردەمەی حزبی کۆمۆنیست، دەستی بە پشتیوانی کردن لە نووسەرگەلێکی وەک پۆشکین، گۆگۆڵ، دیستۆفسکی، ئێستاندال و فلۆبەر کرد داوای گێرانەوەی متمانەی بۆ کردن. لۆکاچ دەیگوت: قووڵایی و واتا و فراوانی ریالیزمی واقیعی هێندە زۆرە کە بەرهەمەکانی شکسپیر، گۆتە، بێلزاک، ستاندال، دیکێنز و تۆلستۆی دەتوانین لەو بەشەدا بێنینە هەژمار، ناوبراو هەروەها درێژەی پێ دەدا کە ئێمە ئەدەبیاتی باش و خراپمان هەیە، شکسپیر و گۆتە ناتوانین بە بەهانەی سۆسیالیست نەبوون رەت بەکەینەوە. جیاوازی لە نێوان ئەدەبیاتی باشی سۆسیالیستی یا بۆرژواییدا بوونی نییە.




بۆچوونەکانی لۆکاچە بەرەو ئەو ئاراستەیە رۆیشت کە لە ساڵی ١٩٥٦دا داوای ئازادی رەهای بۆ ئەدەبیات کرد. ناوبراو لە زاری گۆتەوە، بووە بانگەشەکاری ئەدەبیاتی جیهانی، تەنانەت ئەو کاتەی سەبارەت بە ڤۆڵتێر ئێسکات، تۆلستۆی یا بێلزاکەوە بۆچوونی خۆی دەردەبڕی.

لۆکاچی ئەخلاقگەرا دەستی بە رەخنەگرتن لە جوانیگەری لە هونەردا کرد و رایگەیاند کە بانگەشە بۆ ئێستاتیکای رەها دەبێتە هۆی ئەوەی کە سنووری بەراوردکاری ناسینی باش و خراپ خەوشدار ببێت. بە بڕوای ناوبراو بنەمای ئەدەبیاتی واقیعی پێوستە ریالیسم بێت. هونەری راستەقینە لای لۆکاچ هەمیشە وەستانەوەیە لە دژی نادادپەوەری و ئامادە بوونە لە جیهانی واقیعیدا نەک سەرقاڵ بوون بە مەسەلەکانی جیهانی هێپۆرۆت. ناوبراو دەیگوت، سەرەکیترین ئەرکی ریالیزمی سۆسیالیستی سەرەنجدانی رەخنەگرانەیە بە سەردەمی ستالینی ترسناک، سەردەمێک کە بە بڕوای ئەو ناتۆرالیسمێکی دەوڵەتی، ریالیزمی راستەقینەی وەلا نابوو. ناوبراو بە رەخنە گرتن لە ئەدەبیاتی کرێکاری جوڵانەوەی کۆمۆنیستی دەنووسێ، ئەوان زۆر جاران بایەخی ئێستاتیکا و هونەری پێویستیان نییە و ئایدۆلۆژی مارکسیزم ناتوانێ هەرگیز گارەنتی بێت بۆ ئەدەبیات و کولتووری پێشکەوتووانە. هەرچەندە مارکسیزم — لینینیزم هیمالایای جیهانبینییەکانە، بەڵام ئەگەر کەروێشکێکی ترسنۆکی تۆقیو بەسەر لوتکەکانیدا هاتوچۆ بکا، هیچ کات نابێتە ئەو درامایەی کە لە دەشتە وشک و بەرەهوتەکاندا دێتە بەرهەم. بە بڕوای ناوبراو زۆربەی قەڵەم بەدەستانی سەردەمی ستالین، زمانحاڵە بێ بەرهەمەکان بوون، چونکە بۆ باس کردنی هەر بابەتێک، ئەوەندە بەس بوو کە نووسەرێک، کۆکەرەوەی زمانحاڵێتیەکی

باش بێت لە ستالین و بە شێوەیەکی هونەرمەندانە پێکەوە بیانلکێنێ. بە پێی بانگەشەی ناوبراو، پاش شۆڕشی گەورەی ئۆکتۆبەری سۆڤیەتی، ئەدەبیاتێکی شۆڕشگێڕانەی — ڕۆمانسی و ئەدەبیاتێکی پێشڕەوانە بە پێشەوایەتی مایاکۆفێسکی پێک هات. بەڵام ڕاگەیاندنی ریالیزمی سۆسیالیستی مەیدانی زیاتری بە کەسایەتی پەرەستی تەزویرکارانەی ستالینیستی بەخشی. ریالیزمی سۆسیالیستی سەردەمی ستالین وەک ساڵەکانی حکومەتی هەر دیکتاتۆرێکیتر، دژی هونەر و ئەدەب بوو. لۆکاچ دژی پێناسەی هونەر بوو بە واتای بانگەشەی راستەوخۆ. ناوبراو دەڵێ، هەموو بەرهەمە نەمرەکانی ئەدەبیات نیشانی دەدەن کە مێژوو و ستاتیکا لە پێوەندییەکی توندو تۆڵدان. هەر وەک لە بابەتەکانی ناوبراودا، ئەم دوو چەمکە پێکەوە یەک دەگرن و دەکەونە پێوەندی لەگەڵ هونەر و راستییە کۆمەڵایەتییەکان. بەم پێیە ناوبراو تا رادەیەکی زۆر نوێخواز بووە، لەبەر ئەوەی کە بە زمانی خاوەن راکانی، وەک مارکس و ئەنگڵسەوە، زانستی ستاتیکای سیستەماتیکی خۆی دانەناوە. بۆچوونەکانی مارکس سەبارەت بە هونەر و کولتوور لە سەردەمی یۆنانی کۆندا و سەرقاڵییەکانی ئەنگڵس سەبارەت بە بێلزاک و ریالیزم لە ڕۆماندا، رەنگە بتوانین وەک سەرەتایەک بۆ باسی ستاتیک و جوانناسی لە مارکسیزمدا بێنێنە ئەژمار.



ئەوەی کە سەبارەت بە بیۆگرافی لۆکاچ بە کورتی و پوختی دەتوانین باسی بکەین، ئەوەیە کە ناوبراو لە نێوان ساڵەکانی ١٩٧١- ١٨٨٥ دا لە مەجارستان بە شێوەیەی پچڕ پچڕ بەسەری برد و ژیا.

باوکی بەڕێوەبەری بانک و دایکی لە بنەماڵەیکی ناودار بوو. بنەماڵەکەی ناوبراو لە هەر دوو رەچەڵەکی جولەکە و ئاڵمانیایی بوون. بە وتەی خودی ئەو، کۆمەڵناسیی ئەدەبی ناوبراو جگە لە مارکس، لە ژێر کاریگەری دوو کتێبی «فەلسەفەی پارە»، نووسینی «زیمێل» و، «یادداشتەکانی پرۆتێستانی»، ماکس وێبێردا بوو. ناوبراو هاینە بە یەکەمین شاعیر و بیرمەندی شۆڕشگێڕی ئەوروپا و تۆماس مەن بە دووایین نوێنەری رۆمانی ریالیستی — رەخنەگرانە دەزانێ، و ڤۆڵتێر ئێسکات بە بناغەدارێژی رۆمانی مێژوویی دێنێتە ئەژمار، کە گەورەترین نووسەری مێژووشە بە بڕوای ناوبراو. ئەو تەنانەت پۆشکین، گۆگۆل و ستاندالی بە درێژەدەری رێبازی ئێسکات دێنایە ئەژمار.

لۆکاچ، برێشتی بە گەورەترین شانۆنامە نووسی سەدەی رابردوو دێنایە ئەژمار. نیچەی بە دامەزرێنەری راکردن لە عەقڵی سەردەمی ئیمپریالیزم دەزانی، چونکە بە بڕوای ناوبراو نیچە لە سەرەتاوە دژی دیموکراسی، سۆسیالیزم و مافی ژنان بوو. ناوبراو هەروەها دژی نووسەرگەلێکی پێشڕەوی وەک دووبلین، جۆیس و دۆس پاسۆس بوو.

بەرهەمەکانی لۆکاچ بریتین لە: «تیۆری رۆمان»، «مێژوو و هۆشیاری چینایەتی»، «ریالیزمی رووسی لە ئەدەبیاتی جیهانیدا»، «گۆتە و سەردەمەکەی»، «بابەتگەلێک سەبارەت بە ریالیزم»، «بێلزاک و ریالیزمی فەڕانسەوی»، «هێگڵی لاو»، «شێوازی تایبەتی جوانی ناسی»، «بەرهەمی هونەری رەفتاری جوانی ناسانە»، «هونەر وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژوویی» و «نیچە، پێشەنگی ستاتیکای فاشیزم».

هەر وەک دەبینرێ بەرهەمەکانی ناوبراو بە گشتی سەبارەت بە ئەدەبیاتی سەدەی ١٩ و ٢٠ و رەوتی مێژووی ئەندێشەیە لە ئاڵمانیایە. دوو کتێبی ناوبراو: «مێژوو و هۆشیاری چینایەتی» و «تیۆری رۆمان»، لە بەناوبانگترین بەرهەمەکانی سەدەی بیستەم بوون. کتێبی «تیۆری رۆمان»ی ناوبراو نووسەرگەلێکی وەک تۆماس مەن، ئارنێست بلۆخ، ڤۆڵتەر بێنیامین، لۆسین گێڵدمەن و ئادێرنۆی لە بواری ئەدەبی و کۆمەڵناسی ئەدەبییەوە خستە ژێر کاریگەری خۆی.

لۆکاچ لە ژیاندا ناو و ناتۆرەی جۆراو جۆری بە دوا خرا و تۆمەتی زۆری لێدرا، وەک: رووناکبیری ئەخلاقگەرا، مارکسیستی زانکۆیی، رۆیزیۆنیست، بلشویک، جوانیناس، مامۆستای ستالینیەت، واقیعگەرای سۆسیالیست و ... هتد. لە هەندێک وڵاتی بلۆکی رۆژهەڵاتی پێشوودا رەخنەیان لە لۆکاچ دەگرت کە ئەو جۆری نوێی راکردن لە عەقڵ، واتە مەزهەب لەبەر چاو ناگرێ و تەنها سەرقاڵی خەباتە لە بەرامبەر دژە عەقڵ بوونی ئاتەئیستیانەدا.

# چاوخشانێکی خێرا بە ئەدەبی فلیپینی



وەرگێڕانی: ١٣

فلیپین دوورگە وڵاتێکە کەوتۆتە باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیاوە بە دەریاکانی فلیپین و باشووری چین و سولو و سلیبیس دەورە دراوە. زمانی زگماکی خەڵکی فلیپین پێی دەگوترێت تاگەلۆگ. هەرچەندە لە ساڵانی ١٥٠٠ بە دواوە دوورگەکانی فلیپین کۆلۆنیالی ئیسپانی بوون بەڵام لە نیوەی یەکەمی سەدەی رابردوو ئەم دوورگانە لەلایەن وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاوە کۆنترۆڵ کراوە. فلیپین بە یازدەمین دەوڵەتی جیهان لە رووی زۆری دانیشتوانەوە دادەندرێت.

هەروەکو هەموو کۆمەڵگە رەسەنەکانی تر ئەم وڵاتە خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەندی زارەکی رەسەنە لە چیرۆک و ئەفسانە و شیعر، کە لەسەردەمی گریک و رۆمانەکانەوە دەماودەم هاتوون و لەناو گوندنشینەکاندا دەماودەم هاتوون. بەڵام زۆریشیان فەوتاون لە ناوچوون یا لەبیرکراون چونکە وەکو پێویست تۆمارنەکراون و تەنها نەوەکانی پێشووتر و باب و باپیرانیان ئەزبەریان کردبوون. بەشێک لەمانە گروپەکانی هۆشیاری کولتووری و زانکۆکان وەکو نووسراو و تۆمارکراو پاراستیان. وەکو هەریەکێک لە تیرەکانی ئۆسترۆنیشیان زۆربەی ئەدەبیاتی کۆنی فلیپینیش مۆرکی ئایین و ئەفسانەیی خوازراوی دانیشتوانی کۆنی کۆچکردوو پێوەدیارە کە لە تایوانەوە هاتوون، کە بە وڵاتی یەکەمی میللەتی ئۆسترۆنیشی دادەنرێت. چیرۆکی خواوەندەکان و پاڵەوانەکانی یان هاوبەشن لەگەڵ میللەتانی ئۆسترۆنیشیان وەکو نیوزیلاند و

ئەندەنوسیا و ماداگسکار. چیرۆکی مەیمونەکە و کیسەڵەکە باوترین چیرۆکی مناڵانی فلیپینە.
«مەیمونێک و کیسەڵێک دوو هاوڕێی زۆر نزیکی یەکترن و نزیک بەیەک دەژیان. رۆژێکیان کیسەڵەکە داوای کرد پێکەوە پیاسەیەک بکەن و پاشی کەمێک لەلای دارمۆزێکدا وەستان و بڕیارین دا دارەکە بۆ خۆیان بەرن بۆیە دوو کەرتیان کرد و هەریەکە و کەرتێکی لە باخچەکەی خۆی چاند، بەشەکەی مەیمون بەشی خوارەوەی دارمۆزەکە بوو بۆیە وشک بوو. کیسەڵەکە بەختیارتر بوو چونکە بەشی سەرەوەی دارەکەی بەرکەوت و روایەوە و بەرزیش بۆوە. پاش ماوەیەک کیسەڵەکە سەردانی مەیمونەکەی کرد و بینی هاوڕێکەی دڵتەنگ و بێتاقەتە، پرسی چی رووی داوە و بۆچی وا نیگەرانی؟ مەیمونەکەش بۆی باس کرد کە نەمامەکەی فەوتاوە. کیسەڵەکە دڵی دایەوە و داوای کرد بێت و بەهاوبەشی خزمەتی دارمۆزەکەی ئەم بکات و لە داگرتنی مۆزەکانیش یارمەتی بدات چونکە کیسەڵ توانای سەرکەوتنی سەرداری نییە. مەیمونەکە یەکسەر رازی بوو ئامادەیی خۆی پیشاندا بۆ هاوکاری کردنی بەڵام کاتێ مۆز پێگەیشت و مەیمون سەرکەوتە سەر دارمۆز، کەوتە مۆز خواردن و توێکڵە بەتاڵەکانیشی فڕێ دەدایە سەر و گوێلاکی کیسەڵی شەریک و خاوەن دار هەرچەندە پاڕایەوە بەڵام جگە لە توێکڵەمۆز هیچی تری پێنەبڕا. بۆئەوەی هاوڕێکەی تەمبێ بکات هەندێ دڕک و داڵی بەرزی هێنا دەوری دارەکەی پێگرت و لێی دا ڕۆیشت. کاتێ مەیمون هاتە خوارەوە ورگی پڕکردبوو لە مۆز، کەوت بەسەر دڕکەکاندا و دیاربوو ئازاری پێگەیشت بۆیە بڕیاری دا سزایەکی توندی کیسەڵەکە بدات.

ڕۆژی دواتر مەیمونەکە کیسەڵەکەی لە قەراغی رووبارێک گرت و کردی بە گوێچکەیدا و بەرزی کردەوە بۆ ئاسمان و پێیگوت دەتخەمە سەر ئاگر و دەتکەم بە شۆربای کیسەڵ. کیسەڵەکەش پێیگوت جا بۆ فرێم نادەیە ناو رووبارەکە باشتر نییە؟ مەیمونەکە هەستی کرد ناو رووبارەکەی پێ مەترسیدار تربوو یەکسەر کیسەڵەکەی فڕێ دایە ناو رووبارەکە نەیزانی کە کیسەڵەکە مەلەوانبازە. پاشی کەمێک کیسەڵەکە هاتە سەر ئاو و ماسی یەکەی گەورەی بەدەمەوە بوو، مەیمونەکە داوای کرد لە ماسییەکەش بیکاتە هاوبەش، بەڵام کیسەڵەکە گاڵتەی پێکرد و گوتی خۆت بۆ نایەیەی هەمان شت بکەی خۆ ئاسانە. ئەویش خۆی فڕێ دایە ناو رووبارەکە، بەڵام نەهاتەوە دەرەوە و خنکا».
(پەیامی چیرۆکەکە پاراستنی دڵسۆزی برادەرایەتی یە بۆ یەکتری وەکو بەشێک لە سروشت و کولتووری کۆمەڵگەی فلیپینی).



ئەدەبیاتی نووسراوی فلیپینی بەر لە گەیشتنی کۆلۆنیالی ئیسپانی هەبووە هەرچەندە ئیسپانییەکان ئەزموونێکی تاڵیان بۆ خەڵکی فلیپین هەبووە. ئەمەش لە سەپاندنی ئایینی مەسیحی و سزادانی ئەوانەی کە رووبەڕووی کەنیسە دەبوونەوە بۆیە فەرمانی لەناودانی هەرچی نووسراوەی فلیپینی هەبوو دەرچوو بە ئەلفوبێی فلیپینیشەوە. لە بری هەموو ئەوانەش بە بابەتی ئایینی کاسۆلیکی پڕیکرێنەوە و تەنها زمانی ئیسپانیش بەکار بهێنرێت بۆ فێرکردنی خەڵکی فلیپین. خۆشەویستی بۆ مەسیح بەسەر کۆمەڵگەکەدا دەسەپێنرا و ئەوانەش کە دەبوون بە بەشێک لە دەسەڵاتی ئیسپانی فێری نووسین و خوێندنەوەی لاتینیش دەکران.

بۆیە تەنها ئەو بەڵگەنامە و دەستنووسە فلیپینییانەی کە بە ئەلفوبێی تاگەلۆگی نووسرابوون لە فەوتان پارێزران، کە ئەوانیش بابەتی ئەدەبی نەبوون بەڵکو چەند پارچە مەعدەن و بەردێکی هەڵکۆڵراون و مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ ٩٠٠ ساڵ پێش زایین و وەکو پسوولەی قەرز پێدان وایە و پێیان دەگوترێت «بەیبەیین». لەراستیدا ئەدەبیاتی نووسراوی فلیپینی کە لە بەردەستدا هەبێت تەنها لەسەردەمی داگیرکاری ئیسپانییەکانەوە دەست پێ دەکات.

زۆربەی بابەتەکانیشیان کە لەسەردەمی کۆلۆنیالیستی ئیسپانی نووسراون سروشتێکی ئایینی لە خۆدەگرن کە باس لە پیرۆزی ئایینی کریستیان و یەکتاپەرستی دەکات بۆ خەڵکێک کە پێشتر ئایینێکی لۆکاڵی فرەخودایی یان هەبووە. موناجات و شیعری ڕێپێدراو بۆ خوێندنەوە

و لەبەرکردن لە ناو کەنیسە و لە بۆنەکاندا تەنها ئەوانە بوون کە ڕاستەوخۆ باس لە پیرۆزیەکانی ئاینی کریستیان و هاندانی خەڵک بۆ لەباوەشگرتنی ئایینەکە دەکەن.

فرناندۆ باگۆنبانتا لەساڵی ١٦٠٥ چەندین لاوانەوەی نووسیوە کە وەکو گۆرانی دەگوترێنەوە.

پیدرۆ بوچینگ لە ساڵی ١٦٤٠ داستانی بیاگ نی لامانگ ی نوسیوەتەوە کە شاعیرێکی فلیپینی نابینا بووە و گەورەیی داستانەکەی گەڕاندۆتەوە بۆ تەبشیریەکانی ناوچەکەی خۆی. کە تا ئەمڕۆش ئەم بەرهەمانە لە فلیپین بەردەستن.

تاوەکو ئێستا و بە درێژایی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو بەشی هەرەزۆری شیعر و ئەدەبیاتی فلیپینی بە زمانی ئیسپانی دەنووسرێت. تاگەلۆگ کە زمانی زگماکی میللەتەکەیە هیچ بابەتێکی نووسراوی بەرچاوی نییە.



فرانسیسکۆ باڵەگتاس

یەکێک لە نووسەرە مەزنەکانی فلیپین کە کاریگەری بۆ سەردەمەکانی دوای خۆشی و تاکو ئێستا هەیە، (فرانسیسکۆ باڵەگتاس)ە کە لە ٢ی نیسانی ١٧٨٨ لەدایکبووە و لە ٢٠ی شوباتی ١٨٦٢ کۆچی دوایی کردووە، کە هەمیشە لەبەر گەورەیی و جوانی بەرهەمەکانی بە ویلیەم شێکسپیری ئینگلیزەکان بەراوردی دەکەن. ئەم پیاوە سەری خۆی دانا لەبەرئەوەی ئامادە نەبوو بە زمانی ئیسپانی بنووسێت و زمانی تاگەلۆگی بەکاردەهێنا. «فلۆرانت ئات لاورا» یەکێک لە نوسینە بەناوبانگەکانی ئەم کەڵە نووسەرەیە کە بە زمانی تاگەلۆگی نووسیویەتی و بەسەرهاتی ژن و پیاوێکی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی یۆنانی لە خۆدەگرێ.

بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، پاڵەوانی نەتەوەیی فلیپینی (جۆزێ ریزال) بە گەورەی ئەدەبیاتی فلیپینی دادەنرێت هەرچەندە نووسینەکانی بە زمانی ئیسپانی نووسیوە بەڵام یەکەم کەسیش بووە ڕێچکەی شکاندووە و دەربارەی گەندەڵییەکانی قەشە و کەنیسە و ناعەدالەتی لە کۆمەڵگەی فلیپینیدا لە ساڵانی ١٨٨٧ و ١٨٩١ نووسیوە. هەروەها سەربەخۆیی فلیپینی بە فاکتەرێکی سەرەکی زانیوە بۆ پاراستن و زیندوو هێشتنەوەی زمانی تاگەلۆگی و رزگاربوون لە دەست هاونیشتمانییەتی پلە دوو لە وڵاتەکەدا. ئەم پیاوە شارەزایی باشی هەبووە لە فەلسەفە و دەرمانسازی و بە مەدەنی کردنی کۆمەڵگە، جۆزێ ریزال هەڵگری چەندین بڕوانامەی زانکۆکانی ئەورووپا بووە. شارەزایی لە ٢٢ زمان هەبوو. ئەم بلیمەتەی فلیپین تەنها دوو شاکاری ئەدەبی بەرزی هەیە کە بەداخەوە دووەمیانی بە ناتەواوی بە جێهێشت چونکە لە ساڵی ١٨٩٦ لە تەمەنی ٣٥ ساڵیدا فەرمانی گوللەبارانکردنی بۆ دەرچوو بە تاوانی هاندانی خەڵک لە دژی دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی وڵات.



جۆزێ ریزال

لە دوای ریزال فلیپین کەوتە ژێر دەسەڵاتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەردەمێکی پڕ لە ئاشوب و بەرگری بوو، بۆیە هەندێک نووسەر بۆ دژایەتی کردنی ئەمریکییەکان زمانی ئیسپانی یان بەکاردەهێنا کە ناودارترینیان ئەمانە بوون: Epifanio de los Reyes, Claro Recto, Vicente Sotto, Teodoro Kalaw amongst them.

لە سەرەتاکانی جەنگی جیهانی دووەم ئینگلیزی بوو بە باوترین زمانی ئەدەب لە فلیپین. داگیرکاری یابانی هەناسەیەکی هێنایەوە بەر زمانی تاگەلۆگی چونکە بەتەواوی دژی زمانی ئینگلیزی بوون بەلآم بێگومان ئەم زمانە وەکو زمانی دایک بۆ خەڵکی فلیپین دادەنرێت و شیعر و ئەدەبیاتی رەسەنی خۆیان هەر بەو زمانەیە و هەمیشە بە زمانی لۆکاڵ بەکار هاتووە نەک بۆ خوێنەری بێگانە.

بە پێچەوانەشەوە، نووسینی ئینگلیزی بوو نووسەرەکانی فلیپینی کرد بە گلۆباڵ و کارە ئەدەبییەکانیانی گەیاندە کتێبخانەکانی جیهان و بە جۆرێک کورتە چیرۆک و شیعرەکانیان بوون بە کالآیەکی کولتووری گرنگ و رەوانەی وڵاتان دەکران. هەرلەبەر ئەو هۆیەشە نووسین لەو وڵاتە هاوشانی وڵاتانی قسەکەر بە زمانی ئینگلیزی لە ئاستێکی بەرزدایە و چەندین خەڵاتی ساڵانەیان هەیە کە لەسەر ئاستی جیهان بە نایاب دادەنرێن.

نوسەرە بەناوبانگەکانی ئێستا و کۆتایی سەدەی رابردوویان کە دەسکەوتی گەورەیان بۆ ئەدەبیات و کولتووری میللەتەکەیان بە دەست هێناوە ئەمانەن:

Resil Mojares, Alfred Yuson, Jose Dalisay, Ian Casocot, Cirilo Bautista, Marjorie Evasco.

سەرچاوە:

http://www.historyofthings.com/history-of-philippine-literature

# ئەگەر ژیان یاری بێت .... ئەمە چیرۆکەکانییەتی

## چیرۆکی مرۆڤایەتی واقیعین، کەسە ڕاستەقینەکان لە سەرانسەری جیهاندا دەگێڕێتەوە

**بەشی دووەم**

## لە عەرەبییەوە: د. پەخشان سابیر

(شیری کارتەر سکۆت)، مامۆستای زانکۆ و نووسەری ئەم کتێبەیە کە زۆرترین فرۆشی لە سەرانسەری جیهاندا هەیە ((ئەگەر ژیان یاری بێت ئەوا ئەمانە یاساکانییەتی))، ئەم کتێبە کار لەسەر پێشخستنی خودی مرۆڤ دەکا لەڕێگەی کورتە چیرۆک و بەسەرهاتی ڕاستەقینە. ئەم کتێبە لەلایەن (کتێبخانەی جریر) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی لەساڵی (٢٠٠٦) چاپی یەکەمی کراوە.

## تێبینی:

لەبەر گرنگی ئەم بەرهەمە حەزم کرد خوێنەری کورد بە زمانی کوردی بیخوێنێتەوە و ئاگاداری کتێبێک بێت کە لەتەواوی دنیادا خوێنەری هەیە. ئەم کتێبە کۆمەڵێک ڕووداو چیرۆکی ڕاستەقینەن، لێرەوە بەشێوەی زنجیرە بڵاودەبێتەوە.

سورِی ژیان یەکێکە لە ئەزموونە مرۆییە گەردوونییەکان، ئێمە چراکە دەدەینە ئەوانەی لە دوای ئێمەدا دێن، هەندێ جار لەوانەیە لامان قورس بێت، ئەو شوێنەوارانەی کە ژیان لەسەر جەستەمانی درووست دەکات، لە خۆبگرین، ژیان هێڵەکانی زەمەنمان بۆ دەکێشێت، وەک ئەوەی نەخشەیەکی چاپکراو بێت لەسەر پێستەماندا، ئێمە توانای ئەوەمان نییە لە ڕووی زەمەندا بوەستین، بەڵام هێزی ئەوەمان هەیە لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە لە خۆمان بڕوانین، (دجیە نوزیبو ماریری) تیشکی خستۆتە سەر یەکێ لەو هەڵوێستانەی کە ئەم چەمکە لە نێوان دایک و کچێکدا دەگەیەنێت.

## نامەیەک بۆ کچەکەم
## زیمبابوی

خۆشەویستی پێشبینی ئەوە نییە کە بە دەستی دەهێنی، بەڵکو ئەوەیە کە دەیبەخشیتە ئەوانی دی، ئەمە هەموو شتێکە. (نادیارێک)

بیرمە لە ئێوارەی ڕۆژی هاوسەرگیریم، لە کاتێکدا شپرزەیی دەوری دابووم و کراسی بوکێنییەکەم بۆ جاری بیستەم تاقیکردەوە، داپیرەم (دایکی باوکم) هاتە ژوورەکەم و دەرگاکەی داخست، لەو کاتەدا دابونەریتمان وابوو کە کچ بگەڕێتەوە ماڵە باوانی، ئەو شوێنەی کە زەماوەندەکەی تێدا ئەنجام دەدرێت، بۆیە منیش سێ ڕۆژ پێش ئاهەنگەکەم گەڕابوومەوە بۆ (شاکووا)بۆ ڕێکخستنی ئەو ئاهەنگەی کە لە پێش و لە دوای ڕێوڕەسمی ئاسایی هاوسەرگیری ئەنجام دەدەرێت.
لەو کاتەدا بەڕاستی دووچاری هەندێ شپرزەیی بووبووم،بەڵام دەرکەوتنی دایکی هاوسەرەکەم لەوکاتە دیاریکراوەدا توشی حاڵەتێکی ترسی کردم، لای دەرگاکە وەستا، خۆی بە گۆچانەکەی گرتبوو،و پرچە خۆڵەمێشییەکەی هۆنیبۆوە و لە سەریدا لولی دابوو، جلێکی خەوتنی گوڵگوڵی ڕەنگاوڕەنگی لەبەردابوو، دەستی کرد بە وردبوونەوە لێم، نە زەردەخەنەیەک یا تەنانەت بۆ ماوەی دوو دەقیقەی تەواویش نەجوولایەوە، دواتر بە تەنیشتمدا ڕابوورد و دەستی گرتم و لەسەر چەرپاکە دانیام و پێی گوتم: (وەرە بچکۆڵەکەم، دانیشە شتێک هەیە دەمەوێ پێتی نیشاندەم، سەرم سوڕما، تا ئەو چرکە ساتە هەرگیز پێشتر بە تەنیا لەگەڵیدا نەدوابووم، و ئەو بە کەللەڕەقی و لاساری و ورووژاندنی کێشە وگرفت بەناوبانگ بوو، کە ڕازیکردنی زەحمەت بوو، بەتایبەتی لەو شەوەدا نەمدەویست هیچ شتێک ڕوونی بەختەوەریم بشڵەژێنێ، لەوە ترسام

لەوانەیە هەندێ گژوگیا یا ڕەچەتەی دڵسۆزی یا وورووژاندنی ئارەزوو یا پیت و فەڕیم بداتێ.
(هەروەک گەلێ لە دایکی هاوسەرەکان ئەم کارە ئەنجام دەدەن).
چۆن هەڵسوکەوت بکەم؟ چۆن دەتوانم بە میهرەبانییەوە داواکارییەکەی ڕەت بکەمەوە، بەڵام ورەیەکی وا بێ ئەوەی وەک کچێکی شارستانی یاخی دەرکەوم؟ نیگام بە هەموو لایەکی ژوورەکەمدا گێڕا، بە دوای (ليندا)ی خوشكم دەگەڕام، كە دەبوو بۆ لەبەركردنی كراسەكەم یارمەتیم بدات، کەچی وەک خووی هەمیشەیی هەر کاتێک پێویستیم پێی بووایە دیار نەدەما، بە هۆی ترس و سەرسوڕمانم، پیرەژن دەستی بە کردنەوەی قۆپچەکانی کراسەکەی کرد، دەستە لۆچاوییە لەرزۆکەکانی وردە وردە ئەو شوێنەی واڵا کرد، کە باشتر بوو داپۆشراو بێت، پێش ئەوەی نیگام لەسەری لابەم و تەنگاوببووم، چاوم کەوتە سەر مەمکەکانی، کە شۆڕ و بریسکە داربوون، بەڵام لۆچاوی بوون هەروەک دوو دانە خۆخی ڕەش، وا دەهاتە بەرچاو کە بەسەر جەستە لاوازەکەیدا شۆڕبووبێتەوە.
لە دڵی خۆیدا پێدەکەنی، پێکەنینێکی کز، دەیگوت: (ئێستا تۆ خاوەن جوانییەکی گەنجانەی، بۆیە بە بینینی مەمکە لۆچاوییەکانم دڵت دەگوشرێت) زەردەخەنەکەی ڕوونتر بوو کاتێ ئەو ددانانەی مابوو و بە پووکە پەمەییە پەڵەداری قاوەیی شۆڕببوونەوە، دەرکەوتن لەو کاتەدا هەستم کرد ونم و ناتوانم هیچ بکەم.
ئەو بەردەوام بوو لەسەر قسەکردن و گوتی (بەڵام تەنیا چاوەڕێ بکە، لەگەڵ تێپەڕینی وەرزەکان دەبینی، کە ناوقەدت زیاتر دەبێت و ڕانەکانت پڕ دەبن وەک خڕی مانگ، و مەمکەکانت شۆڕدەبنەوە وەک ئەو میوەیەی بەسەر دارەوە کە کاتی پێگەیشتنیان بەسەرچووە).
لەو کاتەدا سینگی بە تەواوی لە بەردەممدا کرابۆوە، ویستم ڕووم لادەم بەبێ ئەوەی هیچ نیشانەیەکی بێزاری دەرببڕم، دەستی ڕاستی گرتم و خستیە سەر ڕوومەتە لۆچاوییەکەم و وایلێکردم دەستم بکەوێتە سەر هەر لۆچێکی هەیەتی، دەمتوانی هەست بە هەر خەتێکی دەموچاوی بکەم، ئەو خەتە وردانەی کە لە هەردوولا و لە کەلێنی نێوچەوانی بەدیدەکران، لە کاتێکدا بە میهرەبانییەوە دەستمی بەسەر هەموو پانتایی دەموچاویدا دەهێنا، و لەکاتێکدا دەستمی دەجوولاند، بەمیهرەبانییەوە دەستی بە قسەکردن کرد (ئەمە لە ئاکامی ئەو فرمێسکانەی لە کاتی منداڵبووندا ڕشتوومە، ئای خوایە! منداڵبوون چەند بە ئازارە! بە تەواوی ئازاری دەچەشت، وەک بروسکە کە دار دەکاتە دووبەش، هەستێکی وای پێدام وەک ئەوەی بمەوێ گۆرانی بڵێم و هاوار بکەم لە هەمان کاتدا و ئێرە بە تەواوی ئەو هێڵەیە کە کاتێ دەستی بە قسەکردن کرد، دروست دەبوو، چەند پێدەکەنیم و لە نێو پێکەنیندا ون دەبووم! ئەم لۆچەی ئەوێ، بەڵێ ئەوێ، هەست بە ڕادەی قووڵی دەکەیت! دەموچاومی کەرت کرد کاتێ کێڵگەی جێهێشت و تا بچێتە پاڵ بزووتنەوەی خەبات، ئای خوایە! چەند شپرزە بووم، ئاە،ئەم لۆچە بچووکەی ئێرە، لە ئاکامی ئەو زەردەخەنانە دروست بووە، کە هەر کاتێ بیرەوەری سەرکەوتنەکانی دەهاتنەوە بیرم، و ئەم لۆچە، بەڵێ، هێشتا ئازارم پێدەگەیەنێ، بە توندی

پاڵەپەستۆی مەخە سەر، ئەو کاتە بوو کە خستیانە بەندیخانە، لێیان دەدا، چونکە هەوڵی دا گەنجەکانی تر کە لە پێناو سەربەستیماندا خەباتیان دەکرد، بپارێزێ، لەوکاتەدا بیری دوور ڕۆیشت تا وا هاتە بەرچاوم کە خەریکە بگرێ، بەڵام تەنیا سەری باداو، دواتر بە میهرەبانییەوە دەستمی بەسەر پێستە ئەستوورەکەیدا جوولاند بۆ ئەوەی هەست بە مەمکەکانی بکەم، (لێرەوە پیاوەکەت هێزی وەرگرتووە لێرەوە توانای خۆشویستنی بەدەستخستووە، لێرەوە هەوڵی دەدا کراسەکەم بکاتەوە بۆ داواکردنی شیر، شەش منداڵم بەخێو کردووە، ئای خودایە! شەش منداڵی بەهێزی توندوتۆڵ! بە میهرەبانییەوە دەستی بە مەمکەکانی خشاند)).
هەناسەیەکی ئاسوودەییم هەڵکێشا، کاتێ دەستمی بەرداو خەریک بوو خۆی دابپۆشێت.



(ئێوە تەماشای ئێمەی پیر دەکەن، و ئێمەش خۆمان لە بنی پێمان تا سەرمان دادەپۆشین، تەماشای جل و بەرگە درێژەکەمان دەکەن، و لەو باوەڕەدان کە بەو قەشە ژنانە دەچین کە دەترسن جەستەی خۆیان دەربخەن، چونکە ئەوە بە گوناه دەزانن، بەڵام ئەمە ڕاستەقینە نییە، چونکە بە تەواوی لە سروشت تێدەگەین، لەگەڵیدا زۆر ژیاوین، لە قوڵاییەکانیدا ژیاوین، ئەویش بە تەواوی وەکو ئێمە ژنە، جوانیم ئێستا لێرەدا بەدیدەکرێت، ئەمەی گوت و ئاماژەی بە لۆچ و مەمکەکانی دەدا: ((ئێرە نیشانەکانی منداڵبوون و ئێرەش نیشانەکانی ژیانە، ڕووخسارم هەروەک ئێستا دیارە بریتییە لە نەخشەی خۆشی و ناخۆشیەکانم بە تەواوی گەنجینەی بەنرخی منە وەکو ناوقەدە باریک و مەمکە تێکسمڕاو و پتەوەکانت، ئەمە نیشانەی

بەڵگەی ئەو خۆشەویستییەیە کە بە خێزانەکەمم بەخشیوە، هیچ یەک لەو نیشانانە پەیوەست نین بە خۆمەوە، بەڵکو پەیوەستن بە باڤانا، تاییوا، تشیو، فارای، تایونا، زیبانیا، ئەمە جەستەی خۆشەویستییە، لەوانەیە تۆ وەک جەستەیەکی کۆنی شۆڕبۆوەی بێ ژیان سەیری بکەیت، بەڵام ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆت دەردەکەوێت کە هەر وەرزێک جوانی خۆی هەیە، بەرگی ڕقی لولی بەری گوێزی هیندییە کە شیلە شیرینەکەی ناوی دەپارێزێ، جەستەی گەنج هەست بە زەمەنەکەی دەکات، بۆیە دەبێ تا دوا چرکەی تێیدا بژێت،بەتەواوی وەک جەستەی دروێنە کە زەمەن و کاتەکەی دیاریکراوە، ئەمە جەستەی منە، ئەو جەستەیەی کە پێگەیشتووە و بەرهەمی هەبووە و خەریکە پارچەکانی خۆی کۆدەکاتەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان جەستەی زەوی، کە جەستەی کۆتایی و هەمیشەییە، کە شێوە یا کۆتایی نییە، ئەو جەستەیەیە کە هەمووومان دەگەڕێینەوە باوەشی، هاتم تا ئەمشەو بتبینم، کچەکەم، تا ئەو وشانەت پێ بڵێم کە پێشتر دایکی مێردەکەم بە درێژایی ئەو ساڵانەی بەسەر شەوی بوکێنیمدا تێپەڕیووە، پێی گوتوم، تا دانایی پێشینانمان بمێنێتەوە و لەگەڵ هەر قنچکێکی نوێ ببوژێتەوە، تا ڕەگ و ڕیشەمان بە بەرزی و چەسپاوی لە نێو زەویدا  بە بێ ئەوەی بمرێ بمینێتەوە. بە هۆی ناوهێنانی مردنەوە دەستی  بە خوێندنەوەی هەندێ دوعا  کرد و بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، لە کاتی لەبەرکردنی جلەکانی، بە دەنگێکی زیاتر خۆشییەوە چرپاندی، پێیگوتم و منیش وەک مشک دەلەرزیم.

((بە تەواوی وەک تۆ، جەستەی ژن شوێنی مانگ دەکەوێت، وەکو جەستەی پیاو چەسپاو و توند نییە، بەختەوەری و غەمبارییەکەی  زۆر شێوە وەردەگرێت، لە هەموو ڕۆژێکدا لەوانەیە بریسکەی ڕووناکییەکەی و قووڵایی تاریکاییە تەمومژاوییەکەی دووچاری گۆڕان بێت، ژن لە زەوی نزیکە و لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاسمانیش نزیکە، وەکو دروێنە گەشە دەکات و وەکو میوەش پێدەگات، کاتێ کوڕەکەم _دوای لەدایکبوونی چەندین منداڵ_ تەماشات دەکات و بەدوای جوانی گەنجی، لە جەستەی دروێنە دەگەڕێت، ئەمە جەستەی ساڵانی کۆتاییتە، سەیری سروشت بکە، چۆن هەر وەرزە بەرگێک دەپۆشێت، لە بەهاردا خۆی بە گوڵ و گوڵزار و چڕۆ پەمەییەکان،  بە بەروبومی میوەی مانگۆ و خۆخ و لیمۆ دەڕازێنێتەوە، لەگەڵ هاتنی سەرما بەرگە قاوەیی و زێڕینییە تاریکەکەی لەبەر دەکات، لە کاتی هاتنە خوارەوەی باراندا دەگۆڕێت بۆ ڕەنگی خۆڵەمێشی و شینێکی شپرزە، پێویستە ژن هەمیشە شانازی بە خۆی بکات و گرنگی بە خۆی بدات، ئەمە ئەوم بنەمایانەیە کە پێویستە بە درێژایی ژیان پەیڕەوییان بکەین، تەنانەت ئێمەی پیریش))، لەو کاتەدا دەنگی بەرزتر بۆوە و بە گۆچانەکەی لە زەوی دەداو بە دەنگێکی بەرز حەسرەتی دەکێشا:

((ئێوارەت شاد، ئەزیزەکەم، کوڕەکەم بەختەوەر دەکەیت، دەزانم دەبیتە مایەی شانازی هەموومان)).

بەم وشانە دەرگاکەی کردەوە، مۆمەکەی برد و منی لە نێو تاریکاییدا جێهێشت، بە واقوڕماوی و بە بێ جوولە مامەوە، بە جوانیی وشەکانی سەرسام بووم و لە واتاکانی ترس دایگرتم، هەستم بە جۆرێک لە شانازی دەکرد، بەرامبەر ئەو گەرموگوڕییەی کە ئاستەنگەکانی تێپەڕاند، ئەو ئاستەنگانەی شکۆمەندی و لێهاتوویی و داب و نەریت بنیاتیان نابوو، جەستەی خۆی نیشاندام وەک ئەوەی ئەنتیکەیەکی بەرزی دەروونی مرۆڤایەتی بێت و بەڵگەیەک بێت بۆ وەستانی لەبەردەم بێ بەزەیی ژیاندا، لەوکاتەدا چەند خۆزگەی ئەوەم دەخواست کە جەستەم بە بڵندی بوەستێت، گەر شۆڕبوونەوەو پیری بۆ نووسرا، کە ئەمە کارێکە هەڵاتنی بۆ نییە__بە شانازییەوە لەبەردەم ساڵەکاندا بێت بە مەبەستی بەرجەستەکردنی سەرکەوتنەکانی ڕۆح، چەند ئاواتەخوازی ئەوەم کاتێ ساڵەکان قورسم دەکەن و دەمچەمێننەوە، دەست بە لۆچەکانی دەموچاووجەستەمدا بهێنم و بە شانازییەوە دەست لە جەستە شۆڕبۆوەکەم بدەم وەک ئەوەی کراسی شکۆی ژیانێکی پڕ لە بەخشش بێت.

(دجیە نوزیبو ماریری)

زینزیل

یەکەم پێداویستی خەسڵەتی مرۆیی ئەوەیە کە جەستەت هەبێت، بۆ ئەوەی لە نێو فراوانی ژیاندا مەلە بکەیت، هەندێک ژیانی هەمووی خۆزگەی ئەوە دەخوازێ لە جەستەیەکی جیاوازبووایە، هەندێکی تر بە تەواوی جەستەی فەرامۆش دەکات و وا خۆی نیشان دەدات کە بوونی نییە، یا گوێیەکانی بەرانبەر بە پێداویستیەکانی ئەم جەستەیە و پێویستییەکانی کەڕ دەکات، هەندێکی تریش لەوانەیە بە شێوەیەکی خراپ مامەڵە لەگەڵ جەستەیدا بکات و بیقۆزێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک هەر بە ڕێز و شانازییەوە چاودێری جەستەیان دەکەن، جگە بە چاوپۆشین لەوەی کە تۆ پەیوەستی بە کام بەشییانەوە، گەورەترین دیاری کە پێشکەشی بکەیت ئەوەیە بەشێکی ئەم جەستەیەت ببەخشیتە ئەوانی دی، (برنارد لیرنوت) چیرۆکێک دەگێڕێتەوە پەردە لەسەر مانای ئەمە لادەدات.

## مەزنترین دیاری
## بەلجیکا

هەوڵی هەموو ئەو چاکەیە بدە کە دەتوانی هەوڵی بۆ بدەیت، بە هەر ڕێگایەک کە هەتە، لە هەموو ئەو شوێنانەی کە پێیان دەگەیت، لە هەموو ئەو کاتانەی شیاون، بۆ زۆرترین ژمارەی خەڵک، بۆ درێژترین ماوەی شیاو. (جون ویسلی)

لە بەهاری ساڵی ١٩٩٢دا، ترسناکیەکی دژوارمان ڕووبەڕووبۆوە، کاتێ (لیزا) کچی گەورەمان، تازە پێی نابووە (١٨) ساڵی، واتە بە فەرمی ببووە ئافرەت و یەکەم هەنگاوی بەرەو بەهاری تەمەنیدا دەنا، کاتێ پزیشکەکان پێیان ڕاگەیاندین کە نەخۆشی شێرپەنجەی خوێن دووبارە هێرشی کردۆتەوە سەری، ئەم هەواڵە دیاری بۆنەی لە دایکبوونێکی نموونەیی نەبوو، لەو باوەڕەدابووم کە بەسەر نەخۆشیەکەدا زاڵ بووبین، بەڵام نەخۆشییەکە دووبارە هێرشێکی دڕندانەی کردووە و ڕووخسارە ناشیرینەکەی خۆیمانی لە نێو ئاهەنگ گێڕانمان بە بەهاری تەمەنی بۆ دەرخست، هەردەم ئەم پرسیارەم دەگوتەوە : بۆ ئێستا؟ بۆ (لیزا)؟ بۆ خێزانەکەم؟ پزیشکەکان پێمانیان ڕاگەیاند کە دەبێ نەشتەرگەرییەکی چاندنی مۆخی ئێسقانی بۆ ئەنجام بدەین، ئەم نەشتەرگەرییە بۆ ئێمە ئازارێکی پڕ ئێش و سەخت بوو، بۆ هەردوو کەسی نەخۆش و کەسی بەخشندە، پرسیارەکان یەک بەدوای یەک لە مێشکمدا دەسوڕانەوە، چۆن دەتوانین بەخشندەیەک بدۆزینەوە؟ ئایا (لیزا) بەرگەی ئەم کۆستە و ئەم هەموو ئازارە دەگرێت؟ خەرجیی ئەم نەشتەرگەرییە چەند دەبێت؟ دەتوانین بەرگەی خەرجییەکانی بگرین؟ ئایا ئەوەندە پارەمان بۆ دەمێنێتەوە تا پێداویستیەکانی پێنج منداڵەکەی ترمان دابین بکەین؟ پرسیارەکان بە بەردەوامی لە مێشکی من و هاوسەرەکەمدا لە ململانێدا بوون، پرسیارەکان بە

بێ وەڵامی ئامادە و یەکسەرن، ئەمەش خودی ئازار خۆیەتی، ئەمە ئەم پرسیارانە بوون کە خەوییان لە چاوەکانماندا ون کردبوو، وام لێهات دەمپرسی دەتوانم چی بکەم تا ئەم تراژیدیایە بگۆڕم بۆ خۆشی.



لە یەکێ لە ئێوارەکاندا لە کاتێکدا خەریکی خوێندنەوە بووم، کچە بچووکەکەم (ئیفا) هات و سەری لە دەرگاکە هێنایە ژوورەوە

-بابە، دەتوانم هەندێک لەگەڵتدا بدوێم؟

-بێگومان، ئیفا چی بووە؟

-دەمپرسی _ واتە من بچووکم و تەندرووستییەکی باشم هەیە، لەوانەیە مۆخی ئێسکی من لەگەڵ مۆخی (لیزا) بگونجێ؟

-باوەڕم بە گوێیەکانی خۆم نەکرد (خۆت بۆ ئەم نەشتەرگەرییە ئازاردەرە دەبەخشیت تا ژیانی خوشکت ڕزگار بکەیت؟)

-نازانم، ئەگەر مۆخی من لەگەڵ مۆخی ئەو بگونجێت، بەڵام ئەوەی لەسەرمە ئامادەبم بۆ هەر کارێک یا شتێک بۆ یارمەتیدانی (لیزا).

-بۆ چەند ساتێک لە (ئیفا) وردبوومەوە، لە کۆتاییدا گوتم: لێگەڕێ بەیانی لەگەڵ پزیشکەکەدا بدوێم، هەندێک پشکنینت بۆ ئەنجام دەدا تا لە ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە بکۆڵێتەوە، ئەمە خستنەڕوویەکی بەخشندە و ئازایەتییە لە تۆ (ئیفا) سوپاست دەکەم، کاتێ دانیشت، هەستم

کرد یەزدان بەمە خۆشییەکی مەزنی پێ بەخشیوم، خۆشی ئەو منداڵانەی کە توانای چوونە نێو ئێش و ئازارییان هەیە بۆ ڕزگارکردنی خوشک و براکانیان.

بۆ ڕۆژی دواتر (ئیفا) هەندێ لە پشکنینەکانی ئەنجامدا، پزیشکەکان گەیشتنە ئەوەی کە مۆخی بە تەواوی لەگەڵ مۆخی خوشکە گەورەکەیدا گونجاوە، ئەمەش دیاری دووەم بوو، دواتر دەستمان کرد بە ئامادەبوون بۆ نەشتەرگەرییە دڕندەکە، ئامادەبوونەکان زۆرو چڕ بوون، وایلێهات ڕۆژانە ژیانمان پڕبوو لە ئامادەبوونی جەستەیی و سۆزیی و هزریی، ئەوەمان لە بەر چاومان دانابوو، کە ئەگەری بەدیهێنانی پەرجوویەک هەیە.

لە ڕۆژی پێش ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە، هەموومان لە دەرەوەی ژووری تیشک وەستابووین بە هۆی بڵندگۆوە لەگەڵ (لیزا) دەدواین، لە کاتێکدا خەریک بوو تیشکێکی تەواوی بۆ دەگیرا، هەستم بە خەمێک لە گەرووم و ئازارێک لە سکم و سوتانەوەیەک لە چاوم و سەرسوڕانێک دەکرد، وەک ئەوەی کە باوەڕ بەو هەموو شتە نەکەم کەبەسەر خێزانەکەمدا دێت، دواتر هەر ئەو ڕۆژە دیاریکراوە هات، ئەوە ژووری چارەسەری تایبەتییە، کە ناتوانین بچینە ژوورەوە تەنیا یەک یەک نەبێت، و دەبێت جلێکی پزیشکی خاوێن لەبەر بکەین.

دانیشتم و خەریک بووم چاودێری ئەو هەموو خانە زیندووانەم دەکرد، کە لە ئێسکی سەرووی ڕانی (ئیفا) دەرهێنرابوون و بە نێو ئەو بۆڕییە پلاستیکییە تەسکەی بە زمانەی خوێن هێنەری بەستراو بە شانی (لیزا) دەڕۆیشت، دەنگی پزیشکەکە بێدەنگییە کوشندەکەی شکاندو وتی: ئەم کارە سەد ڕۆژی پێدەچێت، سەد ڕۆژی تەواو، تا بڕیاری ئەوە بدەین کە نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو بووە، چوار مانگی تەواو پێش ئەوەی پاڵکەوین، پێش ئەوەی هەناسەیەکی ئاسوودە بدەین، پێش ئەوەی هێمن بین و ئارام بگرین، ئەمە تەنیا هەنگاوێکی تر بوو لە ڕێگایەکی درێژی لەسەرخۆ بۆ تاقیکردنەوەی ڕادەی پتەویی باوەڕ و هیوا و خۆشەویستیمان.

لە یەکێ لە ڕۆژەکانی هاویندا، زەنگی تەلەفۆنەکە لێیدا، پزیشکەکە بوو دەیویست هەواڵمان پێ بگەیەنێ، لە کاتێکدا من هەناسەم ڕاگرتبوو و هەوڵمدەدا جڵەوی خۆم بگرم، وشەکانی لە ڕێگەی تەلەفۆنەکەوە ئەوەی گەیاند (سەد ڕۆژ تێپەڕی، نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو بوو، یەزدان وەڵامی دوعاکەمانی داوەتەوە).

دەسکی تەلەفۆنەکەم لێ بەربۆوە و هەموو خێزانەکەم ڕایان کرد تا بزانن چی بووە، نەمتوانی بدوێم، هاوسەرەکەم دەسکەکەی برد و پزیشکەکە پەیامەکەی بۆ دووبارە کردبۆوە، ئەویش بە مندالّەکانی ڕاگەیاند کە (لیزا) دەژیێت، باوەشمان بە یەکدا کرد و لە هەموو لایەکەوە پیرۆزبایی و ماچمان لەگەڵ یەکدا ئالّوگۆڕ کرد.

لە کاتی دانیشتنمان لە باخچەی مالّەوە بۆ ئاهەنگ گێڕان بەم پەرجووە، سێبەری بالّندەیەکی گەورە دەسوڕایەوە، کە سێبەری بازێک بوو لەسەر سەرمان دەفڕی، ئەم دیمەنە بە دەگمەن لە (بەلجیکا) ڕوویدەدا، ئەم بازە ڕەمزی ئازادبوون بوو لە ترس و لە ناخۆشترین تاقیکردنەوەی کە دەشێ مرۆڤ لە ژیانیدا دووچاری ببێت، غەممان نەما، یەزدان ئاوڕی لێمان دایەوە و (ئیفا) گەورەترین دیاری بە خوشکەکەی بەخشی.

(برنارد لیرنوت)

هەندێک جەستەیەکیان پێ دەبەخشرێت کە لەڕاستیدا نیعمەتێکە و هەندێکیش جەستەکەیان دەبێتە بەڵایەک بۆیان. یەزدان جوانییەکی لە ڕادەبەدەر دەبەخشێتە هەندێک و هەندێکیش بەدەرن لە هەرچی جوانییەک هەیە، و بەردەوام لەنێو ئێش و ئازار دان یان هەندێ گرفتی جەستەیی ترسناکیان هەیە. بەچاو پۆشین لە جوانی و توانست و ئەو سەختیانەی جەستەت پێیان دەتلێتەوە، هەندێک وانەت پێشکەش دەکەین کە شتی زۆر دیاریکراومان فێردەکەن، بەوەی کە هەر جەستەیەک تەنیا دیارییەک نییە بۆ بەکارهێنان و گەشەی خودی، بەڵکو دەتوانرێ بۆ هاوکاریکردنی ئەوانی دیکەدا بەکاربهێنرێت، (کیپ فیلشمان) ئەم چیرۆکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، تێیدا تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی کاریگەری ئەزموونی کەسێک لە سەر هەموو کۆمەڵگاکە.

## ماهابا
## ئەسیوبیا

### هەرچییەک بیت، کەسێکی چاک بە. (ئیبراهام لینکۆلن)

(ماهابا) کچێکی تەمەن (٨) ساڵی خەڵکی (جوندار) بوو، هەتیوو بوو، بە هۆی سوتانی لە ژێر دووبارە ئامادەکردندا بوو، ئەمانە ئەو وشانە بوون کە لە ناسنامە پزیشکییەکەی نوسرا بوون و ژیاننامەکەی بریتی بوو لەوەی هێنرابووە نەخۆشخانەی تایبەت بە چارەسەرکردنی نەخۆشی (گەڕیی)

لەوانەیە خستنەڕووی ئەم پوختەیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو نائومێدییەی کە پزیشکەکان لەبەرامبەریدا هەستیان پێ دەکرد، تیمی پزیشکی لە (جوندار) ژیانیان ڕزگارکردبوو، بەڵام ژیان بۆ منداڵێکی بێ خێزان چ مانایەکی هەیە؟

(ماهابا) بەخواری دەڕۆیشت، دووچاری چەمانەوەی ڕان و چۆکی ببوو، بەهۆی ئەو سووتانەی کە پشتی گرتبۆوە، چونکە پێستەی ژێر باڵی نەمابوو، دەستەکانی بە تەواوی بە تەنیشتەکانییەوە نووسابوون، مل و دەم و چاویشی سوتابوون ، ئەمەش ببووە مایەی ئەوەی چەناگە و بەشێک لە لێوی خوارەوەی بەرە و لای سینگی بکشێ، بۆیە بەدرێژایی کات دەمی کراوە بوو، ببووە سەرچاوەی دەنگ لێهاتنێکی بەردەوام.

بۆ ئەوەی خواردن قووت بدات، دەبوو سەری بێنێتە خوارەوە بە ئاڕاستەی شەویلاگی خوارەوەی کە لە جووڵە وەستابوو، گوێیەکانی نەبوون، پێڵوی چاوە ڕاکێشراوەکانی وایان لەچاوەکانی کردبوو بەردەوام بە شەو و بە ڕۆژ کراوە و دەرپەڕیووبن ، لە کاتی بە ئاگاهاتنی چاوەکانی بەرەو سەرەوە دەسوڕاند و بیلبیلەی چاوەکانی ون دەکرد تا گلێنەی تەڕ بکات، بەڵام لەشەودا

و لەکاتی نوستندا ئەم ئەرکە لە ئەستۆی پەرستارەکاندا بوو، کە بۆ ئەم مەبەستە هەموو سەرە سەعاتێک فرمێسکی دروستکراویان بۆ تەڕبوونی چاوەکانی بەکاریان دەهێنا.



هەرچەندە ڕووخساری بەدەر بوو لە هەر جۆرە دەربڕینێک، جەستەی لە بری ڕووخساری دەدوا، توانیبووی پارێزگاری لە توانا و پێویستی دەورەدان بدات.

تەنیا (٨) ساڵی بوو، کاتێ منداڵێکی بریندار دەربەدەر لە هەشت ساڵیدا دەبێت، ئەوا گەورەترین چارەسەری لەنێو هەموو داو و دەرمانەکاندا لە باوەش کردنە، لەکاتی خەریکبوونی پزیشک و پەرستارەکان بە جێبەجێکردنی هەندێ کاری نووسین لە نێو ژوورەکەدا، ئەو بەجەستە بچووکە لاوازە گەرمەکەی خۆی دەخزاندە ژێر هەر باڵێکی کراوە و خۆی لە هەر سینگێکی فراوان گلۆڵە دەکرد.

لە دەروونی خۆیدا هێمن و هەناسە سارد، کاتێ یەکێک کەمی دەستی بەسەریدا هێنا با هەناسەی دەدایەوە، دواتر لەم لا و لەو لا دەسوڕایەوە بۆ یارمەتیدانی ئەو نەخۆشانەی کە لەو کەم جوولەترن .

)ماهابا) هاتە ئەم نەخۆشخانەیە، چونکە بۆ جوانکاری و بایەخ پێدانی درێژخایەن ئامادەکرابوو، نەخۆشخانەکە ببووە ماڵی (ماهابا) و تیمی پزیشک و کارمەندەکان هەموویان ببوونە خێزانی .

(ماهابا) پەیتا پەیتا نەشتەرگەری چەند جارەی بۆ ئەنجام درا، تا پینەی پانتاییەک لەو

چەوری و ماسولکانە بکرێت، بە هۆی بەکارهێنانی پێستە تەندروستەکەی بۆ چاککردنی مل و جومگەکانی، هەروەها پینەی بەشێکی زۆری لێو و پێڵوی خوارەوە و سەرەوەی چاوەکانیان بۆ کرد، تا توانای ئەوەی پێ بەخشی چەناگەی بەرزبکاتەوە و دەمی دابخات و لە کاتی نووستندا چاوەکانی دابخات، لە کاتێکدا ( ماهابا) گەورە دەبوو هەر ماوە ناماوەیەک پێویستی بە دووبارە ئاراستەکردنی نەشتەرگەرییەکان بوو، بە شێوەیەک کە لەگەڵ گەشەی جەستەیدا بگونجێت، ( ماهابا) کاتەکانی بە کارو فێربوونی چنین و نەخش و چاودێریکردنی نەخۆشەکان دابەشکردبوو، بەم شێوەیە دەروونە باشە بەخشندەکەی بەسەر تێکچوونی جەستەیدا زاڵ بوو، کە وای لێمان دەکرد جگە لەم لایەنە جوانە شتێکی ترمان نەدەبینی.

لەم کاتەدا (جاک سمیپ) کە پێیان دەگوت کاک (جاک) لە ناوەڕاستی شارەکە ماڵێکی فراوانی هەبوو تا منداڵە سەرگەردانەکانی سەر شەقامی تێدا بژییێت، ئەم منداڵانە کە تەمەنیان لە نێوان (٥-١٨) ساڵان دابوون _یا هەتیوو یا فڕێدراو بوون، کە لە بنچینەوە بە هۆی برسێتی لە باکوردا و لە شەقامەکانی (ئەدیس ئەبابا) بە شێوەیەک کاری سەیر و هەمەجۆرییان دەکرد: وەک شوشتنی ئۆتومبێل و جیاکردنەوەی زبڵ و خاشاک، هەڵگرتنی قورسایی و سواڵکردن و دزیکردن و هێرشکردنە سەر هاتووچۆکەران، لە پێناو مانەوە هەموو شتێکیان دەکرد.

هەموو رۆژێ مەنجەڵێک سووتەمەنییان لە یەکێ لە ئۆتومبێلە وەستاوەکان دەدزی، هەرچەندە (ئەدیس ئەبابا) کەوتبووە سەر بەرزایی (٧٥٠٠) پێ، و هەرچەندە پێگەکەی لە نزیک هێڵی بەرابەریی بوو، کەچی بە شەوان شەقامەکان زۆر سارد بوون ، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەگەر شوێنی خەوتنت قەنەفەیەک بووایە لە باخچەیەکی کراوەدا، یا دوکانێکی نێو وەستانی ئۆتومبێل، یا هەر کونجێکی ڕێڕەوێک، ئەوا ئاسانتر خەوت لێ دەکەوت، دوای ئەوەی بە وەرگرتنی بۆنی سوتەمەنیەکە خۆتت سڕ دەکرد. کاتێ کاک ( جاک) پرسیاری باری یەکێ لەو سەرگەردانانەی کرد، کوڕەکە وەڵامی دایەوە: یەزدان هەموو شتێکی بە پێی خۆی دروست کردووە و خستوویەتیە بەر چاوی، کاتێ مرۆڤی خوڵقاند، بۆ هەر یەکێکیان کارێکی دروست کردووە تا ئەنجامی بدەن، هەیانە کاری سەربازێتی و هەیە پاشایە، هەیە لە جووتیاری و چاندنی زەوی و زار کار دەکات، هەیە بەروبومی کشتوکاڵی دەفرۆشێت، زۆریش هەن کە ئەم بەروبومانە دوای پێگەیشتنیان دەخۆن، بەڵام من هیچ کارێک لەو کارانە ناکەم، هەروەها پاشاش نیم تا ئەم خواردنانە بخۆم، کارو چارەنووسی تاقانەم بریتییە لە ئێش و ئازار، هەروەها لەبەر ئەوەی کاک (جاک) کەسێکی دڵڕەق یا گوێنەدەری بەو ڕادەیە نەبوو کە بتوانێ ئەم ئێش و ئازارە فەرامۆش بکات، بڕیاریدا بەرامبەر بەمە شتێک بکات، هەموو هەوڵەکانی لە بواری ڕاڤەکردن و ڕەزامەندیکردن و ڕابەرایەتی کردن خستە گەڕ ، تەنانەت تکاکردنیش بۆ دانانی ڕێکخراوێک لەو پیاوانەی کە یەکیان گرتبوو بۆ هاریکاریکردنی دۆزەکەی بۆ بەگەڕخستنی ئەم کاری فریاکەوتنە. ڕێکخراوەکەی بەناوی (هیوای نەوجەوانان) ناونا و سەنتەرەکە توانی ئەم نەوجەوانانە بخاتە قوتابخانە تا لەنێو کۆمەڵگادا بژیین و فێری کارامەیی بازرگانی ببن و

بیانگۆڕێت بۆ هاوڵاتی بەرهەمهێنەر، ئەم نەوجەوانانە دوای ئەزموونیان لەم سەنتەرەدا ببوونە هاوڵاتی چاک، نەک مشەخۆر بن و لە پەراوێزی کۆمەڵگادا بژیێن.

ڕێژەی نەشتەرگەرییەکانی (ماهابا) وردە وردە کەم بۆوە، تا گەیشتە ئەوەی تەنیا ساڵانە پێویستی بە دوو نەشتەرگەری سادە بوو بۆ تەواو کردنی هەندێ لایەنی جوانکاری کۆتایی ، بۆیە مانەوەی لە نەخۆشخانە وەک بنکەیەکی هەمیشەیی بۆی بووە کارێکی ناپەسەند، بەڵام ئەلتەرناتیف چییە؟

هەلی شوکردن بە کەسێک بایەخی پێبدا و خۆشی بوێت کارێکی ئەستەم بوو، بەڵام هەلی دۆزینەوەی شوێنێکی کارکردن وەک خزمەتکارێکی ڕیسوا چەشنی مشک لە تواناادا بوو , بەڵام هەرگیز نەماندەویست ئەو بەرەو ئەم کارە بەرین.

)ماهابا) بە ئێش و ئازار ڕاهاتبوو، دوای ئەوەی ئێش و ئازارەکانی سووک بوو، فێری ئەوە بوو چۆن ئێش و ئازاری ئەوانی دیکە سوک بکات.

(ماهابا) چووە سەنتەری چاودێری بێ سەرپەرشتان، بەمەبەستی کارکردن چووە خانەی (هیوای نەوجەوانان) لەوێدا ڕێڕەوی ژیانی گەلێک لەو منداڵە بچووکانەی گۆڕی، بە لە خۆگرتنیان و بەناز ڕاگرتن و لەباوەش گرتن و ماچ کردنیان، ئەم کچە کە نەیتوانیوە و ناتوانێ ببێتە دایک، بۆتە دایکی سەدان منداڵی بچووک، لەوێدا لەم خانەیەدا بۆتە ژنێکی جوان، چونکە توانی وێنەی دایک بە نیسبەت هەموو منداڵان بنوێنێ، وێنەی ئەو دایکانەی کە ناتوانرێت ناشرینی تێدا بەدی بکرێت.

(کیپ فیلشمان —پزیشک)

# له ژماره‌کانی داهاتوو:

* (گره‌وی به‌ختی هه‌ڵاڵه)ی عه‌تا نه‌هایی، مرۆڤی کۆمه‌ڵگه – روانینێک بۆ شۆڕشی کورد.

* چه‌ند هه‌نگاوێک بۆ کتێبی (به ده‌م ڕێگاوه گوڵچین)ی نه‌وشیروان مسته‌فا.

* له وڵاتی مامه سامیشدا..!

* زیندانه‌که سه‌رنجی ڕاکێشام؛ بنیامین لێبێرت. گوتوبێژی وه‌رگێڕدراو.

*کۆمه‌ڵگای مه‌ده‌نی له جیهانی سه‌رمایه‌داریدا.

*مانا نه‌یه‌ستانی، کارتۆنیست و کاریکاتێریست.

*به‌رده‌وامی ته‌وه‌ری تایبه‌ت به وه‌رگێڕان.

# 23

An Independent literary, Intellectual and critical magazine

Number: 9
Summer 2012

Concessionaire: Sirwan Abdulkarim
Editor-in Chief: Goran Rasool
Editor: Dana Ahmad

Designed By: Hemin Xdr
hemn89@gmail.com

Contact:
Mob: 009647504524443
Email: govar23@yahoo.com

Erbil – Kurdistan Region – Iraq
2012